# گوڵان

ڕۆژنامەی ئەمڕۆ و سبەی

ســـاڵی سیـیـــەم (١٣٨٣)- (٢)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٣

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

# لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا، بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بوێرانەترین و ڕەواترین پرۆسەیە

"حزبەکان نەیانتوانی وەك ڕووداوێکی گەورەی جیهانی مامەڵە لەگەڵ ڕیفراندۆم بکەن

"ڕیفراندۆم سایکۆلۆژیەتی شانازیی بۆ تەواوی گەلی کوردستان دروست کرد

"کوردستان نیشتمانمانە، بۆیە وەك گەلی کلدانی و سریانی و ئاشووری بەشداریمان لە ڕیفراندۆم کرد






# هاتنی کۆڵن پاوڵ بۆ هەڵەبجە

٨٤

ڕۆژی ١٥ی ئەیلوولی ٢٠٠٣ کۆڵن پاوڵ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، سەردانی هەڵەبجەی کرد. سەردانەکە مانا و ڕەهەندێکی گەورەی هەبوو، داوای کرد منیش سەردانی هەڵەبجە بکەم، بۆ ئەم مەبەستە پاتریۆس، هەلیکۆپتەرێکی ئامادە کرد و بە هەلیکۆپتەر سەردانی هەڵەبجەمان کرد و لە سەردانەکەدا سامی عەبدولڕەحمان و مەسرور بارزانی و فەلاح مستەفا یاوەرم بوون، مام جەلالیش بە سەیارە لە سلێمانییەوە هاتبوو. هەموومان پێکەوە سەردانی گۆڕستانی شەهیدانی هەڵەبجەمان کرد و دواتر سەردانی مۆنۆمێنتی شەهیدانمان کرد، هەستم کرد ڕووداوی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کاریگەرییەکی گەورەی لە پاوڵ کردبوو، لە وتەیەکدا دووپاتی کردەوە کە ڕێگە بە دووبارەبوونەوەی ڕووداوێکی لەم شێوەیە نادەن. بۆ نانی نیوەڕۆ لە هەڵەبجە میوان بوون، مام جەلالیش برادەرانی ڕاسپاردبوو خواردنێکی باش و ڕێکی بۆ ئامادە بکەن، برادەرانیش پاچەیان بۆ ئامادە کردبوو، لە کاتی خواردندا پاوڵ هەر سەیری خواردنەکەی دەکرد، نەیزانی چییە و چۆن دەخورێت. وابزانم فەقیرە هیچی پێ نەخورا. دوای ڕێوڕەسمەکە، مام جەلال حەشری بە ڕێکخەرانی میواندارییەکە کرد لەسەر خواردنەکە. خۆ ئەوانیش لای خۆیان خواردنێکی باشیان ئامادە کردبوو، گوایە کارێکی باشیان کردووە.

# چاپکراوی نوێ







لـەم ژمارەیـەی گۆڤـاری گوڵانـدا، ئامـاژە بـە ناونیشانی دوو کتێب دەکەین، یەکەمیان: (گوتاری سیاسـی.. دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا- شـیکردنەوەی پراگماتیکـی) نووسینی غـازی حەسـەن، دووەمیـان: (گوتـاری فکـری لـە دەقـی پیاوێکـی زمـان شـکاودا) دەقـی سـمکۆ محەمـەد، خوێندنـەوەی غـازی حەسـەن.

لـە کتێبـی یەکەمـدا کـە لـە (٢٣٢) لاپـەڕە پێکهاتـووە، نووسـەر پێناسـەی تیۆر و چەمك و گوتار و جۆرەکانـی گوتـاری سیاسـی و ڕۆڵ و بوونـی زمـان لـەم کایـەدا و ئینجـا دیارکردنـی پێناسـەی پراگماتیـك و کـردە قسـەییەکان و جـۆری گوتـار و بۆچوونەکانی (میشـیل فۆکـۆ)و بـەراورد لەنێـوان تیـۆری (ئۆسـتن) و (سـیزل)ی کـردووە.

هەروەهـا نووسـەر ئامـاژە بـەوە دەکات کـە هـەر لـەم کتێبـەدا دەروازەیەکی گشتی بۆ ناساندن و پیشاندانی ئامانـج و بایەخەکانـی شـیکردنەوەی پراگماتیکیـی گوتـاری سیاسی دەرخستووە، بە کورتیش باسی لە دەرکەوتنـی گوتـاری نەتەوەیـی کـوردی کـردووە، لـەم بەشەدا (نووسـەر دەڵێت):شـیکاری گوتـاری هـەر یەکە لە بەڕێز (مەسعود بارزانی) و خوالێ خۆشبوو (جەلال تاڵەبانـی) لەنێـو کایـەی دەسـەڵات کـراوە، کاریشـی کـردووە بـۆ شـیکاری گوتـاری ئۆپۆزسـیۆن لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی گوتاری (نەوشـێروان مسـتەفا) و (سـەلاحەدین بەهائەدیـن)، هـەر لـەم بەشـەدا بەراوردی نێـوان گوتـاری دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆنیش کـراوە. نووسـەر لـەم کتێبـەدا کـە بریتییـە لـە شـیکردنەوە و لێکۆڵینـەوە بنەمایەکـی هاوبەشـی گوتـاری سیاسـی دارشـتووە، بـۆ ئـەوەی کـەس و لایەنـەکان لـە سـوود و لـە چۆنێتیی بەدیهێنـان و بەکارهێنانـی گوتـار لـە هەرێمـی کوردسـتان بگـەن.

کتێبـی دووەم کـە (١٧٦) لاپـەڕە لەخـۆ دەگرێـت، تایبەتـە بـە خوێندنـەوەی دەقێکـی شیعریی (سـمکۆ محەمـەد) کە لە ١٩ی ئەیلوولی ٢٠٢١ لە ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نوێدا بڵاوکراوەتـەوە و بەپێـی بەدواداچـوون و لێکدانـەوەی غـازی حەسـەن ئـەم دەقـە پێـش ئـەم ڕێککەوتە نووسراوە. ئامانج لـەم لێکۆڵینـەوەی نووسـەر شـیکاری سـیمیۆلۆژیی گوتـارە لـە بـواری واتـا و فکـر، لـە بـواری بەرهەمهێنانـی واتـا فکرییەکانـی نێـو واتـا، هەروەهـا وێنـەی فکـری لەنێـو وێنـە سروشـتی و ئاسـاییەکاندا، ڕێبـازی ئـەم لێکۆڵینـەوە و لایەنـە تیۆرییەکانـی پەیوەندیـی بـە تیـۆری پراگماتیکـەوە هەیـە، کـە لـە ڕاسـتیدا زمانەوانـەکان پراگماتیـك و فەلسـەفەیان بەیەکـەوە بەسـتووەتەوە.

نووسـەر سـەبارەت بـەم لێکۆڵینەوەیە باس لـەوە دەکات کـە بەسـەر دوو بـەش و پێکهاتـە دابەشـکراوە، بەشـی یەکەمـی تایبەتـە بـە لایەنـە تیۆرییـە زمانەوانییـەکان دەربـارەی واتصا و سیمیۆلۆژیا و گوتـار و پرگماتیـك، بەشـی دووەمـی لێکۆڵینەوەکـە بریتییـە لـە لایەنـی پراکتیکـی، یـان شـیکردنەوەی خـودی دەقـە شـیعرییەکە لەسـەر ئـەو بنەمـا تیۆریانـەی لـە بەشـی یەکەمـدا ئامـاژەی پـێ کـردوون و چۆنێتیـی دۆزینـەوەی شـتە پەنهـان و واتـاو ناونیشـانەکان و هەندێك کـردە قسـە لـە چوارچێـوەی بەکارهێنانـی وشـە لەنێـو گوتـاردا.

دانەیـەك لـە هـەر دوو کتێـب گەیشـتووەتە گـوڵان، دەستخۆشـی لـە نووسـەر غـازی حەسـەن دەکەیـن، کـە بـەم دوو کتێبـە توانیویەتـی کەلێنێـك لـە کتێبخانـەی کـوردی بـەم جـۆرە لێکۆڵینەوانـە پـڕ بکاتـەوە.





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***


نیان عەبدوڵڵا:

## سەرکەوتن پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێزە، نەک جەستەیەکی ساغ



شادان عەلی:

## شێوەکاری و شیعرم لە بەرهەمێکدا کۆ کردووەتەوە



کوردستان بەمۆ:

## هاتنم بۆ نێو دنیای وەرزش بە ڕێکەوت بوو







## داوای ئاوڕدانەوەی زیاتر لە دۆخی بەساڵاچووان و پێویستییەکانیان دەکرێت


## کلێری خوری لوبنانی بە جلی کوردی



## چۆن سستمی بەرگریی لەش بەهێز دەکەیت؟



## مرۆڤ و شەترەنجی ژیر





### نۆیەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی



ڕۆژی ١٣ی ئەیلوولی ٢٠٢٣ بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لیژنەی بازنەی گفتوگۆ کە پێکهاتبوون لە « عەبدولڕەزاق عەلی، شڤان حەمەدی، د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد و فەرهاد محەمەد»، بازنەی گفتوگۆ نوێیەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا، وەك ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەکی دیکەی ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ.

لەم کۆبوونەوەیەدا چەندین پرسی گرنگ و تایبەت بە هەرێمی کورستان و عێراق و ناوچەکە خرانە بەر باس و گەنگەشەیان لە بارەوە کرا، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەکە بەرەو نزیکبوونەوە لە ساڵیادی ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ نزیك دەبووەوە، بڕیار درا گفتوگۆی ئەم جارە لەسەر هەڵسەنگاندنی «هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ڕیفراندۆم» ئەنجام بدەین.

لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، ئەم ڕووداوە گەورەیەی ڕیفراندۆم ڕووداوێکی کوردستانییە، بێجگە لە نەتەوەی کورد، نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی دیکەش بەشدارییان تێدا کردووە و بە «بەڵێ» دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە، لەسەر ئاستی سیاسییش بەشی هەرە زۆری لایەنە کوردستانییەکان بەشدارییان لە بڕیاری ڕیفراندۆم کردووە و نوێنەریان لە لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم هەبووە، بۆیە کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە دەبێت گفتوگۆیەکی کوردستانییانە بکەین و نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان و نوێنەری لایەنە سیاسییەکانیش هەم لە گفتوگۆکە ئامادە بن، هەمیش ڕاوبۆچوونیان وەربگیرێت لەو ڕاپۆرتە مەیدانییە کە لیژنەی بازنەی گفتوگۆ ئامادەی دەکات.

لەم کۆبوونەوەیەدا دوو پرسی گرنگ جەختیان لەسەر کرایەوە، کە بریتی بوون لە:

- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و جیهانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی بەردەوام بانگەشە بۆ مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە ڕای خەڵك و هاووڵاتیان دەکەن و، جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێت بە هەر نرخێك بێت، ڕێز لە ئیرادەی هاووڵاتیان بگیرێت و ئەوەی هاووڵاتیان دەیڵێن هەر چییەك بێت، هەر ڕای هاووڵاتیان ڕاستە و هەر ئەوان لەسەر هەقن، بەڵام بۆچی لە بەرانبەر دەنگی ٩٢,٧٪ گەلی کوردستان هەڵوێستیان نەرێنی بوو و ڕێزی ئیرادەی خەڵکی کوردستانیان نەگرت؟
- لە کاتی هەڵمەتەکانی بانگەشەی ڕیفراندۆم، سەرۆك بارزانی بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند، ئەگەر ڕیفراندۆم ئەنجام نەدەین، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت گەرەنتی ئەوەمان بداتێ عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵیی ڕاستەقینە و دەستوورەکەی خۆی جێبەجێ بکات؟ بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم بەدیلەی بەرجەستە نەکرد و گوشاری نەخستە سەر دەوڵەتی عێراق بۆ ئەوەی دەستوور جێبەجێ بکات؟

بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوول بە ئامادەبوونی ئەم بەڕێزانە گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە و جددی بکرێت.

١. د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
٢. پەخشان زەنگەنە سیاسەتمەدار و کادری پێشکەوتووی حزبی شیوعی کوردستان.
٣. ڕۆمیۆ هەکاری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی بیت نەهرێن.
٤. ئاسۆ کەریم نووسەر و ڕووناکبیر.
٥. هەڵکەوت عەبدوڵڵا نووسەر و ڕووناکبیر.
٦. د.ساحب قارەمان مامۆستای زانکۆ.
٧. کەرخی ئاڵتی بەرماخ سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان.
٨. سەڵاح فەیلی پێشمەرگەی دێرین و سیاسەتمەدار.
٩. عەبدولڕەزاق عەلی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
١٠. شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
١١. د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
١٢. د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
١٣. فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.



ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

### کاتێک نەوەکانی داهاتوو هەڵسەنگاندن بۆ ڕیفراندۆم دەکەن

# ئەوەی دەنگی بە «نەخێر» دابێت وەک خائین لە قەڵەم دەدرێت



بۆ نۆهەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ «ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی»، لێژنەی بازنەی تەلەفزیۆنەکانی قەڵات لە هەولێر و هەروەها هەردوو تەلەفزیۆنی «دهۆك و سلێمانی» کە ئۆرگانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانن، ڕاپۆرتێکی مەیدانییان لەگەڵ چەندین کەسایەتیی سیاسەتمەدار و ئەکادیمیست و چاودێری سیاسی ئەنجام دا و، وەك نەریتی هەموو ئەڵقەکانی «بازنەی گفتوگۆ»، ئەم دیدوبۆچوونە جیاوازانە پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکە لەسەر سکرین پیشان دران و، ئامادەبووانی گفتوگۆکە گوێیان لە ڕای بەشداربووانی ڕاپۆرتە مەیدانییە گرت، پاشان گفتوگۆکە دەستی پێ کرد، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە ئەم ڕاپۆرتە دەبێتە ڕایەڵەیەك لە نێوان دیدوبۆچوونی ئامادەبووانی گفتوگۆکە و هەروەها ئەو خەڵکە سیاسی و ئەکادیمییانەی کە لە سەرانسەری کوردستان ڕای خۆیان دەربڕیوە. لە ڕاپۆرتی ئەمجارە بازنەی گفتوگۆ «ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی»، ئەم بەڕێزانە بەم جۆرە دیدو تێڕوانینی خۆیان خستە ڕوو.



## هەندرێن ئەحمەد

**ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی کوردستان:**

# بۆ یەکەمین جار بوو گەلی کوردستان بە پشتبەستن بە ئیرادەی خۆی بڕیارێکی وا گەورە بدات و ڕیفراندۆم ئەنجام بدات



هەندرێن ئەحمەد

ئەو کاتەی گەلی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی دا، جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، لەم ڕیفراندۆمەدا کۆی سەرکردایەتیی لایەنە سیاسییەکان بەشدار بوون، بڕیاردان لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ساتە وەختێکی مێژوویی بوو، بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی گەلی کوردستان بڕیارێك بدرێت لە دەرەوەی ئیرادەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنیا هەڵقوڵاوی ئیرادە و کۆدەنگیی هەموو خەڵکی کوردستان بێت.


لە سەرەتای دەستپێکی هەڵمەتەکانی بانگەشەی ڕیفراندۆم، هەڵوێستی هەندێك لە دەوڵەتان نەرمتر بوو، وەك دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم توند نەبوون، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، پێیان وابوو بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەلایەن گەلی کوردستان تەنیا نمایش و مانۆڕێکی سیاسییە و ڕیفراندۆمەکە ئەنجام نادرێت، بەڵام کە گەلی کوردستان لە ئیرادەی خۆی پاشگەز نەبووەوە و بە کۆدەنگی دەنگی بە «بەڵێ» بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، ئیدی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر توند و نەرێنی بوو.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە دەبێت ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە بەشێك لە دەوڵەتە زلهێزەکان وەك «ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا و ڕووسیا» خۆیان دەوڵەتی فیدڕاڵین و کێشەیان لەگەڵ هەرێمەکانی خۆیان هەیە، هەر بۆیە ئەگەر ئەوان دان بە ڕیفراندۆمەکەی

## حەسەن ئەمین شێخانی

**ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان:**

# هیچ هێزێک ناتوانێت ئاکامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان هەڵبوەشێنێتەوە



حەسەن ئەمین شێخانی

هەموو گەل و نەتەوەیەك مافی خۆیەتی کە خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، ڕیفراندۆم هەلێك بوو بۆ گەلی کوردستان هاتە پێشەوە، کارێکی زۆر گرنگ بوو، ئەو هەلە لەدەست نەدرا، بەتایبەتی کە کەرکووك و هەموو ئەو ناوچە کوردستانییانەشی گرتەوە کە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەیانگرێتەوە.

ئەو ناوچە کوردستانییانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، هەر لەگەڵ هاتنی داعش، سوپای عێراق ماوەی چوار ساڵ بوو ئەو ناوچانەی بەجێ هێشتبوو و لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانەوە ئەو ناوچانە دەپارێزران و بەڕێوە دەبران، بۆیە مافی خەڵکی ئەو ناوچانە بوو کە ڕیفراندۆم ئەنجام بدەن و لە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیشدا هاتووە، کە چارەسەری کێشەی ئەو ناوچانەی بە سێ قۆناغ دیاری کردووە کە بریتین لە «ئاساییکردنەوە سەرژمێری، ڕاپرسی»، بەڵام حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٧ ـەوە ئەو ماددەیەی پشتگوێ خستووە، بۆیە کە ئەو دەرفەتە هاتە پێشەوە، کارێکی زۆر باش بوو کە ڕیفراندۆمەکە کرا و لەدەست نەدرا.

پێش ڕۆژی دەنگدانی ڕیفراندۆم، سەرۆك بارزانی سەردانی کەرکووکی کرد و لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لە کەرکووك کۆبووەوە. هەموو حزبە سیاسییە کوردستانییەکان لەو کۆبوونەوەیەدا بە کۆی دەنگ گوتیان ئێمە بەشداری لە دەنگدانی ڕیفراندۆمەکەدا دەکەین، هەر بۆیە بە ڕێژەی ٧٥٪ی خەڵکی کوردستان بەشدارییان لە پرۆسەی دەنگدان کرد و، لەو ڕێژەیەش ٩٢,٧٪ی خەڵکی کوردستان بە «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان» دەنگیان دا.

ئەم دەنگدانە بەو ئاستە مەزنە، کارێکی زۆر گرنگ بوو بۆ مێژوو. بووە دیکیومێنتێك کە ئیرادەی گەلی کوردستان بەرجەستە دەکات، ئێمە ئێستا خوێندنەوەیەکمان بۆ ڕیفراندۆم هەیە، چونکە

کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا و هەرێمی کوردستان لە عێراقدا بنێن، دەبێت بوار بۆ هەرێمەکانی خۆشیان بڕەخسێنن کە ڕیفراندۆم بکەن و جیا ببنەوە.

ئەمە وای کردووە، دەوڵەتان لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ کێشە و پرسی نەتەوەکان بکەن. ئەمریکا کاتێك دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، ڕەچاوی ئەوە دەکات، چۆن مامەڵە لەگەڵ تورکیا بکات، کە ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆیە، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئێران بکات، کە ئێستا هەژموونی بەسەر ناوچەکەدا هەیە و.. هتد. بۆیە بەرژەوەندیی خۆیان چۆن بخوازێت، بەو جۆرە مامەڵە دەکەن.

لەناو دەوڵەتە زلهێزەکاندا، ڕووسیا و چین گوتیان گەلی کوردستان خۆیان بڕیار دەدەن، ئەوانی دیکە بە شێوەیەك لە شێوەکان دژی ڕیفراندۆم هەڵوێستیان وەرگرت.

خۆمان بەشداریمان تێدا کردووە و دەنگمان داوە، بەڵام من دڵنیام نەوەکانی داهاتوومان خوێندنەوەی زۆر جیاوازیان بۆ ئەم ڕووداوە گەورە و مێژووییە دەبێت و، ئەوەی بەشداری لە ڕیفراندۆمەکە کردووە و بە «بەڵێ» دەنگی داوە، زۆر بەڕێزەوە نەوەکانی داهاتوو دەینرخێنن، ئەوانەشی کە لەم پرۆسەیدا دەنگیان نامۆ و (نەخێر)یان هەبووە، ئەوا ئەو خەڵکانە لەناو پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەردەهێندرێن و دوور دەخرێنەوە.

سەربەخۆیی مافێکی سرووشتیی هەر گەل و نەتەوەیەکە، هەر کەسێك پەشێمان بێتەوە لەم مافە سرووشتییەی خۆی، نامۆیە بە سرووشتی مرۆڤایەتی، نامۆیە بە داواکاریی گەلەکەی خۆی. ڕیفراندۆم پیشاندانی ئیرادەی گەلێکە و بە هیچ هێزێك هەڵناوەشێتەوە، تەنانەت ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی عێراقیش کە لەسەر ئاکامی ڕیفراندۆمەکەی کوردستان داویەتی، هیچ ئیعتوباری نییە و بڕیارێکی سیاسییە دژی خەڵکی کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە ڕیفراندۆم تەنیا بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی دیکە هەڵدەوەشێتەوە.

**د.سەرسام خەلیل شوانی**
**مامۆستای زانکۆ:**


## ئاکامی ڕیفراندۆم هەموو کات کارتێکی بەهێزە بە دەستمانەوە


د. سەرسام خەلیل شوانی

بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧، لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵسەنگاندن و دیراسەتی وردی لەسەر کرابوو. هەموو ڕێگەکانی دیکەی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق تاقی کرابوونەوە و هیچ ئاکامێکی نەبوو. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەرۆك بارزانی ئەم پرسەی لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی ئەمریکا باس کردبوو، بەردەوام لەگەڵ ئەو شاندە باڵایانە باس کراوە کە سەردانی کوردستانیان کردووە. هەروەها لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە عەرەبی شیعە و سوننەوە باس کرابوو، یان ئەوەیە دەبێت عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی دەستوورەکەی خۆی جێبەجێ بکات، یان دەبێت قبووڵتان بێت گەلی کوردستان چ بڕیارێك دەدات.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەو هۆکارانە چی بوون کە وڵاتانی زلهێز و هەرێمیی وا لێ کرد، بەو جۆرە هەڵوێستی توند و نەرێنییان بەرانبەر کوردستان وەرگرت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە دەوڵەتانی زلهێز لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی وڵاتەکەی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ پرسەکان دەکەن، دەوڵەتانی هەرێمی و دراوسێی کوردستان هۆکارەکەی دیارە و نایانەوێت کوردستانێکی سەربەخۆ بوونی هەبێت. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە، ئاکامی ئەم ڕیفراندۆمە نابێتە بەشێك لە مێژوو و کۆتایی نەهاتووە، کارتێکی بەهێزە بە دەستمانەوە و ئەمڕۆ بێت، یان سبەی بەرهەمەکەی دەدوورینەوە.





چرا شەماڵ

چرا شەماڵ

ماستەر لە زانستە سیاسییەکان:

## هەموو گەلێک مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و مافی ئەوەی هەیە سەربەخۆ بێت و دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێت

پێش هەموو شت، مافی چارەی خۆنووسین مافێکی سرووشتیی هەموو گەل و نەتەوەکانی ئەم جیهانەیە، ئەم مافەش لە ماددەی یەکی هەر دوو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکەدا هاتووە، کە ئاماژە بەوە دەکات، هەموو گەلێك مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و مافی ئەوەی هەیە سەربەخۆ بێت و دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێت.

لێرەوە هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرانبەر ئاکامی ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ هەر چۆنێك، ئەوا ئەم ریفراندۆمە کە سەرۆك بارزانی رابەرایەتی کرد، ئەو رۆژەی کردە رۆژێکی مێژوویی و ئاکامەکەشی بووە دکیومێنتێکی مێژوویی و هەر دەمێنێت، لەوانەیە ئێستا پێمان وابێت کاری پێ ناکرێت، بەڵام من دڵنیام لە ئایندەی نزیك، یان دوور هەر دەگەینە ئەو ئاواتە و دەوڵەتی خۆمان دادەمەزرێنین.



ڕەمەزان نەسرەدین

ڕەمەزان نەسرەدین

شرۆڤەکار و چاودێری سیاسی:

## هەڵوێستی نێودەوڵەتی دژی گەلی کوردستان پێشێلکردنی خودی یاسا نێودەوڵەتییەکان بوو

مافی چارەی خۆنووسین مافێکی سرووشتیی هەر گەل و نەتەوەیەکە لە جیهاندا، بەم مافە چەندین میکانیزم و ڕێگەی جیاواز پیادە کرێت و یەکێك لەو ڕێگایانەش ڕێگەی ئاشتی و پرۆسەی دەنگدانە کە پێی دەگوترێت «ڕیفراندۆم» و گەلی ئێمەش بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە سرووشتییەی خۆی کە مافی بڕیاردانی چارەنووسییە، ئەم ڕێگە ئاشتییەی هەڵبژارد و لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بە «بەڵێ» دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا. ئەم ڕێگە ئاشتییانەیەش تەنیا گەلی کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵنەگرتووە، بەڵکو دەیان گەل و نەتەوەی دیکە بەم ڕێگەیە توانیویانە ڕای گەلی خۆیان وەربگرن و دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن.

خاڵی گرنگ لە ڕیفراندۆمەکە ئەوە بوو، ئەو یەکڕیزییە گەورەیەی خەڵکی کوردستانمان بینی کە بە ڕێژەی ٩٢,٧٪ دەنگیان بە «بەڵێ» بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، ئەمەش ئومێدێکی گەورەی لێ دەخوێندرێتەوە، بەوەی هۆشیاریی تاکی کوردستانی بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و بیروبۆچوونی سیاسیی جیاوازیشەوە، لەسەر پرسی نەتەوە و نیشتمان یەکڕیز و تەبا و هاوهەڵوێست بوو.

هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە دژ و نەرێنی بوو بەرانبەر ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان، بەڕاستی هەڵوێستێکی نامرۆڤانە بوو، لەبەر ئەوەی گەلی ئێمە کارێکی نەکردووە لە دەرەوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت، بە پێچەوانەوە یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕێز لە ئیرادەی نەتەوەیەك دەگرن کە بە ئازادانە دەنگ و بڕیاری خۆی بدات. بەداخەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و تەنیا لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان مامەڵەیان کرد و هەڵوێستی دژ بە گەلی کوردستانیان پیشان دا.

**د.عەبدولڕەحمان شنگالی**
مامۆستای زانکۆ:

## بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە لووتکەی هەرەمی هەموو ئەو بڕیار و دەستکەوتانەیە کە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوو داومانە

لە مێژووی ١٠٠ ساڵی ڕابردووماندا نەتەوەی کورد و تەواوی گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە، کارەسات و چەرمەسەریی زۆری بینیوە بە دەستی ڕژێمەکانی عێراقەوە، هەر لە پاشایەتییەوە تا دەگاتە کۆماری و هەتا ئێستاش ئەو غەدر و زوڵمە هەر بەردەوامە.

لەم ماوەیەدا ئێمە چەندین جار کۆمەڵکوژیمان بینیوە، وەك پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، کۆڕەوە مێژووییەکەی بەهاری ١٩٩١، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنیش و بەناو بونیادنانەوەی عێراقی تازەوە، ئەو هەموو غەدرەیە کە لە خەڵکی کوردستان دەکرێت، لەوانە لەشکرکێشی و هەوڵدان بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان وەك لە دوای ڕیفراندۆمەکە بینیمان.

بۆیە لەناو ئەم واقیعە تاڵەوە، بەبۆچوونی من لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا تاکە بڕیارێك کە دەکەوێتە لووتکەی هەموو بڕیار و دەستکەوتەکانی ڕابردوومان، بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ی بووە، نەوەکانی داهاتووش شانازی بەم بڕیارە مێژوویی و بوێرانەیە دەکەن و ئومێد دەخوازن، کە ئەوانیش لەم سەردەمەی ئێمە بژیبان، هەتا بیانتوانیایە بەشداری لەو ڕیفراندۆمە بکەن و بە «بەڵێ» دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدایە، هەر وەك چۆن ئێستا ئێمە کە دەگەڕێینەوە بۆ ناو سەروەرییەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، خۆزگە دەخوازین ئێمەش لەو سەردەم بژیباین و لەو شۆڕشەدا پێشمەرگە بووینایە، بۆیە من دڵنیام نەوەکانی داهاتوو ئومێد بۆ ئەوە دەخوازن لەم سەردەمەی ئێمە بژیبان و شەرەفی بەشداری و دەنگدانیان لەم ڕیفراندۆمە بەر بکەوتایە.

**د. ئیبراهیم عەلی موراد**
مامۆستای زانکۆ:


## هەڵوێستی ئەمریکا لە دوای ڕیفراندۆم بەرانبەر گەلی کوردستان هەڵوێستێکی نامرۆڤانە بوو

سەبارەت بە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەمبەر ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی گەلی کوردستان، دەکرێت بڵێین هەڵوێستێکی نامرۆڤانە بوو. تەنانەت زۆر ناوەندی فیکر و لێکۆڵینەوەی ڕۆژئاوا بەر لە ئەنجامدانی ئەم ڕیفراندۆمە هۆشداری ئەوەیان پێ داین کە ئەم ڕیفراندۆمە لەم ساتەدا (ئەیلوولی ٢٠١٧) کارێکی باش نییە و کاتەکەی لە جێگەی خۆیدا نییە. سەرەنجامیش وەك بینیمان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی هەڵوێستێکی نامرۆڤانەیان دژی ئیرادەی گەلی کوردستان گرتەبەر، بۆیە دەڵێم بەتایبەتی ئەمریکا، چونکە ئەمریکا هەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە لە ٢٠٠٣ خۆی باڵادەست بووە لە عێراقدا و بوونێکی سەربازی و دیپلۆماتیشی هەیە، بۆیە نەدەبوو بەو شێوازە نامرۆڤانەیە بەرانبەر ئیرادەی گەلی کوردستان بوەستێت و ئەو هەڵوێستە توند و نامرۆڤانەیەی هەبێت، دەکرا بە شێوەیەکی زۆر ئەرێنی مامەڵەی لەگەڵ بکات و، باشتر بۆ عێراق و دەوڵەتانی دراوسێی عێراقیش سوودی لێ وەربگرتایە.

ئێمە با هەموو ئۆباڵەکە نەخەینە ئەستۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چاوێکیش بخەینە سەر باری ناوخۆیی خۆمان کە بەڕاستی ئەمەیان جێگەی داخە، لەبەر ئەوەی کە بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم درا، لە کۆبوونەوەی هەموو حزبەسیاسییەکانی کوردستاندا ئەو بڕیارە درا و کە لێژنەیەکیش بە ناوی لێژنەی باڵای ڕیفراندۆم دانرا، هەموو حزبەکان ئەندامی ئەو لێژنەی باڵایە بوون، بۆیە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش دەبوو هەموو حزبەکان پێکەوە شان بدەنە بەر ئاکام و لێکەوتەکانی ئەو پرۆسەیە و خۆیان لە بەرپرسیاریەتی نەدزنەوە و لەو شانازییە گەورەیە پەشیمان نەبنەوە، کە گەلی کوردستان شانازی پێوە دەکات. بەداخەوە حزبە سیاسییەکان دوای ئەو یەکڕیزییە گەورەیە لە ڕیفراندۆم بینیمان، ماڵی کوردستانیان لەت کرد، ئێستاش ئەوەی کە ئەمڕۆ لە عێراق دەیبینین و خەریکە کێشە گەورەکانمان بچووك دەکەنەوە، بەرهەمی ئەو لێکترازانەیە کە حزبە سیاسییەکان لە دوای ڕیفراندۆم دروستیان کرد، ئەگەر یەکگرتوو و یەکڕیز نەبین، بارودۆخەکە لەمەی ئێستاش خراپتر لە سەرمان دەکەوێتەوە.



د.عەبدولڕەحمان شنگال



د. ئیبراهیم عەلی موراد





د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# ڕیفراندۆم سایکۆلۆژیەتی شانازیی بۆ تەواوی گەلی کوردستان دروست کرد

د.سالار عوسمان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە لە هەڵمەتی ئامادەکارییەکان بۆ ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ ئەندامی لیژنەی ڕاگەیاندنی هەڵمەتەکانی ڕیفراندۆم بووە بۆ سەربەخۆیی و، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لەم هەڵمەتەدا، هەروەها هەوڵێکی زۆریشی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بۆ ئەم هەڵمەتە نیشتمانییە گوتاری میدیایی کوردستان یەکگرتوو بێت، لە دەستپێکی گفتوگۆی ئەم جارەدا بە گەرمی بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئامانجی بازنەی گفتوگۆ، گفتوگۆیەکی ڕژد و ڕاشکاوانەیە لە سەر پرسە نیشتمانییەکان، گوتیشی: «ڕیفراندۆم پرسێکی نیشتمانییە و پەیوەندی بە هەموو پێکهاتە و بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکانەوە هەیە، لەم هۆڵەشدا کە میوانانی بەڕێز نوێنەرایەتیی پێکهاتە و لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی کوردستان دەکەن، بێگومان دەبێتە مایەی هەڵسەنگاندنێکی باش و فرەڕەهەند بۆ ئەم پرسە نیشتمانییە، بۆیە هیوادارم زۆر بە جددی و ڕاشکاوانە گفتوگۆی لەسەر بکرێت». لە درێژەی گفتوگۆکاندا بەم جۆرە دید و بۆچوونەکانی لەسەر «ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی» خستە ڕوو:

ڕیفراندۆم ئەو ڕووداوە گەورەیەیە لە مێژووی کوردستاندا، کە شەش ساڵ پێش ئێستا هەموو گەلی کوردستانی بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و حزبە جیاوازەکانەوە پێکەوە کۆکردەوە و، یەکریزی و یەکهەڵوێستیی دروست کرد، لە هەمان کاتدا نەیار و دوژمنانی گەلی کوردستانیشی لە بەرەیەکی دژ بە دیموکراسی و ئازادی پێکەوە کۆکردەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشی ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە کردەوە، کە ئایا تا چەند لەگەڵ پرەنسیپەکانی «یاسای نێودەوڵەتی، پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان، جارنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ» ڕاستگۆن؟ گەلی کوردستان لە چرکەساتێکی مێژووییدا هەوڵی دا بە شێوەیەکی زۆر ئاشتییانە و دیموکراتییانە تەنیا گوزارشتێکی ئازادانە لە ڕای خۆی بکات، بۆ دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەوجۆرە وەڵامی ئەو دەنگە ئاشتی و دیموکراتییانە بداتەوە؟ ئەمانە پرسیاری گرنگن کە دەبێت

ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکرێنەوە.

بەڕێزانی بەشداربووی ئەم گفتوگۆیە زۆر بە ڕاشکاوانە لەسەر هەڵوێستی نەرێنیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە ئاکامی ڕیفراندۆمەکە و هەرێمی کوردستان قسەیان کرد، بۆیە زیاتر قسەکانی خۆم لەسەر ئەو پەند و وانانە چڕ دەکەمەوە، کە ڕیفراندۆم فێری کردین، چۆن بتوانین وەبەرهێنان لەو پەند و وانانە بکەین، کە بۆ داهاتوومان سوودی لێ وەربگرین.

لەم ڕووەوە جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەمەوە کە ڕیفراندۆم ڕووداو و کۆششێکی دیموکراسییانەی کوردستانی گەورە بوو، بە ئیرادەی گەلی کوردستانیش ئەم ڕووداوە گەورەیە دروست بوو، کە نەك هەر لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان دەنگدانەوەی زۆر گەورەی هەبوو و مانشێتی سەرەکیی هەموو میدیا گەورەکانی جیهان بوو، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆبوونەوەی تایبەتی لەسەر ڕیفراندۆمی کوردستان دەکرد و، بڕیاری لەسەر دەدا، لە هەرێمی کوردستانیش لە ماوەی نێوان مانگی حوزەیران کە بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم درا، تا ٢٥ی ئەیلوول، شاندی گەورەی دەوڵەتە گەورەکانی جیهان دەهاتنە پایتەختی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆدەبوونەوە، ئەو دیمەنەی لەو ماوەیەدا بینیمان خۆی لە خۆیدا پەند و وانەیەکی زۆر بەرز بوو، کە فێری کردین، گەلی کوردستانیش ئەگەر یەکڕیز و یەکگرتوو بێت، دەتوانێت ڕووداوی جیهانیی گەورە دروست بکات و دەستی هەبێت لە کێشانی تابلۆی سیاسیی ناوچەکەدا و، کارەکتەرێکی نادەوڵەتی خودان بەرنامە و ستراتیژیەتی نیشتمانی تایبەت بە خۆی بێت، ئەمە وەرچەرخان بوو لە بەشداریکردنی ڕووداوەکانەوە بۆ دروستکردنی ڕووداوەکان، بۆیە ئەم ڕووداوە مەزنە جێگەی شانازیمانە و لە هەمان کاتدا سایکۆلۆژیەتی شانازی بۆ تەواوی گەلی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینەوە دروست کردووە.

لە کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەتا ئێستاش هەوڵێکی ناوخۆیی هەیە بۆ ئەوەی ئەم ڕیفراندۆمە ناشیرین وێنا بکات، یان لە سەنگی ئەو ڕووداوە گەورەیە کەم بکاتەوە، بۆیە بە گرنگی دەزانم لەگەڵ ئەم دەنگە ناوخۆییانەش هەوڵ بدەین گفتوگۆیەکی هێمنانە ئەنجام بدەین، گفتوگۆیەك بۆ لێکتێگەیشتن و کۆکردنەوەی یەکتری و دروستکردنەوەی یەکڕیزی لە کوردستاندا، نەك بە ئاراستەی لێکترازان و لێك دوورکەوتنەوە و ئازاردانی بەرانبەر، بەڵکو لە پێناو خوێندنەوەیەکی بابەتییانەی لێکەوتەکانی پرۆسەی دیموکراسی.

با لەو چوارچێوەیەدا گفتوگۆ بکەین، کێ لە پشتی ئەم دەنگە ناوخۆییەوەیە کە دەڵێت «ڕیفراندۆم هەڵە بوو؟» ئایا کوردی لە پشتە؟ یان لایەنی دیکەی ناوچەکە و هەرێمی؟ ئایا بە ئاگاییەوە بووە، یان لە بێ ئاگاییەوە دەڵێن ڕیفراندۆم باش نەبوو؟ ئایا ناشیرینکردنی ڕیفراندۆم بە بەرژەوەندیی کام ئاراستەی سیاسیی ناوچەکە و عێراق و دەوروبەری دەشکێتەوە؟

ئەگەر هەوڵ نەدەین لێکتێگەیشتنێك دروست بکەین و وەڵامی دروست بۆ ئەم پرسیارانە بدۆزینەوە، بەشێك لە خەڵك، بەتایبەت گەنجەکان چەواشە دەبن، دەبێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کە دژایەتیی ڕیفراندۆم دژایەتیی کورد و کوردستان و ماف و خەونەکانیەتی، ناشیرینکرنی ڕیفراندۆمیش ناشیرینکردنی دیموکراسی و ماف و ئازادی و ناشیرینکردنی ئیرادەی گەلی کوردستانە. بۆیە دەبێ لەو پێناوەدا کاری جددی بکەین، دەبێ شانازی بە ڕیفراندۆمەوە بکەین، دەبێ شانازی بەو یەکڕیزییەی ڕیفراندۆمەوە بکەین کە خەڵکی کوردستان بە ڕێژەی ٩٢,٧٪ دەنگی بە «بەڵێ» بۆ سەربەخۆیی داوە.

ئەم واقیعەی کە دەیبینین فەرزی دەکات، ئەم پۆلێنە بکەین و ڕەوایەتیی ڕیفراندۆم وەك مافی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی لە سەیرکردنی دژبەرانەی حزبییانە جیا بکەینەوە، بۆیە زۆر گرنگە زۆر بە وردی دیراسەتی ئەمە بکەین و بە خەڵکی خۆمان بڵێین: گەلی کوردستان بە ئیرادەی یەکبوونی کوردستانییەوە توانی لە ٢٥ی ئەیلوولی٢٠١٧ بڕیارێکی زۆر گرنگی مێژوویی و چارەنووسساز بدات و، دەبێت هەموومان شانازیی پێوە بکەین و نەوەکانی ئایندەی لەسەر پەروەردە بکەین و پێیان بڵێین: ڕیفراندۆم ئەو ڕووداوە گەورەیە بوو، کە ئیرادەی کوردستانییان دروستی کرد.

**ڕیفراندۆم ئەو ڕووداوە گەورەیەیە لە مێژووی کوردستاندا، کە شەش ساڵ پێش ئێستا هەموو گەلی کوردستانی بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و حزبە جیاوازەکانەوە پێکەوە کۆکردەوە**

**گەلی کوردستان لە چرکەساتێکی مێژووییدا هەوڵی دا بە شێوەیەکی زۆر ئاشتییانە و دیموکراتییانە تەنیا گوزارشتێکی ئازادانە لە ڕای خۆی بکات، بۆ دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەوجۆرە وەڵامی ئەو دەنگە ئاشتی و دیموکراتییانە بداتەوە؟**

**دژایەتیی ڕیفراندۆم دژایەتیی کورد و کوردستان و ماف و خەونەکانیەتی، ناشیرینکرنی ڕیفراندۆمیش ناشیرینکردنی دیموکراسی و ماف و ئازادی و ناشیرینکردنی ئیرادەی گەلی کوردستانە**





پەخشان زەنگەنە

سیاسەتمەدار و سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی خانمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# له مێژووی نزیکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا، بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بوێرترین و ڕەواترین پرۆسەیە کە خەڵکی کوردستان ئەنجامی داوە

پەخشان زەنگەنە سیاسەتمەدارێکی دێرین، پێشمەرگەی شاخ و چەپێکی ڕەخنەگری توندی ناو سیاسەت و کۆمەڵگەی مەدەنییە، لە حزبی شیوعیی عێراقدا و لە خەباتی چەکداریی شاخدا، کادرێکی پێشکەوتووی ئەو حزبە بووە و، لە دوای دامەزراندنی حزبی شیوعی کوردستانیش وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی دوو کۆنگرە هەڵبژێردراوە، بەڵام لە کۆنگرەکانی دیکە خۆی نەپاڵاوتووەتەوە و ئێستا وەك کادرێکی پێشکەوتووی حزبی شیوعی کوردستان درێژە بە کاری سیاسیی خۆی دەدات. لە بواری کاری دامەزراوەییشدا، پەخشان زەنگەنە یەکێك بووە لە سەرکردە دیارەکانی ژنان و ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی لیژنەی ژنان بووە، هەر لەو خولەشدا یاسای باری کەسێتی لە هەرێمی کوردستان هەموار کرایەوە، دواتریش پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی خانمانی کوردستانی وەرگرت، کە هەتا مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٠ بەردەوام بوو، لە «بازنەی گفتوگۆ»ی ئەمجارەدا، ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاوتوێ دەکات و زۆر بوێرانە و بەمجۆرە بیر و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:

زۆر خۆشحاڵم لە بازنەی گفتوگۆ و بە ئامادەبوونی ئەم هەموو کەسایەتییە کە هەر یەکەیان نوێنەرایەتیی پێکهاتە و بیروبۆچوونێکی جیاواز دەکەن، گفتوگۆ لەسەر پرسێك دەکەین، کە پرسی هەموومانە و پەیوەستە بە هەموو تاکێکی ئەم نیشتمانە و هەموو ئازادیخوازێکی جیهان کە ئەویش پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ئەیلوولی ٢٠١٧یە بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

ئەم جۆرە گفتوگۆیانە لەسەر ئەم پرسە گرنگە نەتەوەیی و نیشتمانییانە جێگەی ئومێد و دڵخۆشییە، بەتایبەتی پرسی پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، کە دەبێت بەردەوام هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە و هزر و بیرکردنەوەی گەنجەکانمان زاخاو بداتەوە و ڕوایەتی ڕیفراندۆم وەك خۆی بگاتە نەوەکانی داهاتوومان.

ئەگەر لەسەر تایتڵی ئەم گفتوگۆیە قسە بکەین «ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتی»، ئەوا من هەر لە یەکەم ساڵیادی ئەم پرۆسە نیشتمانییە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر کە ئێستا پێی دەڵێن «ئێکس»، چەند پەیڤێکم نووسی و ئاماژەم بەوە کردبوو، هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستی گەلی کوردستان و ئاکامی ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان، بەداخەوە هەموو دروشمەکانی دیموکراتی و جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤی خستە بەردەم پرسیارگەلێکی زۆر گەورە، متمانەی خەڵکی بەو پرەنسیپ و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانە هەژاند، کە دەوڵەتان بەگشتی و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی کە بە خۆیان دەڵێن «جیهانی ئازاد»، هەموو ئەو دروشمانە و دەوڵەتانی ئازادیشی خستە ژێر پرسیارێکی گەورەوە.

من وەك سیاسەتمەدارێکی ژن، هاووڵاتییەکی کوردستان، دەمەوێت پرسی چەوسانەوەی نەتەوەیەتی لە هزر و بۆچوونی ژنانەوە باس بکەم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خەباتی ژنانی کوردستان و گشت ئەو گەلانەی لەژێر چەوسانەوەی نەتەوەییدان، خەباتێکە خۆی لە دوو جەمسەردا دەبینێتەوە: یەکەم: لەلایەك ژنان خەبات دەکەن بۆ ئازادی و ڕزگاری و سەرفرازیی نەتەوەیی.

دووەم: ژنان خەبات دەکەن بۆ ئازادی و یەکسانی و سەلماندنی بوونی خۆیان.

ئەوجا بە هەموو ئەو سیفەتانە و بەو باکگراوەندە سیاسییەی وەك فیکری مارکسی هەمە، ڕاشکاوانە دەڵێم، هەڵوێستی نەرێنیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە ئیرادەی گەلی کوردستان هیچ پاساوێك هەڵناگرێت، ئەوان داوایان لێ دەکردین، ئەم پرۆسەی ڕیفراندۆمە دوا بخەین و ئەنجامی نەدەین. پرسیاری بێ وەڵامی ئێمە لەوانە ئەوە بوو «تاکەی دوای بخەین؟ تاکەی ڕێگەمان لێ دەگرن چارەنووسی خۆمان بە دەستی خۆمان دیاری بکەین؟ بۆیە زۆر بەڕاستی دەڵێم کاتێك بیر لە پرۆسەی ڕیفراندۆمی کوردستان و هەڵوێستی نەرێنیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەمەوە، ناتوانم بە شێوەیەکی سرووشی و هێمنی قسە بکەم، هەر زۆر بە ڕاشکاوی و بە دەنگی بەرز دەڵێم: لە مێژووی نزیکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا، بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بوێرانەترین و ڕەواترین پرۆسەیە خەڵکی کوردستان ئەنجامی داوە، ڕیفراندۆم ئەو «بەڵێ»یە بوو کە تەنیا گوتمان «بەڵێ سەربەخۆییمان دەوێت و دەمانەوێت خۆمان چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین».

هەر بۆیە سەرەڕای ئەو هەموو ئاستەنگ و سەختییانەی کە تووشمان بوو، بە هۆی نەك تەنیا سزاکانی حکومەتی عێراقی و لەشکرکێشییان بۆ سەر کوردستان، بەڵکو بە هۆی هەڵوێستی نەرێنیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش کە درۆیان لەگەڵ هەموو ئەو دروشمانە کرد، کە سەدان ساڵە شانازی پێوە دەکەن، بۆیە لە دیدی مندا، ڕیفراندۆم ڕەواترین پرۆسە بوو کە خەڵکی کوردستان ئەنجامی دا. ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی کوردستانە خەبات بکات بۆ بە زیندووهێشتنەوەی ئەو ئیرادەیەی پرۆسەی ڕیفراندۆمی ئەنجام دا. من دڵنیام پرۆسەی ڕیفراندۆم نابێتە پرۆسەیەکی بەدینەهاتوو و بەشێك لە مێژوو، بەڵکو ڕۆژێك هەر دێتە دی، ئەگەر ئەم نەوەیەی ئێستاش ئەمە نەبینین، دڵنیام نەوەکانی داهاتوو ئاکامی پرۆسەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەبینن.

جوانیی ئەم گفتوگۆیەی ئێمە ئەمڕۆ لە «بازنەی گفتوگۆ» دەیکەین، ئەوەیە بیروبۆچوونە جیاوازەکان و نەتەوە جیاوازەکان پێکەوە کۆبووینەوە و بە بیروبۆچوون و پسپۆڕیی جیاواز قسە لەسەر ئەم پرسە نیشمانییە دەکەین، بۆیە ئومێد دەخوازم، بە هەمان شێوە گفتوگۆی جددی و ڕاشکاوانە لەسەر هەموو پرسەکانی دیکەی سیاسی، ئابووری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و...هتد بکەین، چونکە ڕاوبۆچوونی هەموو لایەك و هەر تاکێکی هاووڵاتی زۆر گرنگە و هەموومان هەست و سۆزمان بەرانبەر پرسە نیشتمانییەکان هەیە، بۆیە گرنگ و پێویستە ئەم بنەمایە بپارێزین و فراوانی بکەین. یەکێك لەو بەشداربووانەی ناو ڕاپۆرتەکەی بازنەی گفتوگۆ کە پێش گفتوگۆکە لە ڤیدیۆ سەیرمان کرد، داخی هەڵڕشت بۆ ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ناوخۆی کوردستاندا هەیە، کە ئەویش نەبوونی یەکڕیزی و هاوهەڵوێستییە، هەر بۆیە زۆر پێویستە پرسە

**گەلی کوردستان کە پرۆسە مەزنەکەی ڕیفراندۆمی ئەنجام دا، تەنیا مافێکی ڕەوای خۆی بە شێوەیەکی ئاشتییانە پیادە کردووە و ئەم پرۆسە مەزنەش هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە**

**ئەگەر بمانەوێت پرسی ژن لە کوردستان لەو زەلکاوەی حکومەتی عێراق ڕزگار بکەین، ئەوا تەنیا ڕێگە ئەوەیە کوردستان سەربەخۆ بێت**

**بۆ ئێستای ئێمە یەکخستنی هەوڵەکانمان بۆ جێبەجێکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، پرسێکە پەیوەندی بە چارەنووسی گەلی کوردستانەوە هەیە و لە کێشمەکێش و ململانێی ناتەندروستی حزبەکان گەورەترە**

**ئێمە دەتوانین پرۆسەیەکی گەورەی وەک سەربەخۆیی کوردستان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەین. ئەم پرۆسەیە ئەرکی سەرشانی هەموومانە، چونکە ناتوانین تاسەر لەم دەوڵەتە سەقەتەی عێراقدا بمێنینەوە**



**ئەو شەڕە دەنووکەی ئەمڕۆ لە سۆشیال میدیاکان دەبینین کە حزبەکان بەرانبەر یەکتری پیادەی دەکەن، هیچ کام لەو حزبانە بەهێز ناکات، بەپێچەوانە هەستێکی نائومێدی لەناو خەڵک بڵاو دەکاتەوە**

نیشتمانییەکان هەموو یەك بخات و هەموومان لە دەوری پرسە نیشتمانییەکان کۆبکاتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، ئەو شەڕە دەنووکەی ئەمڕۆ لە سۆشیال میدیاکان دەبینین کە حزبەکان بەرانبەر یەکتری پیادەی دەکەن، هیچ کام لەو حزبانە بەهێز ناکات، بەپێچەوانە هەستێکی نائومێدی لەناو خەڵك بڵاو دەکاتەوە. پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە کە ئێستا حزبەکان ئاوا بە یەکتری دەکەن، ئایا سبەی کێ متمانەیان پێ دەکات، کە ئێمە دەتوانین پرۆسەیەکی گەورەی وەك سەربەخۆیی کوردستان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەین. ئەم پرۆسەیە ئەرکی سەرشانی هەموومانە، چونکە ناتوانین تاسەر لەم دەوڵەتە سەقەتەی عێراقدا بمێنینەوە.

دەوڵەتی عێراق هەر لە ساڵی ١٩٢١ەوە لەسەر بناخەیەکی هەڵە و فشۆڵ دامەزراوە، هەر بۆیە هەتا ئەم بناخە هەڵە و فشۆڵە ڕاست نەکرێتەوە، هەر کەس لە بەغدا دەسەڵاتدار بێت، ئەوا عێراق لەم بارودۆخەی ڕزگار نابێت کە ١٠٠ ساڵە بە دەستیەوە دەناڵێنین.

بارودۆخی سیاسیی عێراق لە ئێستا بە جۆرێکە کە هیچ کام لە بەهاکانی ئازادی، دیموکراتی، مرۆڤایەتی بەهایان نییە. ئەو ئەقڵییەتەی ئەمڕۆ حوکمڕانیی عێراق دەکات، بەهای ئەم چەمکانەی لا نییە، ئەوجا ئەگەر چەندین ڕێککەوتنی جیاوازیش لەگەڵ ئەم حکومەتە بکەین.

لە ئێستادا ڕاستە ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سەخت بووینەتەوە، بەڵام داهاتووی گەلی کوردستان ئەوە دەهێنێت و دەبێت لەسەر حزبە سیاسییەکانی فەرز بکات و، لای حزبە سیاسییەکانیش دەبێت هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی هەبێت و پانتاییەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر بەرنامەیەکی گشتگیر کە پەیوەستە بە ئایندەی چارەنووسی نەتەوەکەمان وەك جێبەجێکردنی دەستوور بە تەواوەتی بە ماددەی ١٤٠یشەوە ڕێك بکەوین. بۆ ئێستای ئێمە یەکخستنی هەوڵەکانمان بۆ جێبەجێکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، پرسێکە پەیوەندی بە چارەنووسی گەلی کوردستانەوە هەیە و لە کێشمەکێش و ململانێی ناتەندروستی حزبەکان گەورەترە.

لایەنێکی دیکە کە دەخوازم جارێکی دیکە هەڵوەستەی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیە کە بەردەوام لە هەموو بۆنە و بوارێکدا بانگەشە بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکەین و بوێرانە باسی بکەین و جیهانی لێ ئاگادار بکەینەوە. لە دوماهی قسەکانمدا ئەزموونی خۆم دەگێڕمەوە، ئێمە شاندی ژنانی کوردستان بووین، سەردانی



بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانمان کرد، ئامانجمان ئەوە بوو ئەنجومەنی خانمان وەك دامەزراوەیەکی کوردستانی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار بکرێت، بۆ ئەم پرسە چەند جارێك سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانمان کرد، لە پەراوێزی ئەو سەردانانەشدا چەندین چاوپێکەوتن و دیدارمان لەگەڵ بەرپرسانی کۆشکی سپی و کۆنگرێسمانەکان ئەنجام دا، لە یەکێك لە دیدارەکانمان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەوێ ئێمە کە شاندی ئەنجومەنی خانمانی کوردستان بووین، دوای ئەوەی باسی پرسی ژنانی کوردستانمان کرد، هاتینە سەر ئەو یاسا و بڕیارانەی کە حکومەتی عێراق بەرانبەر ژنانی عێراق پیادەی دەکات و زوڵم لە ژنان دەکات، بۆیە ئەگەر بمانەوێت پرسی ژن لە کوردستان لەو زەلکاوەی حکومەتی عێراق ڕزگار بکەین، ئەوا تەنیا ڕێگە ئەوەیە کوردستان سەربەخۆ بێت، لەوێ بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوە پێی گوتم: «تۆ وەك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان قسە دەکەیت»، لە وەڵامدا پێم گوت: «من لە حزبێکی تەواو جیاوازم لە حزبەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام من وەك هاووڵاتییەکی کوردستان و وەك ژنێکی کوردستان قسە دەکەم».

ئەم بەسەرهاتەم بۆیە گێڕایەوە، بۆ ئەوە بوو ئێمە بۆنە و کۆبوونەوەکان بقۆزینەوە و بە بوێری باسی پرسی خۆمان و سەربەخۆیی کوردستان بکەین، شاندەکانی کوردستان هەر لە شاندی قوتابیان و لاوانەوە تا دەگاتە شاندی وەزارەتەکان و شاندی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان، گرنگە لە هەر کۆبوونەوەیەك بەشداری بکەن، پرسی نەتەوەیی و نیشتمانییەکان ببنە ناو ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە، دەتوانن بیکەنە باسێکی ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکان و سەرنجی بەرانبەری پێ ڕابکێشن و بیکەنە باسێك بۆ گفتوگۆیەکی جددی، هەر بۆ نموونەساڵانە چەندین کۆڕ و کۆڕبەندی جیهانی بەڕێوە دەچێت و شاندی کوردستان بەشدار دەبێت، بۆیە زۆر گرنگە لە پەراوێزی ئەو کۆڕ و کۆڕبەندانەدا هەوڵ بدرێت، ئەو شاندە بوارێك بڕەخسێنێت و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بەردەوام لە یاد بێت و بە بوێری باسی بکات و دۆست و هاوپەیمانی بۆ کۆبکاتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: گەلی کوردستان کە پرۆسە مەزنەکەی ڕیفراندۆمی ئەنجام دا، تەنیا مافێکی ڕەوای خۆی بە شێوەیەکی ئاشتییانە پیادە کردووە و ئەم پرۆسە مەزنەش هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

**هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاستی گەلی کوردستان و ئاکامی ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان، بەداخەوە هەموو دروشمەکانی دیموکراتی و جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤی خستە بەردەم پرسیارگەلێکی زۆر گەورە**





### ڕۆمیۆ هەكاری
### سكرتێری گشتی حزبی دیموكراتی بێت نەهرێت:

# كوردستان خاك و نیشتمانی ئێمەیە بۆیە بەشداریمان لە ڕیفراندۆم كرد و ئاواتمان بوو ببینە خاوەن دەوڵەتێكی سەربەخۆ

**ڕۆمیۆ حوزەیران نیسان هەكاری، سكرتێری گشتیی حزبی دیموكراتی بەیت نەهرێنە و یەكێكە لەو تێكۆشەرانەی كە بەشداری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردستان كردووە و، لەناو چوارچێوەی ئەم بزووتنەوەیەشدا داكۆكی لە مافی نەتەوەكەی خۆی كردووە. دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی گەلی كوردستان و پاشانیش دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەت، حزبەكەیان لە هەموو خولەكانی هەڵبژاردندا بەشداری كردووە و پەلەمانتاریان لە پەرلەمانی كوردستان هەبووە، خۆیشی ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی كوردستان و ئەندامی نووسینەوەی بەشێكی دەستووری عێراق بووە، لە حوزەیرانی ٢٠١٧ بووەتە ئەندامی لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم، ئەو لیژنە باڵایەی كە بە سەرۆكایەتیی سەرۆك بارزانی لە ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجام دا. لە بازنەی گفتوگۆی «ڕیفراندۆم و هەڵوێستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی» بەمجۆرە كۆمەڵێك ڕاستیی لەسەر ئەم پرۆسە گەورەیە خستە ڕوو.**

قسەكردن لەسەر پرۆسەیەكی گەورەی وەك پرۆسەی «ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧» لەبەر ڕۆشنایی بیروبۆچوونە سیاسییەكان و نەتەوەییە جیاوازەكان، گفتوگۆیەكی بەرهەمدار دەبێت، لەبەر ئەوەی پرۆسەی ڕیفراندۆم پەیوەندی بە هەر تاكێكی كوردستانەوە هەیە، بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و ئایین و نەتەوە جیاوازەكانیشەوە.

باسەكەم بە پرسیارێك دەست پێ دەكەم: بۆچی بیرۆكەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هاتە ئاراوە؟ بۆچی ئێمە وەك گەلی كلدانی و سریانی و ئاشووری بەشداریمان تێدا كرد؟

وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە زۆر گرنگە و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پاشخانێكی مێژووی سیاسی لە عێراق و كوردستاندا، ئەوجا لێرەوە بەپێی ئەزموونی خۆم لەو مێژووەدا، كە وەك سیاسەتمەدارێك بەشداری هەموو ئەو كۆنگرانەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بووم، كە هەر

لە ساڵی ١٩٩٢ هەتا ساڵی ٢٠٠٣ و دوو هەفتە پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن کە ئەنجام دراون، دوای ڕووخانی ڕژێمیش ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراق بووم و چەندین جاریش ئەندامی شاندی هەرێمی کوردستان بووم بۆ کۆبوونەوە و دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق و جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە و داواکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان. ئەم ئەزموونە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٢١ بە یەك ئەقڵییەت حوکمڕانیی عێراقی کردووە، کە ئەویش پەنابردن بووە بۆ جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و نکۆڵی کردن لە نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە، ئەم ئەقڵییەتە هەتا ئێستاش گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.

لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥یش، ئەو مەترسییە هەبوو کە ئەم دەستوورەش لەگەڵ ئەوەی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق و کوردستان دەنگیان پێ دابوو، بە حیساب بە باشترین دەستوور دانرا لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا، سەرۆك بارزانی و ئەندامانی دیکەی شاندی کوردستانیش لە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراق، ئەو ترسەیان هەر هەبووە، کە ئەم دەستوورە جێبەجێ ناکرێت، بۆیە زۆر هەوڵ درا، بەندێك لە دەستوورەکە دابنرێت، کە یەکپارچەیی عێراق گرێ بداتەوە بە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەوە، کە نەتوانرا ئەو بەندە دەستوورییە دابنرێت، بەڵام لە دیباجەی دەستوورکە جێگەی بۆ کرایەوە، کە دەڵێت «پابەندبوون بەم دەستوورە، زامنی پاراستنی یەکێتیی ئارەزوومەندانەی گەل و خاك و سەروەریی عێراقە».

دیارە هەر لە سەرەتای پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەت لە دوای پەسەندکردنی دەستوور، حکومەتی عێراق ئامادە نەبوو ئەم دەستوورە وەك خۆی جێبەجێ بکات و، هەر جارێك بە بیانوویەك و بە تەفسیری جیاواز بۆ ماددەکانی ئەو دەستوورەی پەکخست و جێبەجێ نەکرا، تەنانەت ئەقڵییەتی دەسەڵاتدارانی بەغدا زەمینەشیان نەڕەخساند کە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان و ئەندامێکی بەشدار لە چەند بەشێکی دەستووری عێراق، هەر لە سەرەتاوە دەمانزانی بۆمبێکی کاتی لەناو دەستوورەکەی عێراقدا هەیە، هەر کاتێك بێت، دەتەقێتەوە.

بە هەرحاڵ هەر لە کابینەی یەکەمی نووری مالیکی پێشێلکردنی دەستوور خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی دەستی پێ کرد، بەڵام لە کابینەی دووەم و لە ساڵی ٢٠١٢وە، حکومەتەکەی نووری مالیکی بە تەواوەتی دەستووری پێشێل کرد و کەوتنە دژایەتیی هەرێمی کوردستان، هەتا کار گەیشتە ئەوەی سەرۆك بارزانی بە ئاشکرا ڕایگەیاند «ئێمە نابینە بەشێك لە دیکتاتۆریەت و دەگەڕێینەوە بۆ ئیرادەی گەلی خۆمان و بزانێن گەلی خۆمان چیمان پێ دەڵێت».

مەبەستم لەم باکگراوەندە ئەوەیە پیلانی لە قاڵبدانی هەرێمی کوردستان و نکۆڵیکردن لە مافی تەواوی گەلی کوردستان لە بەغدا داڕێژدرابوو، لە هەمان کاتدا لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بەردەوام نەرمی نواندن هەبووە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵیی ڕاستەقینە و دەستوورەکە جێبەجێ بکرێت، هەر بۆ نموونە لە مانگی شوباتی ٢٠١٤ حکومەتی عێراق یەکلایەنە بودجە و مووچەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بڕی، پاشان کە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش هاتن و مووسڵ ناوچەکانی تا نزیك بەغدا کەوتنە دەستی تیرۆریستان و حکومەتی عێراق لەو پەڕی لاوازیدا بوو، بەڵام دیسان هەرێمی کوردستان بەشداریی حکومەتەکەی عەبادی کرد، بۆ ئەوەی دەرفەتێکی دی بدرێتە حکومەتی عێراق و بە دەستوورەوە پابەند بێت، بەڵام وێڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان لە شەڕێکی گەورەی بەربڵاوی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر بوو لەگەڵ داعش، دیسان حکومەتەکەی عەبادی هیچ هەنگاوێکی بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان نەنا، ئەمانە مانای ئەوەن کە هەموو دەرگایەکیان بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا داخست، هەر بۆیە جەنابی سەرۆك بارزانی

**پرۆسەی ڕیفراندۆم پەیوەندی بە هەر تاکێکی کوردستانەوە هەیە، بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و ئایین و نەتەوە جیاوازەکانیشەوە**

**عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٢١ بە یەک ئەقڵییەت حوکمڕانیی عێراقی کردووە، کە ئەویش پەنابردن بووە بۆ جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و نکۆڵی کردن لە نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە، ئەم ئەقڵییەتە هەتا ئێستاش گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە**

**هەر لە سەرەتاوە دەمانزانی بۆمبێکی کاتی لەناو دەستوورەکەی عێراقدا هەیە، هەر کاتێک بێت، دەتەقێتەوە**

**حکومەتەکەی نووری مالیکی بە تەواوەتی دەستووری پێشێل کرد و کەوتنە دژایەتیی هەرێمی کوردستان، هەتا کار گەیشتە ئەوەی سەرۆک بارزانی بە ئاشکرا ڕایگەیاند «ئێمە نابینە بەشێک لە دیکتاتۆریەت و دەگەڕێینەوە بۆ ئیرادەی گەلی خۆمان و بزانێن گەلی خۆمان چیمان پێ دەڵێت»**




**دەستووروری ئێستای عێراق بە حیساب بە باشترین دەستوور دانرا لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا، سەرۆک بارزانی و ئەندامانی دیکەی شاندی کوردستانیش لە لێژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراق، ئەو ترسەیان هەر هەبووە، کە ئەم دەستوورە جێبەجێ ناکرێت، بۆیە زۆر هەوڵ درا، بەندێک لە دەستوورەکە دابنرێت، کە یەکپارچەیی عێراق گرێ بداتەوە بە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەوە**

ناچار بوو، بیر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بکاتەوە، خۆ ئەگەر دەسەڵاتدارانی بەغدا پابەند بوونایە بە دەستوورەکە و دەستوورەکەیان جێبەجێ بکردایە، لەوانەیە لەو کاتەدا بیر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نەکرێتەوە.

لەناو ئەم هەموو گێژاوی شەڕ و قەیرانی ئابووری، لە ٣ی شوباتی ٢٠١٦ سەرۆك بارزانی پێی گوتین: «کاتی ئەوە هاتووە بۆ ئەوەی ئێمە وەك گەلی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆمان بدەین»، بەڵام ئەم پرسە دواکەوت بۆ حوزەیرانی ٢٠١٧ لەبەر ئەوەی هاوپەیمانان داوایان کردبوو کە پرۆسەکە بکەوێتە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش لە سەردەمی ئیدارەی باراك ئۆبامادا.

دوای ئەوەی شەڕی داعش لە کوردستان کۆتایی هات، لە حوزەیرانی ٢٠١٧ جەنابی بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی حزبە کوردستانییەکانی کرد، بەتایبەتی ئەو حزبانەی کە نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستان هەبوو، لەو کۆبوونەوەیە بڕیارێك درا کە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت.

لە ماوەی مانگی حوزەیران تا ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئێمە وەك شاندی باڵای ئەنجومەنی ڕیفراندۆم دوو جار سەردانی بەغدامان کرد، لە سەردانی یەکەممان بۆ بەغدا ٣٦ کۆبوونەوەمان لەگەڵ ٣٦ لایەنی عەرەبی عێراقی (شیعە و سوننە) کرد، کۆبوونەوەمان لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتان و باڵیۆزەکانیان کرد، بەتایبەتی باڵیۆزەکانی تورکیا و ئێران و ئەمریکا کە دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بوون. باڵیۆزی ئەمریکا لە باڵیۆزانی تورکیا و ئێرانیش توندتر بوو. بۆ

مێژوو ئەمە دەڵێم لە دیدارمان لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا بە بردەرانی شاندەکەم گوت، ئەم کابرایە خەریکە بە ناڕاستەوخۆ دەرمان بکات.

سەبارەت بە لایەنە عەرەبە عێراقییەکان، ئەوا لایەنەکانی عەرەبی شیعە بە تەواوەتی ڕەتیان دەکردەوە، هەندێك لایەنی عەرەبی بە دووفاقی قسەیان لەگەڵ دەکردین و پێیان دەگوتین مەرجمان هەیە لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان، پاشتر مەرجی زیاتریان دادەنا بۆمان، ئەوانیش لە کۆتاییدا هیچ نەهاتنە پێشەوە و دژ بوون. ئەمانە هەموویان کێشە بوون، بێجگە لە کێشە ناوخۆییەکان کە دواتر دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەداخەوە ئاکامەکەمان بینی.

لێرەوە دێمەوە سەر وەڵامی ئەو پرسیارە کە ئێمە وەك گەلی کلدانی و سریانی و ئاشووری بۆ بەشداریمان لە ڕیفراندۆم کرد؟ بە کورتی لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم: ئێمە بە درێژایی شۆڕش و بزووتنەوەکانی کوردستان لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بەشدار بووین و قوربانییەکی گەورەشمان داوە، چەندین جار نەتەوەی ئێمە لە ١٩١٥ و لە ١٩٣٣ و لە ١٩٦٩ ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی بووینەتەوە، هەروەها لە یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و لە یەکەمین کابینەی حکومەتەوە تا ئێستا کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئێمە بەشدارین، لەبەر ئەوە ئێمە خۆمان بە بەشێکی زیندوو و کاریگەری هەرێمی کوردستان دەزانین، ئێرە بە خاك و نیشتمانی خۆمان دەزانین، زۆر جار گوتوومانە با بەراوردی گەلی کلدانی و سریانی و ئاشووری و هەندێك لە پێکهاتەکانی دیکە بکەین، کە بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە دەژین لەگەڵ نەتەوەی کورد، دەبینین لە کوردستان هیچ نەتەوە و ئایینێك کەمینە نییە و بە یەکسانی سەیر دەکرێن، بەڵام با سەرنج لە عێراق بدەین، عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەتا ئێستا نەیتوانیوە خۆی لەو چەمکە قێزەونە ڕزگار بکات کە دەڵێت: «هاووڵاتییانی موسڵمان و هاووڵاتییانی غەیرە موسڵمان». بەکارهێنانی ئەم چەمکە واتە جیاوازی هەیە لە نێوان هاووڵاتییەکی موسڵمان و غەیرە موسڵمان، واتە جیاوازی هەیە لەگەڵ هاووڵاتییەکی عەرەب و غەیرە عەرەب، ئێستا گەیشتووەتە ئەوەی جیاوازی هەیە لە نێوان هاووڵاتییەکی عەرەبی شیعە لەگەڵ هاووڵاتییەکی غەیری عەرەبی شیعە، بۆیە ئێمە بە شێوەیەکی مەبدەئی لەگەڵ ئەوە بووین کوردستان ببێتە دەوڵەت بۆ ئەوەی لە ئاسەواری ئەو ئەقڵییەتە ڕزگارمان بێت.

ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کۆمەڵێك وانەی بەسوودی فێرکردین کە من تەنیا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم:

١. ڕیفراندۆم فێری کردین ئەگەر گەلی کوردستان بە تەواوی هێزە سیاسییەکان و پێکهاتە جیاوازەکانیانەوە یەکهەڵوێست و یەکریز و تەبا بن، ئەوا کام ئامانج زۆر سەختە دێتە دی. من ئومێد دەخوازم یەکهەڵویستی و یەکریزی لە کوردستان زیاتر پتەوتر بێت، ئەمە یەکێکە لەو وانانەی کە لە داهاتووشدا شانازی بە ڕیفراندۆمەوە بکەین.

٢. ڕیفراندۆم فێری کردین کە پەرتەوازەیی نێوماڵی کوردستان چ ماڵوێرانکارییەك بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەداخەوە ئاکامەکانی ئەم پەرتەوازەییەمان لە دوای ڕیفراندۆم بینی.

٣. ڕیفراندۆم فێری کردین دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراق بە سوننە و شیعەوە، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ١٩٢١ هەتا ئێستا هەمان ئەقڵییەتە بەس زەمەن و دەموچاوەکان گۆڕاون.

٤. ڕیفراندۆم فێری کردین، ئەم پێکەوەژیانە ئاشتییانەی نێوان تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان هێزێکی گرنگە بۆ کوردستان، بۆیە دەبێت بە هەموو لایەکمان ئەم تەبایی و پێکەوە ژیانە ئاشتییە بپارێزین.

٥. ڕیفراندۆم فێری کردین، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی دەوڵەتانی زلهێزی وەك بەریتانیا و ئەمریکا، لە ڕوانگەی دروشمی مرۆڤایەتی و دیموکراتی و ئەخلاقییەوە مامەڵە ناکەن، ئەوان تەنیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری و هاوسەنگیی هێزەوە سەیری هەموو پرسێك دەکەن و هیچ بەهایەکی مرۆیی و ئەخلاقی لەبەر چاو ناگرن.

**لە حوزەیرانی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش هاتن و مووسڵ ناوچەکانی تا نزیک بەغدا کەوتنە دەستی تیرۆریستان و حکومەتی عێراق لەو پەڕی لاوازیدا بوو، بەڵام دیسان هەرێمی کوردستان بەشداریی حکومەتەکەی عەبادی کرد، بۆ ئەوەی دەرفەتێکی دی بدرێتە حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی بە دەستوورەوە پابەند بێت**

**لە کوردستان هیچ نەتەوە و ئایینێک کەمینە نییە و بە یەکسانی سەیر دەکرێن، بەڵام با سەرنج لە عێراق بدەین، عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا ئێستا نەیتوانیوە خۆی لەو چەمکە قێزەونە ڕزگار بکات کە دەڵێت: «هاووڵاتییانی موسڵمان و هاووڵاتییانی غەیرە موسڵمان»**

**ڕیفراندۆم فێری کردین ئەگەر گەلی کوردستان بە تەواوی هێزە سیاسییەکان و پێکهاتە جیاوازەکانیانەوە یەکهەڵوێست و یەکریز و تەبا بن، ئەوا کام ئامانج زۆر سەختە دێتە دی**

**دەوڵەتانی زلهێزی وەک بەریتانیا و ئەمریکا، لە ڕوانگەی دروشمی مرۆڤایەتی و دیموکراتی و ئەخلاقییەوە مامەڵە ناکەن، ئەوان تەنیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری و هاوسەنگیی هێزەوە سەیری هەموو پرسێک دەکەن و هیچ بەهایەکی مرۆیی و ئەخلاقی لەبەر چاو ناگرن**





## ئاسۆ کەریم

نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەندامی بزووتنەوەی ڕاپرسی لە کوردستان:

# بڕیاری ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم، بڕیاری گەلی کوردستان بووە، بەڵام ئایا هەمیشە ڕێز لە بڕیاری میللەتان گیراوە؟

ئاسۆ کەریم، کە ئێستا ئەندامی دەستەی کارگێڕیی ئەنجومەنی باڵای تێکۆشەرانی سەر بە بارەگای بارزانییە، دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری شارستانییە و لە سەرەتای ٢٠٠٠یشەوە کۆلیژی یاسای زانکۆی سەلاحەدینی تەواو کردووە و بڕوانامەی ماستەریشی لە یاسای نێودەوڵەتی بە نامە گۆڕینەوە «المراسلة» لە زانکۆیەکی بەریتانی وەرگرتووە. ئاسۆ کەریم هەر لە تەمەنی لاوییەوە و دوای ئەوەی ساڵی ١٩٧٧ کۆلێژی ئەندازیاری تەواو دەکات، دەبێتە پێشمەرگەی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەبێتە نووسەر لە ئێزگەی دەنگی کوردستان و، لەو کاتەوە هەتا ئێستا خەباتی بەردەوامە.

لەم مێژووەدا چەندین بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە، لەوانە، ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی برایەتی، بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی گوڵان، ئەندامی لێژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕاپرسیی کوردستان لە ٢٠٠٤، بەرپرسی دەزگای موکریان، ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، لە بواری نووسین و کاری ڕۆژنامەنووسیشدا، جیا لەوەی خاوەنی چەندین کتێبی چاپکراوە کە دووانیان لەسەر بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانە، لە هەمان کاتدا وەرگێڕێکی زۆر بەتواناشە لە زمانەکانی «ئینگلیزی و عەرەبی» و خاوەنی چەندین کتێبی وەرگێڕاویشە، وەك کاری ڕۆژنامەگەرییش بە سەدان دیراسەت و وتاری ڕۆژنامەوانی لەسەر پرسە سیاسی و نەتەوەییەکان بڵاو کردووەتەوە، لەم گفتوگۆیە «ڕیفراندۆم و هەڵویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی» لەسەر هەردوو ئاستی یاسایی و سیاسی بەمجۆرە دید و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:

گومان لەوەدا نییە کە کورد نەتەوەیەکی هەرە گەورەی بێ دەوڵەتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها ئەوەش دەزانین کە مافی چارەی خۆنووسینیش بۆ هەموو گەلان سەلمێندراوە، بەو گەل و نەتەوانەشەوە کە لە ناو دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

دەژین، بەڵام مومارەسەی ئەو مافە، هاوسەنگی هێز و بەرژەوەندییەکان تەحەکومی پێوە دەکات، لایەنێکی دیکە کە رووی خۆمان دەگرێتەوە، ئەوەیە کە ئێمە خۆشمان وەك بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لەسەر ئاستی یاسایی و سیاسی «تەکیف»ی کێشەی خۆمان نەکردووە، وەك کێشەی گەل و وڵاتێکی داگیرکراو، ئەمەش وای کردووە کە دەبێت کێشەکانمان لە چوارچێوەی دەستوور و یاسای ئەو دەوڵەتانە چارەسەر بکەین، کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە.

لێرەوە کاتێك باس لە پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆمەکەی ئەیلوولی ٢٠١٧ دەکەین و سەیری تایتڵی ئەم گفتوگۆیە دەکەین «ریفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی»، دەبێت ئەو راستییانەی ئاماژەم پێ کردن لەبەر چاو بگرین.

پێش ئەوەی بێمە سەر هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم کە لە دوای ساڵی ١٩٩٠ـەوە هەتا ئێستا ٣٨ دەوڵەتی تازە دامەزراون کە دواییینیان «باشووری سوودان» بوو، بەشێك لەو دەوڵەتانەش لە رێگەی ئەنجامدانی میکانیزمی ریفراندۆم دروست بوون، کە بێگومان رێگەی دیکەش هەیە، بەو مانایەی ریفراندۆم تاکە رێگە نییە بۆ تەعبیرکردن لە مافی چارەی خۆنووسین، جاری وا هەبووە، لە رێگەی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو ئەو بریارە دراوە و لە شەستەکانی سەدەی رابردووشدا لە رێگەی «لێژنەی پاکتاوکردنی کۆلۆنیالیزم» بوو کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێکیان هێنا، ئەو لێژنەیە کۆمەڵێك وڵات و هەرێمیان خستە ناو ئەو خشتەیەی کە پێیان دەگوترێت «کۆلۆنیاڵ» یان لەژێر «ماندێت و ویصایە»دا بوون، ئەو مافە بەو هەرێم و گەلانە دراوە کە سەربەخۆ بن. دیارە بەرەنگاربوونەوە و شۆڕشیش وەسیلەیەکی دیکەی رەوا بووە بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی.

لە ئێستادا تەنیا ١٧ هەرێمی بە کۆلۆنیکراو (موستەعمەرە) ماون کە سەربەخۆیی خۆیان وەرنەگرتووە. بەڵام دوورگە و هەرێمی بچووك و بە ژمارە کەمی دانیشتووانن، (سەحرای رۆژئاوا)ی لێ دەرچێ. بە داخەوە کوردستان وەکوو موستەعمەرە حیسابی بۆ نەکراوە.

بە هەرحاڵ، مەبەستم بوو بڵێم، ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمیش، میکانیزمێکە لە ناو میکانیزمەکانی دیکە بۆ تەعبیرکردن لە مافی چارەی خۆنووسین و پرسی جیاوازی دیکەش، شێوازێکی دیموکراتیی نیمچە راستەوخۆیە و لە میکانیزمەکانی دیکە دیموکراتیترە. ئەو ریفراندۆمەی ئێمە کە لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجام درا، دەکەوێتە چوارچێوەی ریفراندۆمی سیاسییەوە.

**ئێستادا تەنیا ١٧ هەرێمی بە کۆلۆنیکراو (موستەعمەرە) ماون کە سەربەخۆیی خۆیان وەرنەگرتووە**

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە ئەو ریفراندۆمەی ئێمە ئەنجاممان دا، بە بریاری خۆمان و تاکلایەنە بووە، راشکاوانەتر، بێجگە لەو پەرەگرافەی لەناو دیباجەی دەستوورەکەدا هاتووە، لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بەندێك نییە کە رێگەمان پێ بدات، ئێمە ریفراندۆم ئەنجام بدەین، لە هەمان کاتدا بەندێکیشی تێدا نییە رێگەمان لێ بگرێت، هەروەها رێککەوتنێکیشمان لەگەڵ حکومەتی عێراق نەبووە، وەك ئەو رێککەوتنەی ساڵی ٢٠٠٥ کە لە نێوان سوپای رزگاریخوازی باشووری سوودان و خەرتوومدا هەبوو، کە تیایدا نووسرا بوو «دوای تێپەڕاندنی قۆناغی راگواستن، باشووری سوودان دەتوانێت ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام بدات».

**ئێمە دەبوو بە رێگەی راگەیاندن و پەرلەمانی کوردستان و پارتە سیاسییەکان و ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم ئەم ئاکامی ناپابەندکارانەی ریفراندۆم لە دەوروبەری خۆمان و جیهان بگەیەنین، کە ئەم ریفراندۆمەی ئێمە «ریفراندۆمێکی راوێژکاری»یە و دەمانەوێت رای خەڵکی خۆمان بزانین**

لە ریفراندۆمەکەی ساڵی ٢٠١٧ی خۆماندا، جۆرێك لە تەمومژ هەبوو، بە راشکاوی دیار نەبوو کە ئایا ئاکامی ئەم ریفراندۆمە پابەندکارانەیە بۆ دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان وەك — سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری؟ ئەوە تەواو روون نەبوو، چونکە بەشێك لە بەرپرسان بە ئاشکرا دیانوت: «ئاکامی ئەم راپرسییە ناپابەندکارانەیە»، هەروەها چەندین وتاریش لەم بارەیەوە لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵاتدا بڵاو کرانەوە، تەنانەت ئەو کۆبوونەوەیەی پەرلەمانیش لە (١٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧) کە تایبەت بوو بە ریفراندۆم، بریاری تێدا نەدرا، بەڵکوو پەرلەمان موسادەقەی لەسەر کارڕاییەکان کرد و بە شێوەی راسپاردەش مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەنجامەکانی بۆ دواتر هێشتەوە.



**سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی هاتە لای جەنابی سەرۆک بارزانی، داوایان کرد کە ئەم ڕیفراندۆمە دوا بخرێت و هەوڵ بدرێت کێشەکان بە وتوویژ و بە چاودێریی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراقدا چارەسەر بکەن**

ئێمە دەبوو بە ڕێگەی ڕاگەیاندن و پەرلەمانی کوردستان و پارتە سیاسییەکان و ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم ئەم ئاکامی ناپابەندکارانەی ڕیفراندۆم لە دەوروبەری خۆمان و جیهان بگەیەنین، کە ئەم ڕیفراندۆمەی ئێمە «ڕیفراندۆمێکی ڕاوێژکاری»یە و دەمانەوێت ڕای خەڵکی خۆمان بزانین، بێ لەوە مەرجیش نییە وڵاتێك کە ڕیفراندۆم ئەنجام دەدات، بۆ سبەینەکەی دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنێت و لە دەوڵەتەکەی دیکە جیا ببێتەوە، دەبوایە ئەو خاڵەشمان زۆر باش ڕوون بکردایەتەوە کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم شتێکە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ شتێکی دیکەیە، چونکە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بەرفەرمانی هەلومەرجی ناوخۆ و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییە.

ئەوجا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەڵوێستی نێودەوڵەتی، ئەوا وەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، مافی چارەی خۆنووسین چ وەك پرەنسیپ و چ وەك مافیش، قاعیدەیەکی ئامیرە لە یاسای نێودەوڵەتیدا، بەڵام لە پراکتیکدا ئەم هەق و مافە تەنیا وەك پرسێکی «یاسای نێودەوڵەتی» سەیر ناکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن و، ئەم پرسە زیاتر لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی دەوڵەتان لەگەڵ یەکدی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەر بۆیە هەڵوێستی ئەمریکا زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەی ئێمە بوو کە جاریٚ کاتی نییە، هەروەها هەڵوێستی فەرەنسا و بەریتانیاش لە هەڵوێسیتی ئەمریکا نزیك بوون.

دەمەوێت باسی ئەو دیدارە بکەم، کە ئێمە وەك شاندی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە ٢٠٠٤ چووینە لای باڵیۆز ڕۆناڵد.ئی . نیومان، کە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی کاتیی ئیئتلاف «CPA» لە عێراق بوو. ڕۆژی ٢٦ی شوباتی ٢٠٠٤ لەگەڵ کاك هەڵکەوت عەبدوڵا، کە ئێستا لەم گفتوگۆیە دانیشتووە، وەك شاندی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم چووینە لای ئەو باڵیۆزە و بە ڕاشکاوانە پێی گوتین «ئەمریکا جەخت لە یەکپارچەیی خاکی عێراق و مافی پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق دەکاتەوە، کورد دەتوانێت ڕۆڵی باڵانس لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننەدا بگێڕێت و گرنگە ئێوە وەك کورد دەرفەتێك بە فیدراڵیزم لە عێراقدا بدەن و تاقی بکەنەوە»، بە کورتی ئەم قسەی باڵیۆزە ئەو مانایەی هەبوو کە مەرج نییە ئەمریکا لەگەڵ هەموو خواست و داواکانی ئێوە بێت.

ڕووسیا هەڵوێستەکەی نەرم، بەڵام زۆر تەمومژاوی بوو، گوتی «دەبێت ئاواتە ڕەواکانی گەلی کورد وەك گەلانی دیکە لە چوارچێوەی قانوونە نێودەوڵەتییەکاندا



بێتەدی»، ئەمەش زۆر لاستیکییە و تەفسیری زۆر هەڵدەگرێت. هەڵوێستی یەکێتیی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە هەمان شێوە لەگەڵ ڕیفراندۆم نەبوون.

سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی هاتە لای جەنابی سەرۆك بارزانی، داوایان کرد کە ئەم ڕیفراندۆمە دوا بخرێت و هەوڵ بدرێت کێشەکان بە وتووێژ و بە چاودێریی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراقدا چارەسەر بکەن. هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمایەتیش بەتایبەتی ئێران و تورکیا زۆر ڕوون بوو.

خاڵێکی دیکە هەر سەبارەت بە هەڵوێستی نێودەوڵەتی، ئەویش ئەوەیە لە دوای ساڵی ٢٠١٦ سیستمی جیهانی ئەوەی پێیان دەگوت «سیستمی نوێی جیهان»، وەرچەرخانی گەورەی بەسەردا هات، بەتایبەتی کە لە ئەمریکا دۆناڵد ترامپ دەرچوو، لە بەریتانیاش ڕاپرسی کرا، بۆ دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا، وای کرد کە بە شێوازێکی دیکە ئەم سیستمە جیهانییە کار بکات، هەر بۆ نموونە ترامپ وەك سەرۆکی ئەمریکا ئاراستەی بڕیارەکانی بەو شێوەیە بوو، کە پشتی لە هەموو دەوڵەتانی ئەندامی هاوپەیمانیی ناتۆ کرد، هەروەها بەریتانیا میکانیزمی جیابوونەوەی لە یەکێتیی ئەورووپا دەست پێ کرد، بۆیە لەم ڕوانگەیەشەوە دەڵێم، ئێمە لە خوێندنەوەی بارودۆخی سیستمی جیهانی زۆر سەرکەوتوو نەبووین. ئەم لایەنە زۆر گرنگە و دەبێت ئێستاش زۆر بایەخی پێ بدەین، چونکە لە ئێستاشدا جارێکی دیکە سیستمی جیهانی بەرەو وەرچەرخانێکی دیکە دەچێت، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاشکرا ڕایگەیاند «ئێستا جیهان زۆر بە خێرایی لە سیستمی یەك جەمسەرییەوە بەرەو سیستمی فرەجەمسەری دەڕوات». بۆیە زۆر گرنگە لێرەوە کورد هەوڵ بدات، باشتر لە سیستمی جیهانی تێ بگات و، بزانێت چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت و چۆن لە هاوسەنگیی نێوان هێزە گەورەکان مامەڵە دەکات.

ئێمە ئەگەر ئەمانە هەمووی پێکەوە کۆبکەینەوە، ئەوا دەبێت بزانین کە ڕاستە بڕیاری ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم، بڕیاری خۆمان و بڕیاری گەلی کوردستان بووە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەمیشە ڕێز لە بڕیاری میللەتان گیراوە؟ ئەوەتا کۆسۆڤۆ لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە یەکلایەنە سەربەخۆیی ڕاگەیاندووە و هەتا ئێستا نەبووەتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، تەنیا ١١٦ دەوڵەت ددانیان وەك دەوڵەت پێدا ناوە، ئەوانی دیکە لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکان لەگەڵ سربیا، دەزانن سربیا دژی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کۆسۆڤۆیە تا ئێستا ددانیان پێدا نەناوە.

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاشکرا ڕایگەیاند «ئێستا جیهان زۆر بە خێرایی لە سیستمی یەك جەمسەرییەوە بەرەو سیستمی فرەجەمسەری دەڕوات». بۆیە زۆر گرنگە لێرەوە کورد هەوڵ بدات، باشتر لە سیستمی جیهانی تێ بگات و، بزانێت چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت**





## هەڵکەوت عەبدوڵڵا

نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەندامی لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕاپرسی (ڕیفراندۆم) لە کوردستان:

# داوامان لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئەوە بوو ماددەیەکی تایبەت بە ڕیفراندۆم لە دەستووری عێراقدا هەبێت

هەڵکەوت عەبدوڵڵا، یەکێکە لە ڕۆشنبیر و نووسەرە دیارەکانی کوردستان، کە لە ڕوانگەی بیری پێشکەوتنخوازیی نەتەوەیی کوردییەوە خوێندنەوە بۆ ئاراستەی کێشە و ڕووداوە سیاسییەکان دەکات و یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ڕاپرسی (ڕیفراندۆم) لە کوردستان، لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٣ەوە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە ناو بزووتنەوەکەدا و خەمخۆرانە لە کاتی پرۆسەی نووسینەوەی دەستووردا وەك شاندی بزووتنەوەی ڕاپرسی ئیمزاکانی نزیکەی دوو ملیۆن هاووڵاتی بردووەتە بەغدا، کە بوونە پاڵپشت و پشتگیری بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، بۆ ئەوەی لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووردا پێداگریی زیاتر لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان بکەن، هەروەها ئەندامی ئەو شاندەی بزووتنەوەی ڕاپرسی بووە کە ئیمزاکانیان برد بۆ بارەگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەمریکا و کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە ژنێڤ و پەرلەمانی بەریتانیا و سوێد و حکومەتی دانمارك، لە گفتوگۆی ئەم جارەشدا (ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) بە پەرۆشییەوە دید و بۆچوونەکانی لەسەر زەروورەتی سەربەخۆیی کوردستان خستە ڕوو.

من دەمەوێت لە ناوخۆوە لەسەر هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە ڕیفراندۆم قسە بکەم، واتە ئێمە چیمان کرد، بۆ ئەوەی وا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین بەپیر خواست و داواکارییەکانمانەوە بێن.

یەکێك لەو خەوشییانەی بووە مایەی جێگیرنەبوونی تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان، بنیادنانەوەی عێراق بوو لەسەر بنەمای بەلوبنانیکردن، واتە لەسەر بنەمای سێکوچکەی شیعە و سوننە و کورد. من تێناگەم بۆچی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەم بەلوبنانیکردنە ڕازی بوون؟ کورد نە ئایینە، نە مەزهەبە و نە ڕەوتی ئایینی، تا بەرانبەر بە شیعە و سوننە دابنرێت.

ئینجا با بێمە سەر بزووتنەوەی ڕاپرسی (ڕیفراندۆم) لە کوردستان کە نزیکەی دوو

ساڵ و نیو تێکۆشا و، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان نەیتوانی فشار و داواکارییەکانی وەبەربهێنێ و بۆ ڕۆژگاری دواتر سوودیان لێ وەربگرێت.

دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، ئێمە کۆمەڵێك ڕووناکبیر لە شاری سلێمانی، لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٣ بزووتنەوەی ڕیفراندۆممان ڕاگەیاند، دواتر لە مانگی ١٠ی هەمان ساڵ لە کۆبوونەوەیەکدا لە هەولێر، کرا بە بزووتنەوەی ڕاپرسی (ڕیفراندۆم) لە کوردستان بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و لە ماوەی چالاکییەکانیدا گەلێك دەستکەوتی هەبوو و جێی خۆیەتی بڵێین ئەم بزووتنەوەیە لەو ماوەیەدا توانی چی بکات؟

بزووتنەوەکە کاری لەسەر چەند پرەنسیپێك دەکرد، کە لەو کاتەدا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان پێویستی پێیان هەبوو و وایان کردبوو، بەردەوام لە پەیوەندیدا بن لەگەڵ بزووتنەوەکەدا، بەتایبەتی لە سەروبەندی پرۆسەی دانوستانی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، بۆ ئەوەی عێراق لەسەر بنەمای دەستوورێکی شایستە بونیاد بنرێتەوە، دەتوانم بڵێم، ئەم بزووتنەوەیە وەك سەنگەری پاڵپشتیی هێزە سیاسییەکان بوو، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان.

لە ماوەی کارکردنماندا، گفتوگۆی ئەوەمان لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسی دەکرد، کە لە بڕیارداندا ڕەچاوی چەند بنەمایەك بکەن، لەوانە «بوونی شەفافییەت لە بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان»، بەو مانایەی سەرکردە سیاسییەکان بە تەنیا خۆیان و بەدەر لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە ژوورە داخراوەکاندا بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵکی کوردستان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان دانوستاندن نەکەن و بڕیار نەدەن، بەڵکو خواست و ڕای گەلی کوردستان بکەن بە پاڵپشت بۆ خۆیان، کە بەداخەوە دواجار وەك پێویست پیادەی ئەم بنەمایە نەکرا.

ئێمە لە بزووتنەوەی ڕاپرسی (ڕیفراندۆم) لە کوردستان، لە چالاکییەکی یەك هەفتەییدا نزیکەی دوو ملیۆن ئیمزای هاووڵاتیانی کوردستانمان کۆ کردەوە، کە داوای سەربەخۆییان دەکرد و ڕازی نەبوون بە مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، ئەم ئیمزایانەمان برد بۆ دانوستاندنی لایەنە سیاسییەکان لە بەغدا و داوامان لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئەوە بوو، کە ماددەیەکی تایبەت بە ڕیفراندۆم لە دەستووری عێراقدا هەبێت. ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگ بوو، چونکە ئەوانەی باس لە ڕەوایەتیی مافی چارەی خۆنووسینی هەموو میللەتێك دەکەن، بەبێ بوونی دەقێك لە دەستووردا، یان ڕێککەوتنێکی دیاریکراو دەربارەی پێکەوەژیان و مەرجەکانی، تەنیا وەك پرسێکی تیۆری و دەقێك لە ناو پەیماننامە و ڕێککەوتنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا دەمێنێتەوە، کە لە پراکتیکدا ملکەچی هاوسەنگیی هێز و بەرژەوەندیی نێوان دەوڵەتانە.

بە هەرحاڵ، بە هۆی هەوڵەکانی بزووتنەوەی ڕاپرسییەوە، توانرا دوو خاڵ لە دەستوورەکەدا جێگیر بکرێت، کە بەو جۆرە نەبوو، ئێمە داوامان دەکرد، ئەو دووخاڵەش بریتی بوون لە:

١. لە دیباجەی دەستوورەکەدا باسی یەکێتیی ئارەزوومەندانە و پابەندبوون پێوەی کراوە، بەڵام دوو کەموکووڕیی هەیە: یەکەم دیباجە وەك بەشێك لە دەستوورەکە دیاری نەکراوە، واتە پابەندبوونی تێدا نییە، هەروەها باسی ڕاپرسی ناکات، وەك میکانیزمێك بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان دەربارەی جێبەجێکردنی دەستوور.

٢. ئەگەر کێشەیەکی دەستووری و یاسایی لە نێوان هەرێم و عێراقدا هاتە ئاراوە، پشت بە ڕاپرسیی نێو سێ پارێزگا ببەسترێت و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپرسییەدا کێشەکە چارەسەر بکرێت.

سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە دوای ساڵ ٢٠٠٣ و لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا ڕازی بووە بەوەی عێراقی تازە لەسەر بنەمای دەوڵەتێکی فیدراڵیی یەکگرتوو بونیاد بنرێتەوە، کەچی دەقێکی ڕاشکاو لە ناو دەستوورەکەدا نییە کە بڵێت «ئەگەر ئەم دەستوورە جێبەجێ نەکرا، هەرێمی کوردستان مافی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی هەیە».

پرسیاری من بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئەوەیە، بۆچی نەیانتوانی پێداگری

**یەکێک لەو خەوشییانەی بووە مایەی جێگیرنەبوونی تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان، بنیادنانەوەی عێراق بوو لەسەر بنەمای بەلوبنانیکردن، واتە لەسەر بنەمای سێکوچکەی شیعە و سوننە و کورد**

**لە چالاکییەکی یەک هەفتەییدا نزیکەی دوو ملیۆن ئیمزای هاووڵاتیانی کوردستانمان کۆ کردەوە، کە داوای سەربەخۆییان دەکرد و ڕازی نەبوون بە مانەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا**

**ئەگەر حکومەتی عێراق لە ماوەی ئەو ١٠-١٢ ساڵەدا بەردەوام دەستوورەکەی پشتگوێ خستبێت و جێبەجێی نەکردبێت، بۆچی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان زەمینەسازی نەکردووە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ناچار بکرێت دەستوورەکە جێبەجێ بکات؟**

لەسەر کوردستانیبوونی کێشەکان بکەن؟ بۆچی نەیانتوانی پێداگری لەسەر بوونی ماددەیەك دەربارەی ڕیفراندۆم لە ناو دەستووردا بکەن؟

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە بزووتنەوەی ڕاپرسی بزووتنەوەیەکی میللی بوو، گوزارشتی لە خواستی گەلی کورد دەکرد و بە درێژایی دوو ساڵ و نیو تێکۆشا بۆ ئامانجە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، کەچی ئەو لێژنە باڵایەی لە ساڵی ٢٠١٧دا بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پێك هێنرا، بریتی بوو لە لێژنەی باڵای حزبەکانی کوردستان، نەك لێژنەی باڵای گەلی کوردستان و بزووتنەوەی ڕاپرسی بانگهێشت نەکرا، بۆ ئەوەی لەو لێژنە باڵایەدا هەبێت، تا سوود لە ئەزموونەکەی وەربگیرێت.

برادەران ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە یەکێك لەو هۆکارانەی بووە مایەی بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئەوە بوو کە حکومەتی عێراق هەر لە سەرەتاوە پابەند نەبووە بە جێبەجێکردنی دەستوورەکەوە و ماددەکانی پێشێل کردووە، پرسیاری من ئەوەیە، ئەگەر حکومەتی عێراق لە ماوەی ئەو ١٠-١٢ ساڵەدا بەردەوام دەستوورەکەی پشتگوێ خستبێت و جێبەجێی نەکردبێت، بۆچی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان زەمینەسازی نەکردووە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ناچار بکرێت دەستوورەکە جێبەجێ بکات؟ بۆچی دوای نووسینەوەی دەستوور کاری بۆ ئەوە نەکرد، پرەنسیپی ڕیفراندۆم جێگیر بکەن، یان لەگەڵ ناوەنددا ماوەیەکی دیاریکراو بۆ چارەسەری کێشەکان دیاری بکەن، ئەگەرنا ڕیفراندۆم بکرێت؟ ئایا



سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان توانییان زەمینەسازی بکەن لەگەڵ زلهێزەکانی جیهان تا قەناعەتیان پێ بکەن، یان گوشار بخەنە سەر عێراق تا دەستوورەکە جێبەجێ بکات، یان ڕیفراندۆم و بڕیاردان لە سەربەخۆیی کوردستان وەك مافێکی ڕەوا پیادە بکرێت؟

لێرەدا حەزدەکەم ئەوە بە بیر بهێنمەوە، ئێمە وەك شاندی بزووتنەوەی ڕاپرسی کە پێکهاتبووین لە بەندە و هەر دوو خوالێخۆشبوو د.نەجمەدین کەریم و فەوزی ئەتروشی، ئیمزای هاووڵاتیانی کوردستانمان برد، بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و پێمان گوتن ئەم ئیمزایانە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، لە باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە نهۆمی سێیەم، خانمێك پێی گوتین: ئێوە دەتوانن لە دوو حاڵەتدا ئەم ئیمزایانە بەکار بهێنن:

١. ئەگەر هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر گوشارێکی توندی مەترسیدارەوە لە لایەن حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە.

٢. ئەگەر پەرلەمانی کوردستان داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، بۆ ئەوەی بێن و لە کوردستان سەرپەرشتیی ڕیفراندۆم بکەن.

بە داخەوە، کاتێ گوشارهێنانەکانی عێراق پەنا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان نەبرا و سوود لەو ئیمزایانە وەرنەگیرا کە ڕادەستیان کرابوو، پەرلەمانی کوردستانیش نەك هەر داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکانی نەکرد بۆ ئەوەی بێن لە کوردستان سەرپەرشتیی ڕیفراندۆم بکەن، بەڵکو لەو سەردەمەدا خۆشیان کاریان بۆ جێگیرکردنی بنەمای ڕیفراندۆم لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا نەکرد و هاوکاری بزووتنەوەی ڕیفراندۆمیش نەبوون.

کەواتە واقیعەکە پێمان دەڵێت، وەك پێویست زەمینەسازیمان نەکردووە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بە ڕاستیش پێش ئەنجامدانی پرۆسەکە و دوای ئەنجامدانی پرۆسەکەش هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیمان بینی، ڕاستە ئێمە (بە بەڵێ) دەنگمان بۆ سەربەخۆیی دا، بەڵام دەبێت بەخۆداچوونەوە بە خۆشماندا بکەین. ئەمڕۆ بە باردۆخێکدا تێدەپەڕین کە میللەتەکەمان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گرفتی گەورە بووەتەوە، دەبێت هەموو پێکەوە بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن ئەم میللەتە لەو گرفتانە ڕزگار بکەین، ڕاشکاوانە دەڵێم خەریکە کێشەی کورد لە عێراقدا دەبێتە کێشەی (مووچە و بودجە)، ئەمەش کێشە گەورەکەی ئێمەی زۆر بچووك کردووەتەوە.

ئێمە دەرفەتی زۆر گەورەمان لەدەست خۆمان داوە، کە هەق نەبوو ئەو دەرفەتانە هەرگیز لەدەست بدەین، هۆکاری سەرەکی بۆ لە دەستدانی دەرفەتەکان بە پلەی یەکەم دەگێڕمەوە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبی و بایەخدان بە خۆدەمەڵەندکردن و پارەپەیداکردن، نەك پێداگری لەسەر پرسە نیشتمانییەکان. پێموایە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ زیاتر لە ساڵی ٢٠١٧ لەبارتربوو بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە، چونکە باردۆخەکە زۆر لەبارتر بوو، بەڵام ئەوەمان نەکرد، ئەمەش ئاسەواری ئەو بێباکییەمان بوو. بۆ نموونە، ئەوکات ئەمریکا لە عێراقدا بێجگە لە کورد دۆستی ڕاستەقینەی نەبوو، عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەش دۆستی ئەمریکا نەبوون و بەهێز و کاریگەر نەبوون و دەمانتوانی زۆر شت فەرز بکەین، بە ڕیفراندۆمیشەوە، بەڵام نەمان کرد.

لایەنێکی دیکە کە بە نەرێنی شکاوەتەوە ئەوەیە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمیش، هێندەی پشت بە ڕاوێژکاری بیانی دەبەستن و ڕاوێژیان پێ دەکەن، هێندە پشت بە هزر و ئەقڵە خاوەن ئەزموون و دڵسۆزەکانی ناوخۆی وڵات نابەستن و ڕاوێژیان لەگەڵ ناکەن، یان پشت بەو ئەکادیمیستە ناوخۆییانە دەبەستن کە حزبین و ئەزموونی ئەوەیان نییە زانین و زانیارییەکان لێهاتووانە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەم دیدە ڕەخنەگرانەیە بۆ واقیعی سیاسیی کوردستان و لەدەستدانی دەرفەتەکان، لەو ئازارەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەو واقیعەی ئێستا هێناوەتە ئاراوە، ئەگەر دەرفەتەکانمان لەدەست نەدایە و پێداگریمان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان بکردایە، ئەوا ئێستا خاوەنی دەوڵەت و قەوارەی سیاسیی خۆمان بووین و بۆ دابینکردنی مووچە و بودجە ڕوومان لە بەغدا نەدەکردەوە.

**بە داخەوە، کاتێ گوشارهێنانەکانی عێراق پەنا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان نەبرا و سوود لەو ئیمزایانە وەرنەگیرا کە ڕادەستیان کرابوو**

**هۆکاری سەرەکی بۆ لە دەستدانی دەرفەتەکان بە پلەی یەکەم دەگێڕمەوە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبی و بایەخدان بە خۆدەمەڵەندکردن و پارەپەیداکردن، نەك پێداگری لەسەر پرسە نیشتمانییەکان**

**ئەگەر دەرفەتەکانمان لەدەست نەدایە و پێداگریمان لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان بکردایە، ئەوا ئێستا خاوەنی دەوڵەت و قەوارەی سیاسیی خۆمان بووین و بۆ دابینکردنی مووچە و بودجە ڕوومان لە بەغدا نەدەکردەوە**




د.ساحب قارەمان

مامۆستای زانکۆ:


# حزبە سیاسییەکان نەیانتوانی وەک ڕووداوێکی گەورەی جیهانی مامەڵە لەگەڵ ڕیفراندۆم بکەن

**د.ساحب قارەمان، جیا لەوەی مامۆستای زانکۆیە، لە هەمان کاتدا یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی کە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان و عێراقدا و کەسایەتییەکی کاریگەرە لە دانانی پلانی ستراتیژی و دانوستانکارێکی پراگماتیکییە بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان، لە پرۆسەی ڕیفراندۆمیشدا یەکێک بوو لەو هەڵسووڕێنە دیارانەی کە ڕۆڵی باشی گێڕا بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دەنگدان، لەم گفتوگۆیەشدا بەمجۆرە دیدوبۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.**

ئەمڕۆ ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە و گفتوگۆ لەسەر پرسێك دەکەین، کە ئەویش «ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی»یە. ئەمە واتە پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کوردستان، ڕووداوێکی گەورەیە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و هەموو جیهانیش. کەواتە گرنگە ئێمەش وەك ڕووداوێکی گەورەی جیهانی مامەڵە لەگەڵ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ئاکام و ئەو دەرهاویشتانەش بکەین کە بە ئەرێنی و نەرێنی لەگەڵ خۆی هێناویەتی.

بە شێوەیەکی گشتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوی گەورە، پێویستی بە دیراسەتی قووڵ و خوێندنەوەی زانستیی قووڵ هەیە. هەموو ڕووداوە گەورەکانی جیهانیش بە دەیان و سەدان کتێبی جۆراوجۆری لەسەر نووسراوە، هەر یەك لەو نووسین و کتێبانەش بە شێوازی جۆراوجۆر هەڵسەنگاندیان بۆ ئەو ڕووداوە گەورانەی جیهان کردووە. هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری ڕووداوی «ڕووخانی دیواری بەرلین» بکەین، لە نۆڤمبەری ١٩٨٩، ئەم ڕووداوە تەنیا ڕووخانی دیوارێك نییە کە بۆ ماوەیەکی درێژ شارێکی ئەڵمانیای دوو لەت کردبێت، بەڵکو ڕووخانی ئەو دیوارە سەردەمێکی تازەی لە سیستمی جیهانی دروست کرد، هەر بۆیە فرانسیس فۆکۆیاما ناوی لێ نا «کۆتایی مێژوو»، بەو مانایەی ئەو سیستمی لیبراڵ دیموکراتییە سەرکەوت، کە ئازادی بۆ مرۆڤایەتی دابین دەکات. لە بەرانبەردا سامۆئیل هنتگتن ناوی لێ نا «پێکدادانی شارستانییەکان»، بەو مانایەی شارستانیەتەکانی دیکەی جیهانی

قبووڵ ناکەن، شارستانیەتی ڕۆژئاوا باڵادەست بێت بەسەر شارستانیەتەکانی دیکەی جیهاندا و ئەمەش شەڕ و پێکدادانی لێ دەکەوێتەوە.

پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك ڕووداوێکی گەورە مامەڵەیان لەگەڵ ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان کرد؟ لە وەڵامدا دەڵێم: بەڵێ، بەڵام ئەم مامەڵە گەورەیە بەو مانایە ناڵێم کە مامەڵەیەکی نەرێنی، یان ئەرێنییان لەگەڵ کردووە، بەڵکو بەو مانایەی دەڵێم، هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی بڕیاری ڕیفراندۆم لە حوزەیرانی ٢٠١٧ هەتا ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ کە خەڵکی کوردستان دەنگیان دا، دوای ئەویش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و مامەڵەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو ئەم قۆناغانە وەك ڕووداوێکی گەورەی جیهانی لەسەر ئاستەکانی (میدیاکانی جیهان، نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش، ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، دەوڵەتانی هەرێمی، کۆمکاری عەرەبی و... هتد) مامەڵەی لەگەڵ کراوە، تەنانەت لە یادمە کەناڵێکی گەورەی جیهانی وەك CNN بە مانشێتی گەورە نووسیبووی «کوردستان تەحەددای هەموو جیهان دەکات».

لێرەوە دوو ئاراستە دروست دەبێت، یەکێکیان ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی هەرێمی دراوسێیی کوردستان، کۆمکاری عەرەبی و یەکێتیی ئەورووپا بە شێوەیەکی گشتی وەك ڕووداوێکی گەورەی جیهانی بە «نەرێنی و دژ» مامەڵەیان لەگەڵ ڕیفراندۆم کردووە، ئاراستەی دووەمیان گەلی کوردستانە کە خۆی خاوەنی بڕیاری ڕیفراندۆمە، ئایا وەك ڕووداوێکی گەورەی جیهانی مامەڵەی لەگەڵ ڕیفراندۆم کردووە و داکۆکی لەو بڕیارە مەزنەی خۆی کردووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم، میدیا بە شێوەیەکی گشتی و تەواوی حزبە سیاسییەکانیش نەك هەر وەك ڕووداوێکی گەورەی جیهانی مامەڵەمان لەگەڵ نەکردووە، بەڵکو وەك ڕووداوێکی لۆکاڵیی تایبەت بە هەرێمی کوردستانیش مامەڵەیان لەگەڵ نەکردووە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی هێندە گەڕاوین بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبییەوە پاساو و بیانوو بۆ ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم بدۆزینەوە، ئەوەندە لەسەر ئیرادەی گەلی کوردستان قسەمان نەکردووە، کە لە ڕۆژی دەنگدان و بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بینیمان.

بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، لە زۆر ڕووەوە لە بڕیاری کۆڕەوی خەڵکی کوردستان دەچێت لە کۆتایی ئاداری ١٩٩١، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، چ ئیرادەیەك بڕیاری کۆڕەوی دا لە ئاداری ١٩٩١؟ لەسەدا چەندی خەڵکی کوردستان بەشداریی کۆڕەوی کرد؟ بۆچی کۆڕەو بووە ڕووداوێکی گەورەی جیهانی؟ وەڵامدانەوەیەکی کورتی ئەم پرسیارانە کارئاسانیمان بۆ دەکات، بۆ هەمان ئەو پرسیارانە کە لە ڕیفراندۆمیشی بۆ دەکەین، بەم جۆرە:

- کۆڕەو بڕیارێکی خۆڕسکانەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بوو، ئەو خەڵکە مردن و ئاوارەییان هەڵبژارد، لە بەرانبەر بوونێکی بێ مانادا.

- لەگەڵ ئەوەی ئامارێکی دروست لەبەر دەست نییە، بەڵام بە هەموو حیسابێك ڕێژەی ئەو خەڵکەی لە کۆڕەو بەشدارییان کرد، ڕێژەی ٥٠٪ی خەڵکی کوردستانی تێنەپەڕاندووە.

- بۆیە بووە ڕووداوێکی جیهانیی گەورە، لەبەر ئەوەی مەترسیی ئەوە هەبوو، کارەساتێکی مرۆیی بێتە ئاراوە.

ئەگەر هەمان ئەو پرسیارانە ئاراستەی ڕیفراندۆم بکەین، وەڵامەکان بەم شێوەیە دەبن:

- بڕیاری چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگدان بەبەڵێ بۆ سەربەخۆیی بڕیارێکی خۆرسکانەی گەلی کوردستان بوو.

- ڕێژەی ٧٢٪ی گەلی کوردستان بە دانیشتووانی ناوچە جێ ناکۆکەکانیشەوە بەشدارییان لە پرۆسەی دەنگدان کردووە و لەم ڕێژەیە هاونیشتمانییان ٩٢,٧٪یان دەنگیان بە «بەڵێ» بۆ سەربەخۆیی داوە، کە بێجگە لە هەڵبژادنەکانی ساڵی ١٩٩٢، لە هیچ هەڵبژاردنێکدا بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەو ڕێژەیەی بەشداربوونی نەبووە.

ئەگەر ئاکامی دەنگدانی ڕیفراندۆم بخەینە

**گرنگە ئێمەش وەک ڕووداوێکی گەورەی جیهانی مامەڵە لەگەڵ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ئاکام و ئەو دەرهاویشتانەش بکەین کە بە ئەرێنی و نەرێنی لەگەڵ خۆی هێناویەتی**

**کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی هەرێمی دراوسێیی کوردستان، کۆمکاری عەرەبی و یەکێتیی ئەورووپا بە شێوەیەکی گشتی وەک ڕووداوێکی گەورەی جیهانی بە «نەرێنی و دژ» مامەڵەیان لەگەڵ ڕیفراندۆم کردووە**

**هێندە گەڕاوین بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبییەوە پاساو و بیانوو بۆ ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆم بدۆزینەوە، ئەوەندە لەسەر ئیرادەی گەلی کوردستان قسەمان نەکردووە**



**هاونیشتمانییان ٩٢,٧٪یان دەنگیان بە «بەڵێ» بۆ سەربەخۆیی داوە، کە بێجگە لە هەڵبژادنەکانی ساڵی ١٩٩٢، لە هیچ هەڵبژاردنێکدا بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەو رێژەیەی بەشداربوونی نەبووە**

ناو ئەو پرەنسیپەی جیهانی ڕۆژئاوا و سیستمی دیموکراتی کە سەدان ساڵە کردوویانە بە دروشم و شانازی پێوە دەکەن و دەڵێن «هەموو کات دەنگدەر لەسەر هەقە و ڕاستی لای دەنگدەرە»، لەم ڕوانگەیەشەوە دیسان «کۆڕەو و ڕیفراندۆم» یەك پەیامیان هەبووە، کە گەلی کوردستان جارێکی دیکە لە دیکتاتۆریەت ناڕزی و نابێتە بەشێك لە ڕژێمێکی دیکتاتۆری و ژێردەستەیی قبووڵ ناکات، یان بە دیوێکی دیکەدا قبووڵ ناکات مافی هاووڵاتیبوون و کوردستانیبوونی لێ بسەندرێتەوە و بە بیانووی جۆراوجۆری بێ بنەما سزا بدرێت.

لەم چوارچێوەیەدا، ئێمە دەبێت لەسەر ئەوە هەڵوەستە بکەین، بۆچی ئێمە نەمانتوانی لەگەڵ پرۆسەی ڕیفراندۆم وەك ڕووداوێکی گەورەی جیهانی مامەڵە بکەین؟ بۆچی حزبە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان لێ بێبەری کرد و ئۆباڵەکەیان خستە ئەستۆی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان؟ بۆچی حزبە سیاسییەکان داوای هەڵوەشانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەکرد و دەیانویست حکومەتی «ئینقازی وەتەنی دابمەزرێت»؟ بۆچی حزبە سیاسییەکان دژی مقاوەمەت و بەرگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون و چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، هەولێر و دهۆکیش داگیر بکرێتەوە؟

وەڵامی ئەم هەموو دژایەتییە لە چوارچێوەی پرەنسیپی لیبراڵ دیموکراتیدا یەك مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەم هەموو دژایەتییەی حزبە سیاسییەکان مانای ئەوەیە دەیانەوێت بڵێن: گەلی کوردستان بە دەنگدانی بۆ سەربەخۆیی لەسەر هەق نەبووە و ئەو مافەی نییە و ڕاستی لای دوژمنانی گەلی کوردستانە.

ئەمە ئەو دەرهاویشتە نەرێنی و ترسناکەیە کە دەبێت هەڵوەستەی جددی و دیراسەت و توێژینەوەی زۆر ورد و قووڵ و زانستی لەسەر بکرێت و، دەبێت هەوڵ بدرێت ڕەگ و ڕیشەی ڕق و کینە لە کۆمەڵگەی کوردستان



هەڵبکێشرێت، کە بە بیانووی دژایەتیکردنی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، دژی ئیرادەی گەلی خۆیان ڕادەوەستنەوە و ئەو ئیرادە گەورەیەی گەلی کوردستان ناشیرین دەکەن.

پرسیاری گرنگ و سەرەکی لەم پرسەدا ئەوەیە، بۆچی ئەو ئیرادە مەزنەی بڕیاری بەشداریکردنی ڕیفراندۆمی کرد و بە «بەڵێ» دەنگی دا، بۆچی هەمان ئەو ئیرادەیە نەیتوانی بەرگری لە بڕیارەکەی خۆی بکات؟

هەر خودی ئەم پرسیارە کە پێویستی بە هیچ وەڵامێك نییە، پێمان دەڵێت: ئەوەی ئەو ئیرادەی لەت کرد و نەیهێشت بەرگری لە بڕیارەکەی خۆی بکات، ئەو حزبە سیاسییانە بوون کە تاك لایەنە لەگەڵ دوژمن ڕێککەوتنیان کرد و پێش هەمووان ئیرادەی پێشمەرگە و جەماوەرەکەی خۆیان شکاند، ئەو میدیایانە بوون کە بە بەلاش بوونە زوڕنا و بڵندگۆی ئەو هێزە داگیرکەرەی هێرشی دەکردە سەر کوردستان و ئامانجی بوو، هەموو کوردستان داگیر بکاتەوە.

کەواتە لێرەوە من دەگەڕێمەوە بۆ تایتڵی ئەم گفتوگۆیە «ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی»، زۆر ڕاشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، هەڵوێستی نێودەوڵەتی، واتە «بەرژەوەندی و هاوسەنگیی هێزی نێوان دەوڵەتەکان»، بۆیە کەمتر لەسەر هەڵوێستی نێودەوڵەتی هەڵوەستەم کرد و زیاتر جەختم لە فاکتەرە ناوخۆییەکانی کوردستان کردەوە، لەبەر ئەوەیە، ئەگەر حزبە سیاسییەکانی کوردستان ئەو پەیامەیان بە جیهان نەدایە، کە «گەلی کوردستان لەسەر هەق نییە» و بە یەکگرتوویی بەرگرییان لە ئاکامی ڕیفراندۆم بکردایە، ئەوا هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەسەردا دەهات و، کاتێك دەیانزانی بەرژەوەندییەکان دەکەوێتە مەترسییەوە، هەڵویستەکانیان گۆڕانکاری بەسەردا هات، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم وەرچەرخانە، ئەوەیە کە دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگری لە پێشڕەوییەکانی هێزە عێراقییەکان کرد بۆ هەر دووو پارێزگای هەولێر و دهۆك و نەیانهێشت ئەو دوو پارێزگایە بگۆڕێت، جارێکی دیکە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەسەردا هات و ئەمانوئێل ماکرۆن بانگهێشتی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی کرد و لە کۆشکی ئەلیزی پێشوازی لێ کردن.

هەربۆیە لە دوماهیدا جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەمەوە، بۆ ئێستاش کە هەرێمی کوردستان هەر ڕۆژەی بە بیانوویەك ڕووبەڕووی گرفتێك دەبێتەوە لەگەڵ عێراق، هۆکارەکەی نەبوونی ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە پێویستەیە بۆ داکۆکیکردن لەو مافە دەستوورییانەی هەرێمی کوردستان، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕیفراندۆم و ئاکامەکەشی، ئاکامی ڕیفراندۆم جێگەی شانازییەکی گەورە و وێنەیەکی گەش و گەورەی ئیرادەی گەلی کوردستان بەرجەستە دەکات، ئەگەر یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی پێویستی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان وەك پێویست دروست بێت، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین وەبەرهێنانی زۆر باشی لەسەر بکەین.

**«کۆرەو و ڕیفراندۆم» یەك پەیامیان هەبووە، کە گەلی کوردستان جارێکی دیکە لە دیکتاتۆریەت ناژی و نابێتە بەشێك لە ڕژێمێکی دیکتاتۆری و ژێردەستەیی قبووڵ ناکات**

**دەبێت هەوڵ بدرێت ڕەگ و ریشەی ڕق و کینە لە کۆمەڵگەی کوردستان هەڵبکێشرێت، کە بە بیانووی دژایەتیکردنی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، دژی ئیرادەی گەلی خۆیان ڕادەوەستنەوە و ئەو ئیرادە گەورەیەی گەلی کوردستان ناشیرین دەکەن.**

**ئەوەی ئەو ئیرادەی لەت کرد و نەیهێشت بەرگری لە بڕیارەکەی خۆی بکات، ئەو حزبە سیاسییانە بوون کە تاك لایەنە لەگەڵ دوژمن ڕێککەوتنیان کرد و پێش هەمووان ئیرادەی پێشمەرگە و جەماوەرەکەی خۆیان شکاند**





**کەرخی ئاڵتی بەرماخ**

سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان:

# گەلی کوردستان بە ڕێژەی ٩٢,٧٪ بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەنگیان دا

**کەرخی نەجمەدین نوورەدین ئاڵتی بەرماخ، سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانە لە کوردستان، ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بووە و، ڕۆڵێکی دیاری لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا گێڕاوە، وەك نوێنەری نەتەوەی تورکمانیش ئەندامی لێژنەی باڵای نووسینەوەی دەستووری عێراق بووە، لە پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، لەم گفتوگۆیەدا (ریفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) بەم جۆرە دید و تێڕوانینی خۆی لەسەر پرۆسەکە خستە ڕوو:**

لە پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستان، دەنگدانی ئێمە وەك نەتەوەی تورکمان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ بووە، لە دەستپێکەوە دەمەوێت دوو پرسیار بکەم و لەبەر ڕۆشنایی ئەو دوو پرسیارەش دید و بۆچوونەکانی خۆم وەك نەتەوەی تورکمان دەر ببڕم:

١. بۆچی ئەو بیرۆکەیە هاتە ئاراوە ئێمە کە ناچار بین پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام بدەین؟

٢. بۆچی ئێمە وەك نەتەوەی تورکمان بەشداریی ئەم پرۆسەیەمان کرد و بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەنگمان دا؟

سەبارەت بە پرسیاری یەکەمم، من خۆم وەك نوێنەری نەتەوەی تورکمان و ئەندامی شاندی باڵای دانوستاندنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بووم لە بەغدا لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی، ماوەیەکی زۆریش لە بەغدا ماینەوە، هەتا پرۆسەی نووسینەوەی ئەو دەستوورە کۆتایی هات.

پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور کێشمەکێشی زۆری تێدا بوو، بەڵام سەرەنجام بەو شێوەیە کۆتایی هات کە هەموو لایەك پێی ڕازی بن، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش گەلی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە دەنگی پێ دا و پەسەندی کرد، ئەم دەستوورە لەگەڵ ئەوەی هەموو مافەکانی گەلی کوردستان بەدی ناهێنێت، بەڵام لانی کەمی مافەکانی گەلی کوردستانی لەخۆ گرتووە، هەر بۆیە لەو ڕوانگەیەوە دەنگی پێ درا، ئەگەر ئەم

دەستوورە وەك خۆی ماددەکانی جێبەجێ بکرایە و، دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمایەکی تازە وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی و فرەیی بونیاد بنرابایەوە، چوارچێوەیەك دروست دەبوو، بۆ ئەوەی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە و ئارەزوومەندانە لەو دەوڵەتە فیدراڵییەدا پێکەوە بژین، بەڵام بەداخەوە دەستوورەکە جێبەجێ نەکرا و ئەم ئاواتە نەهاتەدی.

برادەرانی بەشداربووی ئەم گفتوگۆیە ئاماژەیان بەوە کرد، کە دەبوو لە دەستووری عێراقدا ماددەیەکی تایبەت لەسەر ڕیفراندۆم بچەسپێندرێت، یان ئاماژەیان بەوە کرد کە ماددەیەکی دیاریکراو لە ناو دەستووری عێراقدا نەبووە، کە ڕێگە بە ئێمە بدات، تا ڕیفراندۆم ئەنجام بدەین.

سەبارەت بە بۆچوونی ئەو بەڕێزانە دەڵێم، لەگەڵ ئەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر بە دیقەتەوە ڕاوێژی لەسەر هەموو ماددە دەستوورییەکان دەکرد و، ئەوەی دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان بوایە بە تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانەوە، زۆر بە توندی ڕووبەڕووی دەوەستایەوە، بەڵام ئەو ژینگەی سیاسییەی کە لە ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ ئێمە وەك لیژنەی باڵای نووسینەوەی دەستوور ئەو دەستوورەمان تێدا نووسییەوە، ئەو ژینگە سیاسییە نەبوو کە دواتر بە پشتگوێخستن و جێبەجێنەکردنی ئەو دەستوورە هاتە ئاراوە، ئەو کات ئومێدی هەموو لایەك ئەوە بوو کە عێراقی نوێ بە شێوەیەك بونیاد بنرێتەوە کە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانی ئەم نیشتمانە بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە بژین، هەرگیز باسی ئەوە نەدەکرا، کە جارێکی دیکە ئەو مێژووە خوێناوییەی ڕابردوو دووبارە ببێتەوە کە عێراق نزیکەی ١٠٠ ساڵ بوو بە دەستییەوە دەینالاند.

سەرۆك بارزانی مەبەستی بوو ئەم دەستوورە وەك خۆی (بە هەموو ماددەکانییەوە) جێبەجێ بکرێت، هەر بۆیەش پێداگری لەسەر ئەوە کرد، کە دەبێت لە دیباجەی ئەم دەستوورەدا بنووسرێت «پابەندبوون بەم دەستوورە، زامنی یەکپارچەیی خاك و یەکێتیی ئارەزوومەندانەی گەلی عێراقە». ئەمە زۆر ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە ئەگەر پابەندبوون بەم دەستوورە نەبێت و ئەم دەستوورە جێبەجێ نەکرێت، ئەوا هیچ زامنێك بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق نامێنێت، لەمەش زیاتر کە باس لەوە دەکرێت ماددەیەکی دەستووری لە ناو دەستووری عێراق نییە ڕێگە بە ئێمە بدات ڕیفراندۆم بکەین، پرسیار ئەوەیە، ئەی ئایا لە ناو دەستووری عێراقدا ماددەیەك هەیە کە ڕێگە بە حکومەتی عێراق بدات، بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان ببڕێت؟ ئایا ماددەیەکی دەستووری هەیە، ڕێگە بە حکومەتی عێراق بدات بە هێزی سەربازی هێرش بکاتە سەر کوردستان؟

هەر بۆیە کاتێك باسی دەستوور دەکرێت، دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە هۆکاری سەرەکی کە بووە هۆی ئەوەی بیر لە پەنابردن بۆ ڕیفراندۆم بکرێتەوە، ئەوە بوو کە هیچ ماددەیەکی دەستوورەکە جێبەجێ نەکرا، هەنگاو هەڵنەگیرا بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، دیموکراتی، پەرلەمانی، فرەیی، لەمەش زیاتر دەسەڵاتدارانی بەغدا هیچ بەها و ڕێزێکیان بۆ دەستوورەکە نەهێشتبوو، هەتا بڵێن ماددەیەکی دەستووری هەیە، یان نییە، بارودۆخێکی سەختی وا دروست ببوو کە هیچ ڕێگەیەك لە بەردەم گەلی کوردستاندا نەمابوو بیگرێتە بەر، جەنابی سەرۆك بارزانی هیچ بەدیلێکی دیکەی لەبەر دەست نەبوو، بێجگە لەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای گەلی کوردستان و پرسیان پێ بکات، کە لەم قۆناغە سەختەدا چی بکەین و چ ڕێگەیەك هەڵبژێرین؟ خۆ ئەگەر ڕێگە و بەدیلێکی دیکە هەبوایە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان، ئەوا گەلی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە بە ڕێژەی ٩٢,٧٪ دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەدەدا.

سەبارەت بە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، ئاشکرایە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە گەورەکانیش وەك (نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتیی ئەورووپا، کۆمکاری عەرەبی و...هتد)، هەرگیز لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و مافی گەل و نەتەوەکانەوە هەڵوێست وەرناگرن، بەڵکو بنەمای سەرەکیی

**ئەو ژینگەی سیاسییەی کە لە ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ ئێمە وەك لیژنەی باڵای نووسینەوەی دەستوور ئەو دەستوورەمان تێدا نووسییەوە، ئەو ژینگە سیاسییە نەبوو کە دواتر بە پشتگوێخستن و جێبەجێنەکردنی ئەو دەستوورە هاتە ئاراوە**

**سەرۆك بارزانی مەبەستی بوو ئەم دەستوورە وەك خۆی (بە هەموو ماددەکانییەوە) جێبەجێ بکرێت، هەر بۆیەش پێداگری لەسەر ئەوە کرد، کە دەبێت لە دیباجەی ئەم دەستوورەدا بنووسرێت «پابەندبوون بەم دەستوورە، زامنی یەکپارچەیی خاك و یەکێتیی ئارەزوومەندانەی گەلی عێراقە»**

**ئایا لە ناو دەستووری عێراقدا ماددەیەك هەیە کە ڕێگە بە حکومەتی عێراق بدات، بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان ببڕێت؟ ئایا ماددەیەکی دەستووری هەیە، ڕێگە بە حکومەتی عێراق بدات بە هێزی سەربازی هێرش بکاتە سەر کوردستان؟**



هەڵوێستەکانیان ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و باڵانسی هێزی نێوان دەوڵەتانە، بۆیە هەڵوێستی نێودەوڵەتی هەر چۆنێك بێت، کاریگەی لەسەر ئەوە نابێت کە ئێمە بڕیارێکی ڕاستمان داوە کە ڕیفراندۆممان ئەنجام داوە، یان نە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا وەك هێزێکی گەورە لە جیهاندا زۆر باش دەیانزانی کە حکومەتی عێراق دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی پێشێل کردووە و هەنگاوی هەڵنەگرتووە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەهاتنە دەنگ بۆ ئەوەی گوشارێك دروست بکەن، تا حکومەتی عێراق دەستوورەکە جێبەجێ بکات؟ ئەم پرسیارانە بێ وەڵام نین، دەزانین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیانەوە سەیری هەموو کێشەکانی جیهان دەکەن، بەڵام کاتێك خۆمان وەك گەلی کوردستان گفتوگۆ لەسەر ڕووداوێکی گەورەی وەك «بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان» دەکەین، هەقە بیانوو و پاساو بۆ دەسەڵاتدارانی بەغدا دروست نەکەین، بەوەی ئێمە بڕیارێکی نادروستمان داوە، پاشانیش هەر لە ماوەی بڕیاردانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، شاندی لێژنەی باڵای ڕیفراندۆم سەردانی هەموو لایەنە سیاسییە عەرەبەکانی عێراقیان کرد (بە سوننە و شیعەوە) و گفتوگۆیان لەگەڵ کردن، کە بۆچی هەرێمی کوردستان ناچار بووە پەنا بۆ ڕیفراندۆم بەرێت، لە بەرانبەردا ئەوان بێجگە لە ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆم هیچ بەدیلێکی دیکەیان نەخستە ڕوو بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدای پێ چارەسەر بکرێت، بەمەش هەموو دەرگاکانیان بە ڕووی هەرێمی کوردستان داخست و، بێجگە لە پەنابردن بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم چارەسەرێکی دیکە نەما، ئێستاش ئەگەر جارێکی دیکە هەموو دەرگاکانی لێکتێگەیشن بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دابخرێن، ئەوا گەلی کوردستان و سەرۆك بارزانی دەستەوەستان دانانیشن و دەبێت بڕیارێکی بوێرانەی مێژوویی بدەن، کە بێگومان ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئەو بڕیارە بوێرانە مێژووییە بوو، کە هەموو گەلی کوردستان شانازیی پێوە دەکات.

لێرەوە دێمە سەر پرسیاری دووەم کە لە سەرەتا ئاماژەم پێ کرد، کە بۆچی ئێمە وەك

**جەنابی سەرۆک بارزانی هیچ بەدیلێکی دیکەی لەبەر دەست نەبوو، بێجگە لەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای گەلی کوردستان و پرسیان پێ بکات، کە لەم قۆناغە سەختەدا چی بکەین و چ ڕێگەیەک هەڵبژێرین؟**



نەتەوەی تورکمان بەشی هەرە زۆرمان بەشداریی ڕیفراندۆممان کرد و بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەنگمان دا؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم: ئێمە بەشی زۆری نەتەوەی تورکمان بێجگە لە بەشێکی کەمی تورکمان لەو ناوچانەی کە بەرەی تورکمانی لە کەرکووك تێیدا باڵادەستە، هەموو دەنگمان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، لەبەر ئەوەی ئێمە بە ئەزموون بینیومانە ئەو مافانەی بۆ نەتەوەی تورکمان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی دیکە لە چوارچێوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دابین کراون، لە هیچ شوێنیکی دیکە ئەوەمان بە چاوی خۆمان نەبینیوە، بۆ هەموو مێژوو و بۆ هەموو دونیاش ئەو ڕاستییە دەڵێمەوە، لە حکومەتی بەغدا یەك وەزارەتیان پێ ڕەوا نەبینین کە وەك نەتەوەی تورکمان وەزارەتێکمان لە حکومەتی عێراقدا پێ بدرێت، هەموو لایەنەکانی عەرەب بە شیعە و سوننەوە لە دژمان وەستانەوە، بەوەی نابێت وەزارەتێك بدرێتە نەتەوەی تورکمان، بەڵام لە بەرانبەردا لە هەرێمی کوردستان ئێمە هەمیشە لە پەرلەمان و حکومەت وەك تورکمان نوێنەرمان هەبووە، من خۆم ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بووم، کە ئەو کات تورکمان کۆتاشی نەبوو، لە خولی سێیەمەوە کۆتاش بۆ تورکمان دانرا، هەروەها لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە وەزیرمان هەبووە و ئێستاش لە کابینەی نۆیەمدا وەزیرمان هەیە، لە پەرلەمانیش سکرتێری پەرلەمان تورکمانە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆ ئێمە وەك تورکمان کامیان باشترە، ببینە بەشێك لەو لایەنەی کە باوەشی بۆ کردووینەتەوە و مافەکانمان بۆ دابین دەکات کە قەوارەی هەرێمی کوردستانە، یان ببینە بەشێك لەو لایەنەی کە نکۆڵی لە مافەکانمان دەکات کە دەوڵەت و حکومەتی عێراقە.

لە ڕوانگەی ئێمەوە وەك نەتەوەی تورکمان بوونی کوردستان بە دەوڵەت پرسێکی زۆر گرنگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئێستا ئێمە بەشێکین لە هەرێمێك کە ئەویش بەشێکە لە دەوڵەتێك کە ناوی عێراقە، بەڵام ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەت، ئێمە ڕاستەوخۆ دەبینە بەشێك لە دەوڵەتی کوردستان و، باشتر دەتوانین پێداگری لە مافەکانی خۆمان بکەین و بەشداریی کاریگەرتریشمان لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا دەبێت.

**کاتێک خۆمان وەک گەلی کوردستان گفتوگۆ لەسەر ڕووداوێکی گەورەی وەک «بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان» دەکەین، هەقە بیانوو و پاساو بۆ دەسەڵاتدارانی بەغدا دروست نەکەین، بەوەی ئێمە بڕیارێکی نادروستمان داوە**





## سەڵاح فەیلی

**پێشمەرگەی دێرین و سیاسەتمەدار :**

# ڕیفراندۆم شۆڕشێکی ئاشتییانە بوو، بەڵام لەسەر ئاستی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی غەدرێکی گەورەی لێ کرا

**سەڵاح فەیلی، یەکێکە لە پێشمەرگە دیرینەکانی کوردستان و کەمئەندامی سەنگەرە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەر شاڵاوی ئەنفالی کوردی فەیلی کەوتووە و ماوەیەك لە ئەمنی عامی بەغدا زیندانی بووە، پاش ئەوە وەك سەرجەم کوردانی فەیلی بە بیانووی «تەبەعییەی ئێرانی» دەرکراوە بۆ ئێران، لەو کاتەوە بووەتە پێشمەرگە و بەشدارییەکی کارای لە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا کردووە، لەم پێناوەشدا چەندین جار بە سەختی بریندرا بووە و بەشێکی جەستەشی لە دەست داوە و، هێرشی کیمیابارانی هەڵەبجە و تەواوی ئازاری شاڵاوە بەدناوەکانی پرۆسەی ئەنفالی لە کوردستان بینیوە، ئێستاش ئەندامی بەشی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لەم گفتوگۆیەدا (ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) بەم جۆرە دید و بۆچوونەکانی خستە ڕوو:**

من وەك کوردێکی فەیلی و پێشمەرگەیەك کە هەموو ئەو ئەنفالانەم بینیوە کە دژی گەلی کوردستان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ئەنجام دراون، بە ئەنفالی کوردی فەیلیشەوە کە لە ساڵی ١٩٨٠، هەڵمەتی ئەنفالی دژی کوردانی فەیلی لە ئەمنی عامی بەغداش زیندانی کراوم، پاش ئەوەش دەرکراین بۆ ئێران. لە ژیانی خەبات و پێشمەرگایەتیشدا، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و هەموو شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالم بینیوە، تا بەناچاری کشاینەوە بۆ ناوچەی قەندیل و دۆڵە کۆکەکە.

ئاماژەکردنم بۆ ئەو مێژووە پڕ کارەساتە، بۆ ئەوەیە بڵێم ئێمە وەك نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان هەموو کات نکۆڵی لە ماف و بوونمان کراوە، لە بەرانبەردا هەرگیز کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئێمە بەدەنگ نەهاتووە، تەنانەت لەو کاتانەشی کە بە چەکی کیمیایی هێرش کرایە سەرمان و پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال لە دژی گەلی کوردستان جێبەجێ بکران، دیسان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی خۆیان، چاوپۆشییان لە کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی ئەم گەلە کرد.

کەواتە ئێمە وەك نەتەوەی کورد لەسەر پاشخانی ئەم زوڵم و زۆردارییە ڕاپەڕینمان کرد، بۆ ئەوەی ئێمەش وەك گەل و نەتەوە ئازادیخوازەکان کیان و قەوارەیەکی سیاسیمان هەبێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەشداریی کرد لە دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقدا، ئەمەش بەو نییەتەی کە عێراقی تازە، ئەو دەوڵەتە نەبێت کە ماوەی نزیکەی ١٠٠ ساڵ بوو کورد و نەتەوەکانی دیکەی دەچەوساندەوە، بۆ ئەوەی عێراق ببێتە ئەو دەوڵەتە فیدڕاڵی و دیموکراتییەی کە هەموو گەل و نەتەوەکان بە نیشتمانی خۆیانی بزانن، دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ نووسرایەوە، لەم دەستوورەشدا ئاماژە بەوە کراوە «پابەندبوون بەم دەستوورە، زامنی یەکپارچەیی خاك و یەکێتیی ئارەزوومەندانەی گەلی عێراقە»، ئەمە ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە ئەگەر ئەم دەستوورە جێبەجێ نەکرێت، ئەوا پابەندبوون پێوەی نەبێت، دەکرێت جیا ببینەوە. لای هەموو لایەکیش ئاشکرایە کە حکومەتی عێراق پابەند نەبوو بەم دەستوورەوە و ماددەکانی پێشێل کرد، لە پێش هەموویانەوە ماددەی ١٤٠ کە تایبەتە بە چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بە بۆچوونی من ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرایە و چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلایی بکرایەتەوە و بگەڕێنرابانەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا بەرژەوەندیی دەوڵەتانیش لەگەڵ کوردستان زیاتر دەبوو و هەڵوێستیان بەوجۆرە نەرێنی نەدەبوو کە لە کاتی ڕیفراندۆم بینیمان.

بەهەر حاڵ، هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی ئێمە ناچار بین بیر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بکەینەوە، ئەوە بوو کە ئەو دەستوورەی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدڕاڵی و پەرلەمانی نووسرابووەوە، پێشێل کرا و هیچ بەهایەکی نەمابوو، بۆیە ئێمە ناچار بووین، شۆڕشێکی ئاشتییانە لە دژی ئەو پێشێلکارییە بکەین، کە ئەویش چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگدان بوو بە «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان» کە پرۆسەی ڕیفراندۆمیش ناو دەنێم «شۆڕشێکی ئاشتییانە»، مەبەستم ئەوەیە ئێمە لە پرۆسەی ڕیفراندۆمدا نە دەستدرێژیمان کردووە بۆ سەر مافی هیچ گەل و نەتەوەیەك، نە هێرشمان کردووەتە سەر خاکی کەس، تەنیا ئەوەندە بووە بە شێوەیەکی زۆر مەدەنی و ئاشتییانە بە جیهانمان ڕاگەیاندووە، ئێمە نابینە بەشێك لە دەوڵەتێك کە نەتوانێت دەستوورەکەی خۆی جێبەجێ بکات.

لێرەوە جیا لەوەی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر نەرێنی بوو بەرانبەر بە ڕیفراندۆم و کۆی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ، هەڵوێستی حکومەتی عێراق بە پشتگیریی دەوڵەتانی هەرێمی زۆر دڕندانە و جارێکی دیکە پێشێلکردنی دەستووری عێراق بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەستوورەکە ڕێگە نادات کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان پەنا بۆ هێزی سەربازی ببرێت، لەمەش زیاتر لە ئێستاشدا دەسەڵاتدارانی بەغدا دەڵێن، هەوڵ دەدەین کێشەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا چارەسەر بکەین، بەڵام لە واقیعدا پرۆسەی ئەنفال بە ڕێگەی برسیکردن و بڕینی قووتی خەڵکی کوردستان هەر بەردەوامە، پێشینانیش گوتوویانە «سەری ببڕە، بەڵام نانی مەبڕە».

لە دوماهیدا، دووبارە جەخت لەوە دەکەمەوە، ئێمە وەك گەلی کوردستان پەنامان بۆ شۆڕشێکی ئاشتییانە برد و ویستمان بە شێوەیەکی سەردەمییانە کێشەکانمان لەگەڵ عێراق چارەسەر بکەین، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هەرێمی زۆر بە نەرێنی مامەڵەیان لەگەڵ کردین و، زەمینەیەکی خراپیان دروست کرد، بۆ ئەوەی هێزەکانی عێراقی بەو شێوە دڕندانە هێرش بکەنە سەر کوردستان، بەڕاستی ئەمە زوڵمێکی گەورە بوو، دژی ئەو شۆڕشە ئاشتییانەیەی کە گەلی کوردستان لە ڕیفرندۆمدا بەرپایان کرد، بەڵام چۆن پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران نەیانتوانی ئیرادەی ئەم گەلە نەبەردە بشکێنن، غەدرەکانی دوای ڕیفراندۆمیش ناتوانن ئیرادەمان تێك بشکێنن، ئەمڕۆ، یان سبەی ئاکامی ئەو شۆڕشە ئاشتییانەی ڕیفراندۆم دەبینین و دەبێتە واقیع و دەوڵەتی کوردستان هەر دادەمەزرێت.

**ئێمە وەک نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان هەموو کات نکۆڵی لە ماف و بوونمان کراوە، لە بەرانبەردا هەرگیز کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئێمە بەدەنگ نەهاتووە**

**ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرایە و چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلایی بکرایەتەوە و بگەڕێنرابانەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا بەرژەوەندیی دەوڵەتانیش لەگەڵ کوردستان زیاتر دەبوو و هەڵوێستیان بەوجۆرە نەرێنی نەدەبوو کە لە کاتی ڕیفراندۆم بینیمان**

**ئێمە وەک گەلی کوردستان پەنامان بۆ شۆڕشێکی ئاشتییانە برد و ویستمان بە شێوەیەکی سەردەمییانە کێشەکانمان لەگەڵ عێراق چارەسەر بکەین، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هەرێمی زۆر بە نەرێنی مامەڵەیان لەگەڵ کردین**



**عەبدولڕەزاق عەلی**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# ڕەوایەتیی ڕیفراندۆم لە خودی پرۆسەکەدایە و ئیرادەی گەلی کوردستان ڕەوایەتی پێ دەبەخشێت، نەک لە دەرەوە

**عەبدولڕەزاق عەلی، ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، بەڕێوەبەری گشتیی ئیزگەی دەنگی کوردستانە، یەکێکە لە ڕۆشنبیر و نووسەر و میدیاکارە دیارەکانی کوردستان، لە هەڵمەتی بانگەشەی ڕیفراندۆمیشدا ئەندامی لیژنەی ڕاگەیاندنی هەڵمەتەکانی ڕیفراندۆم بووە، لە هەمان کاتدا یەکێکە لە وەرگێڕە باشەکان و چەندین کتێبی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی و، وەك نووسەر و چاودێرێکی سیاسیی کارامە و ورد، سەدان وتاری لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە میدیاکانی کوردستان بڵاو کردووەتەوە و بەشداریی سەدان کۆڕ و بەرنامەی تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆیی کردووە و زۆر بە بوێرانە و بە دیدێکی ڕەخنەگرانە هەڵوێست و قسەی خۆی هەبووە، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) بەم جۆرە پەیام و دیدە ڕەخنەییەکانی خۆی خستە ڕوو:**

ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ ڕووداوێکی گەورەی کوردستانی و جیهانی بوو، یەکگرتوویی ئیرادەی گەلێکی بەشخوراو بوو، کە بە هەموو جیاوازییە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینییەکانیەوە لە پرۆسەی دەنگدان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بەرجەستە بوو کە زیاتر لە ٩٢٪ی خەڵکی کوردستانی دەنگیان پێ دا.

لەسەر ئەم پرسە ڕەوایە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەر چۆنێك بوو، ئەوە مەسەلەیەکە، ڕەوایەتی دەنگدانی خەڵکی کوردستانیش بۆ سەربەخۆیی ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، خۆ ئەگەر هەر بەو پرەنسیپ و پێوەرانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆمی کوردستان بکەین، کە دەڵێن «هەموو کات و بەردەوام دەنگدەر لەسەر هەقە»، ئەوا ڕوایەتیی مافی ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان لە خودی پرۆسەکە وەری دەگرێت، نەك لە هەڵوێستی نێودەوڵەتی، ئەمەش بەو مانایەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە خودی خۆیدا ڕەوایەتی وەردەگرێت، نەك لە دەرەوەی ئیرادەی گەلی کوردستان.

ئەم ڕیفراندۆمەی گەلی کوردستان جوانییەکەی ئەوە بوو، تەنیا کورد دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەدا، بەڵکو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی

دیکەی کوردستانیش وەك هاووڵاتیی کوردستان دەنگیان بەم پرۆسەیە دا، ئەم دیمەنە جوانەی یەکریزی و تەبایی لە نێوان بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستاندا لە ئەمڕۆی جیهاندا حاڵەتێکی دەگمەنە، بۆیە هەر لەبەر ئەمەش بێت، هەقە شانازی بە ریفراندۆمەوە بکەین.

خاڵێکی دیکە کە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە دەوڵەتانی جیهان بە دەوڵەتانی گەورەی ئەنجومەنی ئاسایشەوە، کێشەیان لەگەڵ جیابوونەوەی هەرێمەکان و بوونیان بە دەوڵەتی سەربەخۆ هەیە، ئەو دەوڵەتانەی کە بڕیاری سیاسی بۆ ئەم جیهانە دروست دەکەن، وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیا و.. هتد، خۆیان دەوڵەتی فیدراڵین و کێشەیان لەگەڵ هەرێمەکانیان هەیە، تەنانەت کۆماری چینیش کێشەی گەورەی لەگەڵ (تبت)ییەکان هەیە، هەر بۆ نموونە:

ئەبراهام لنکۆڵن بەوە بەناوبانگە کە ١٣ ویلایەتی لێ جیابووەوە بە زەبری هێز جارێکی دی ئەو هەرێمانەی هێنانەوەیە ژێر ئاڵای ئەمریکا و لە کۆنفیدراڵییەوە کردنیەوە بە فیدراڵی.

بەریتانیا، هەتا ئێستاش کێشەی لەگەڵ سکۆتلاند و ئیرلەندا هەیە، هەموومان دوایین ریفراندۆمی سکۆتلاندمان بینی کە لەندەن چۆن دژی بوو، هەموو کارێکی کرد بۆ ئەوەی سەرکەوتوو نەبێت.

فەرەنسا بە هەمان شێوە چەندین کێشەی لەگەڵ ئەو هەرێمانە هەیە کە لە دەرەوەی فەرەنسان و بە یاسای فەرەنسی حوکمڕانییان تێدا دەکرێت.

یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو لەگەڵ ئەوەی دەگوترێت گوایە بە شێوەیەکی ئاشتییانە لەبەریەك هەڵوەشاوە، ئەڵبەت ئەوە ڕاست نییە، چونکە لە ئەنجامی دۆڕاندنی شەڕی سارد هەڵوەشایەوە، لە ئاکامی ئەم لەبەریەك هەڵوەشانەوەیە، کۆمەڵێك دەوڵەت دروست بوون، بەڵام با ئەو پرسیارە بکەین: ئایا کۆماری ڕووسیای فیدراڵی ئێستا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمارانە دەکات؟ ئایا ئەو کۆمارە بەناو سەربەخۆیانە دەتوانن وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی دراوسێی ڕووسیا مامەڵە لەگەڵ مۆسکۆ بکەن، یان ئێستاش مۆسکۆ وەك هەرێمێکی فیدراڵیی زۆرەملێ مامەڵەیان لەگەڵ دەکات؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە شەڕەکانی ساڵی ٢٠٠٨ی ڕووسیا لەگەڵ جۆرجیا و ٢٠١٤ بە لکاندنی هەرێمی «قەرم»ی ئۆکرانیا و، ٢٠٢٢ بە لکاندنی چەند هەرێمێکی دیکە و ئێستاش شەڕی ڕووسیا لە ناو خاکی ئۆکرانیا دەیداتەوە.

هەروەها یوگسلافیای پێشووشمان بینی، بە چ شەڕ و خوێنڕشتن و کۆمەڵکوژییەك لەبەر یەك هەڵوەشا، بەڵام هەتا ئێستاش سربیا کە خۆی بە میراتگری یوگسلافیای پێشوو دەزانێت، بە شێوەیەکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە ناکات کە لە ئاکامی لەبەر یەك هەڵوەشانی یوگسلافیای پێشوو دروست بوون.

ئەم واقیعە تاڵەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەمان پێ دەڵێت، هەرگیز نابێت چاوەڕێی ئەوە بین کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و دەوڵەتانی گەورەی خاوەن ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایش پشتگیریمان بکەن بۆ ئەوەی وەك دەگوترێت لە عێراقی فیدراڵی جیا ببینەوە، ڕاستە دەڵێن فیدراڵی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەیە، بەڵام بە کردەیی و لەسەر ئاستی وڵاتانی دیموکراتی و فیدراڵی تەواو تەواو ماناکەی پێچەوانە بووەتەوە و بووەتە یەکێتییەکی بە زۆر سەپێنراو، لە دوای ریفراندۆمەوە ئەم بەناو فیدراڵییەی ئێمەش، فیدراڵییەتی زۆرەملێیە، نەك ئارەزوومەندانە.

لەم ڕوانگەیەوە ئێمە نابێت هیچ کاتێك چاوەڕێی ئەوە بین کە دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق ئەو مافە بە ئێمە ڕەوا ببینێت کە ئەویش بوونی دەوڵەتی کوردستانە. لەلایەکی دیکەوە بەڕێزانی دیدارەکە زۆر باسیان لە دەستوور و پێشێلکردنی ماددە دەستوورییەکان کرد لە دژی هەرێمی کوردستان، بەڵام من وای دەبینم، کێشەی ئێمە وەك گەلی کوردستان، کێشەی دەقە دەستوورییەکان نین، بەڵکو کێشەمان لەگەڵ ئەو ئەقڵییەتە سیاسییە شۆڤێنییە هەیە کە نایەوێت مافەکانی ئێمە بسەلمێنێت و دانی پێدا بنێت. هەر بۆیە تا سیستمی نێودەوڵەتیی جیهان ئەم سیستمەی ئێستا بێت کە جیهانی پێ بەڕێوە دەبرێت، نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەین، بەغدا یان هیچ شوێن و کەسێکی دیکە پشتیوانی لە مافی سەربەخۆییمان بکات، یان مەگەر ئەقڵییەتی کەس قەبووڵنەکەری دەسەڵاتدارانی بەغدا گۆڕانی بەسەردا بێت.

**ئەم ریفراندۆمەی گەلی کوردستان جوانییەکەی ئەوە بوو، تەنیا کورد دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەدا، بەڵکو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی دیکەی کوردستانیش وەك هاووڵاتیی کوردستان دەنگیان بەم پرۆسەیە دا**

**ڕاستە دەڵێن فیدراڵی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەیە، بەڵام بە کردەیی و لەسەر ئاستی وڵاتانی دیموکراتی و فیدراڵی تەواو تەواو ماناکەی پێچەوانە بووەتەوە و بووەتە یەکێتییەکی بە زۆر سەپێنراو**

**تا سیستمی نێودەوڵەتیی جیهان ئەم سیستمەی ئێستا بێت کە جیهانی پێ بەڕێوە دەبرێت، نابێت چاوەڕێی ئەوە بکەین، بەغدا یان هیچ شوێن و کەسێکی دیکە پشتیوانی لە مافی سەربەخۆییمان بکات**





**شڤان حەمدی**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# ئەگەر هاوشێوەی (پردێ و مەحمودییە و سحێلا) بەرگری بکرایێ، ئاکامی ڕیفراندۆم دبووە دیفاکتۆ و هەڵوێستی نێودەوڵەتییش گۆڕانی بەسەردا دەهات

**شڤان حەمدی، ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی جیهانە، یەکێکە لەو کادرە خوێنگەرمانەی کە هەموو کات بایەخێکی زۆر جددی و مەیدانیی بە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان داوە و، هەوڵی داوە کە بیروبۆچوونە جیاوازە سیاسی و ئەکادیمییەکان لە دەوری پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کۆ بکاتەوە، بەردەوامیش ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆڕ و پەنێڵ لەسەر پرسە نیشتمانییەکان دەکات و، پاشان هەوڵی داوە کە بیروبۆچوونە ئەکادیمی و سیاسییە جیاوازەکان لە چوارچێوەی کتێبێکدا پێشکەشی خۆینەران بکات، لەمەشدا بەشداریی کارای لە چەندین کتێبی زۆر گرنگدا هەیە کە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە کتێبی (کۆتایی سایکس پیکۆ) دەکەین، کە بەشدارییەکی کارای لە ئامادەکردنی ئەم کتێبە گرنگەدا هەبووە، ساڵانەش وەك ئەرکێکی نەتەوەیی بەشداریی کارای لە بە زیندووڕاگرتنی پرۆسەی ڕیفراندۆمی گەلی کوردستان هەیە، لە گفتوگۆی ئەم جارەشدا «ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی» بەم جۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

لە دوای کەرنەڤاڵی جەماوەری بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنیا لە پرۆسەی ڕیفراندم بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەمان کەرنەڤاڵی جەماوەریمان بینیوەتەوە، کە بەو ڕێژە بەرزە بەشداری بکەن و بەو ئاستە بەرزە ٪٩٢,٧ دەنگ بە «بەڵێ» بۆ سەربەخۆیی بدەن.

پرۆسەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ وەك پرۆسە و بەشداریی خەڵك و ئاستی دەنگدان، هیوا و ئومێد و ئیرادەی گەلی کوردستانی بە جیاوازیی سیاسی و نەتەوە و ئایینەوە بەرجەستە کرد، بەوەی ئەم گەلە قارەمانە دەیەوێت قەوارەیەکی سیاسیی خۆی هەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەو قەوارە سیاسییە ئۆتۆنۆمییەش کە پاشان پەرلەمانی کوردستان چوارچێوەکەی فراوان کرد و بوو بە «فیدراڵی»، بەڵام بەداخەوە حزبە سیاسییەکان وەك خۆی ئاکامی هەڵبژاردنەکەیان پەسەند نەکرد و وەك پێویست ڕێزیان لە ئیرادەی ئەو گەلە قارەمانە نەگرت، هەر بۆیە وەك ئەوەی ئیرادەی گەلی کوردستان ئومێدی بوو، نەتوانرا حوکمڕانی لە

کوردستاندا بێ کەموکورتی و گەندەڵی بێت.

بە هەمان شێوە لە پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە جیاوازیی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینیشەوە بە ڕێژەی ٩٢,٧٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، بەڵام دیسان حزبە سیاسییەکانی کوردستان نەك هەر ڕێزیان لەم ئیرادە گەورەیەی گەلەکەی خۆیان نەگرت و ئامادە نەبوون بەرگری لە دەنگی گەلەکەی خۆیان بکەن، بەداخەوە خیانەتیان کرد و بوونە پێشلەشکری هێزە عێراقییەکان بۆ ئەوەی کوردستان داگیر بکرێتەوە، ئەم خیانەتە لەگەڵ ئەوەی بووە هۆکاری لەدەستدانی ٥١٪ خاکی کوردستان، بەڵام بە هۆی بەرگری و مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاریکردن لە هەولێر و دهۆك، بینیمان هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گۆڕانکاریی بەسەردا هات، بۆیە بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگە لە (پردێ و سحیلا و مەحموودییە) ئەوەیان فێرکردین کە ئەگەر لە سەرتاسەری بەرەکانی شەڕ مقاوەمەت و بەرگری بکرایە، بێگومان ئاکامی ڕیفرندۆم دەبووە واقیع و ئێستا بە شێوەیەکی دیکە جیهان قسەی لەگەڵ دەکرین و پەیوەندییەکانیشمان لەگەڵ عێراقدا وەك دوو دراوسێ دەبوو.

بەڕێزانی ئەم گفتوگۆیە، زۆر بە جوانی باسی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییان کرد و گرێیان دایەوە بە بەرژەوەندی و هاوسەنگیی هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەوەی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام من لە دیدێکی دیکەوە پێموایە زۆر جار دروستکردنی دیفاکتۆ (ئەمری واقیع) هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگۆڕێت، وەك چۆن دروستبوونی هەرێمی کوردستانیش پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵانی نێوان ١٩٩٢-٢٠٠٣ وەك هەرێمێکی دیفاکتۆ ناوزەد دەکرا، هەر بەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، کە دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقیش نەك بووە هەرێمێکی دەستووری لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەڵکو وەك دیفاکتۆ دەستوری عێراق ددانی بە هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەدا نا کە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا پەرلەمانی کوردستان دەری کردبوون.

لە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١، تەنیا ڕژێمی ئەسەد توانی بمێنێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا بەشی زۆری هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوە بوون، دەبێت ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت، لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٥ ڕووسیا و چینیش بێدەنگ بوون و هیچ هاوکارییەکی ئاشکرای ڕژێمی ئەسەدیان نەکرد، بەڵام وەفاداریی سوپاکەی ئەسەد بۆ مانەوەی ڕژێمەکە هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتی بوون بۆ مانەوەی ئەو ڕژێمە، ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن وەك ئەوەی ڕۆژانە لە هەواڵەکانی جیهاندا دەیبینین، لەمەش خراپتر، تا ئیرادەی قارەمانانەی پێشمەرگە لە ئابی ساڵی ٢٠١٤ بۆ یەکەمین جار تیرۆریستانی داعشی تێك نەشکاند لە مەخموور و زومار و چەندین ناوچەی دیکە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگیی هەڵبژارد و خەریك بوو وەك دیفاکتۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، تەنانەت تورکیا کە خۆی ئەندامی هاوپەیمانیی ناتۆیە، بە دانوستاندن دیپلۆماتکارەکانی کونسوولخانەی تورکیای لە دەوڵەتی تیرۆریستیی داعش وەرگرتەوە.

لەمەوە دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆر ڕاستە کە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرژەوەندیی هاوبەش و هاوسەنگیی هێز چوارچێوەکەی دیاری دەکات، بەڵام بەرگری و مقاوەمەتیش بە دروستکردنی دیفاکتۆ گۆڕانکاری بەسەر ئەو هەڵوێستەدا دەهێنێت. هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ بە تایبەتی دوای سەرکەوتنە مەزنەکانی بەسەر تیرۆریستانی داعش و ڕووخانی خەلافەتەکەیان، ئەو هێزەی هەبوو کە بەرگری لە خاکی کوردستان و ئیرادە و دەنگەکانی گەلی کوردستان بکات، ئەم بۆچوونە تەنیا بۆچوونێکی سۆزداری نییە بۆ هێزی پێشمەرگە، بەڵکو ئەم بۆچوونە پشتئەستورە بەو فیلمەی لە کوردستان ئامادە کرا و لە تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکان کە پیشانی هەموو نوێنەرانی دەوڵەتانی جیهان درا، ئەم بۆچوونە مانشێتێکی سەرەکیی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی چاپی ئینگلیزیی لەندەنە کە نووسیبووی «پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش پرۆڤەی پاراستنی دەوڵەتی کوردستان دەکات».

کەواتە کێشەی سەرەکیی ئێمە لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە پلەی یەکەم خیانەت و نەبوونی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی بوو بۆ بەرگریکردن لە خاکی کوردستان و ئیرادە و دەنگی خەڵکی کوردستان، تا ئەمەش نەیەتە ئاراوە، زۆر زەحمەتە بە ئاواتەکانی خۆمان بگەین.

**حزبە سیاسییەکانی کوردستان نەک هەر ڕێزیان لەم ئیرادە گەورەیەی گەلەکەی خۆیان نەگرت و ئامادە نەبوون بەرگری لە دەنگی گەلەکەی خۆیان بکەن، بەداخەوە خیانەتیان کرد و بوونە پێشلەشکری هێزە عێراقییەکان بۆ ئەوەی کوردستان داگیر بکرێتەوە**

**زۆر جار دروستکردنی دیفاکتۆ (ئەمری واقیع) هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگۆڕێت، وەک چۆن دروستبوونی هەرێمی کوردستانیش پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵانی نێوان ١٩٩٢-٢٠٠٣ وەک هەرێمێکی دیفاکتۆ ناوزەد دەکرا، هەر بەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵ دەکرا**

**تا ئیرادەی قارەمانانەی پێشمەرگە لە ئابی ساڵی ٢٠١٤ بۆ یەکەمین جار تیرۆریستانی داعشی تێک نەشکاند لە مەخموور و زومار و چەندین ناوچەی دیکە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگیی هەڵبژارد و خەریک بوو وەک دیفاکتۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکەن**





د.نەزاکەت حوسێن

ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# ڕیفراندۆم بڕیار و دەستکەوتێکی گەورە بوو و پرسی کوردی سەرلەنوێ خستەوە سەر سەکۆی نێودەوڵەتی

**د.نەزاکەت حوسێن پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بواری ڕاگەیاندن و مارکێتینگ، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا «ڕیفراندۆم و هەڵوێستی نێودەوڵەتی)» بەم جۆرە دید و تێڕوانینەکانی خۆی بۆ خستینە ڕوو:**

ڕیفراندۆم پرۆسەیەکە بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵك لەسەر پرسی جیاواز، بۆیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەردەوام پەنای بۆ دەبەن، وڵاتێکی وەك سویسرا کە دیموکراتییەکەشی هەربە دیموکراتییەتی ڕاستەوخۆ پێناسە دەکرێت، لە ساڵی ١٨٨٦ـەوە هەتا ئێستا زیاتر لە ٣٠٠ ڕیفراندۆمی لەسەر پرسە جیاوازەکانی خۆی ئەنجام داوە، لە ساڵی ١٩١٧ـەوە تا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ پرۆسەی ڕیفراندۆم لە وڵاتانی کیشوەرەکانی (ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین) ئەنجام دراون. دواترینیان لە ساڵی ٢٠١١ بوو، کە باشووری سوودان لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە بوو بە دەوڵەت.

کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی دیکە ئەو مافەی هەیە، لە دەستووردا دیاری کرابێت یان نا، چونکە هەندێك لە دەوڵەتان مافی ڕیفراندۆمیان بە دەستوور دیاری کردووە و هەندێکیش دیارییان نەکردووە، بەڵام لە وڵاتەکەیاندا هەر ئەنجام دراوە بۆ پرسێك کە پێویستیان بووبێت.

مەرج نییە چاوەڕیی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بین تا فەرشی سوورمان بۆ ڕابخات و فەرموومان لێ بکات، گەلی کورد هەر کات زانیبێتی پرسەکەی لە مەترسیدایە و ئەو بەڵێن و ڕێککەوتنانەی کە پێی دراوە، بێ ئەنجام بوون، هەڵوێستی دیکەی هەبووە. ئێمە وەك گەلی کوردستان هەر لە دامەزراندنی مەملەکەتەکەی شێخ مەحموود لە سلێمانی و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەزانین هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مەرج نییە ئەرێنی بووبێت، یان بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان هاوتەریب بووبێت، بەڵام هەڵوێست و بڕیارەکانی سەرکردایەتیی کورد هەموو جار پرسی کوردی خستووەتەوە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئەم ڕیفراندۆمەش بڕیارێکی گەورە بوو، چیرۆکێکی گەورە بوو کە پرسی کوردی جارێکی دیکە بردەوە بەر دیدی نێودەوڵەتی و ڕایچڵەکاندنەوە، کە ئێمەی کورد لە باشووری کوردستان بە مافەکانمان ڕازی نین و ئەو هاوبەشی و تەوافوق و پێکەوەییە دوای ئازادبوونی عێراق لەسەری ڕێککەوتین، جێبەجێ

ناکرێت، هەر ئەمەش بوو ناحەزانی کوردی هەژاند و ئەو کاردانەوە گەورەیەی هەبوو، چونکە چیرۆکێکی گەورە بوو، ناحەزەکانی کورد وایان پێ خۆشە کورد بە چیرۆکە بچووکەکان و کێشە لاوەکییەکانەوە خەریك بێت، نەك پرسە گەورەکان.

لە ئێستاشدا دەبینین کێشەی پێشێلکردنی دەستوور و پابەندنەبوون بە بەندەکانی ڕێککەوتننامەکانەوە کە لەگەڵ بەغدا و فەرامۆشکردنی ماددەی ١٤٠ هەیە، کەچی دەیانەوێت بە برسیکردنی هاووڵاتیی کورد و دروستکردنی چەندین کێشە و بەربەست بۆ ئەم هەرێمە بۆ وەستاندن لە گەشەکردن سەرقاڵمان بکەن.

هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕاستییەمان زانیوە کە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کوردستان ئەرێنی نابێت، بەڵام بە بنبەست گەیشتنی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و نەبوونی بەدیلێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بووە تەحەددایەك لە نێوان ڕەوایەتیی ڕیفراندۆم وەك بەدیلێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا و داواکارییە بێ ماناکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە داوایان لە سەرۆك بارزانی دەکرد، ڕیفراندۆم دوابخرێت و کاتی نییە، کاتێکیش سەرۆك بارزانی پێ دەگوتن «ئەی باشە کەی کاتی ڕیفراندۆمە و، ئەگەر ئەم ڕیفراندۆمە نەکەین، بەدیل و گەرەنتی بۆ ئایندەی گەلی کوردستان چییە؟» وەڵامی ئەم پرسیارە، یان وەڵامێکی لاستیکیی دیپلۆماتییانە بوو، یان بێدەنگی بوو.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، باشە بۆچی بۆ نەتەوەکانی دیکەی جیهان پرۆسەی ڕیفراندۆم مافێکە و ڕەوایەتی هەیە، بەڵام ئەم پرسە بۆ کورد حەرامە، یان لێمان حەرام دەکەن؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەوە هەیە لە چەند ڕەهەندێکەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بریتی نییە لە هەڵوێستێکی ئاشکرا کە پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا نیودەوڵەتییەکان چوارچێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاوی بۆ دیاری بکات، بە پێچەوانەوە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی لاستیکییە و بەرژەوەندیی نێوان دەوڵەتان و هاوسەنگیی هێز ئاراستەی کشانی لاستیکەکە دیاری دەکات، بۆیە لەم ڕووەوە دەبێت لەوە بە ئاگا بین کە هەڵوێستی نێودەوڵەتی جێگیر و نەگۆڕ نییە، بەڵکو بەرژەوەندی و هاوسەنگیی هێز ئاراستەکەی دەگۆڕێت، هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانەشی کە کوردستانیان بەسەردا بەش کراوە، بەندە بە ئاستی بەهێزی و لاوازییان لە قۆناغە جیاوازەکاندا، کاتێك بەهێز دەبن، بە هەموو شێوەیەك پرسی گەلی کوردستان سەرکووت دەکەن، کاتێکیش لاواز دەبن، داوای دانوستاندن و ڕێککەوتن دەکەن، بۆیە گرنگە هەموو کات بە ووریایی و ئاگاییە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و سوود لەو دەرفەتانە وەربگیرێت کە دێنە پێشەوە.

باری ناوخۆیی کوردستان، تەبایی و یەکڕیزیی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و تەبایی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، بە ڕاستی ئەم لایەنەیان ئاراستەی هەموو پرسە چارەنووسسازەکانی کوردستان دیاری دەکات، هەر بۆ نموونە: ئێستا تەبایی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان سیمای کوردستانی لەسەر ئاستی جیهان بە ئاستێکی هێندە بەرز جوان کردووە، کە پاپای ڤاتیکان خۆی دێتە کوردستان و لە هەولێری پایتەخت نوێژی قەداسەت دەکات، لە بەرانبەردا ناتەبایی و ململانێیی ناتەندروستی نێوان حزبە سیاسییەکان، بە جۆرێك کێشەی گەورەکەی کوردستان واتە «سەربەخۆیی و دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردستان»ی بچووك کردووەتەوە، کە ئێستا لە بەغدا خەریکە هەموو کێشەکە لە پێناو ناردنی بڕێك پارەی مانگانە بۆ مووچەی فەرمانبەران بچووك دەبێتەوە، ئەم لایەنە زۆر گرنگە هەڵوەستەی جددی و ڕاشکاوانەی لەسەر بکەین.

لە دوماهیدا دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، ڕیفراندۆمی گەلی کوردستان تەنیا ڕووداوێك نییە و تێپەڕیبێت، بەڵکو ئەم ڕووداوە گەورەیە دەبێت هەموو کات بە زیندوویی بهێڵدرێتەوە و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا باسی بکرێتەوە، تەسویقی بەردەوامی بۆ بکرێت، بە بەرهەمی جۆراوجۆری ڕاگەیاندن وەك دۆکیومێنتاری، فیلم، هونەر و... هتد، تەنانەت لە پرۆگرامی پەروەردە و ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکاندا دەبێت گرنگی پێ بدرێت و بخوێندرێت و توێژینەوەی لەسەر بکرێت، دەبێت هەموو کات ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت، چۆن بڕیار و ئەنجامدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرسی گەلی کوردستانی بردە سەر سەکۆی نێودەوڵەتی و هەموو جیهانی پێوە سەرقاڵ بوو و زانییان ئێمە وەك گەلی کوردستان کێشەیەکی چارەسەرنەکراومان هەیە و پێویستی بە چارەسەرە، لە ئێستاشدا ئەو کێشەیەی ئێمە هەر چارەسەر نەکراوە، بۆیە دەبێت جارێکی دیکەش ئەوجا بە هەر میکانیزم و ڕێگەیەك بێت، دەبێت دووبارە بیخەینەوە سەر سەکۆی نێودەوڵەتی.

**گەلی کورد هەر کات زانیبێتی پرسەکەی لە مەترسیدایە و ئەو بەڵێن و ڕێککەوتنانەی کە پێی دراوە، بێ ئەنجام بوون، هەڵوێستی دیکەی هەبووە**

**ناحەزەکانی کورد وایان پێ خۆشە کورد بە چیرۆکە بچووکەکان و کێشە لاوەکییەکانەوە خەریك بێت، نەك پرسە گەورەکان**

**کاتێک بەهێز دەبن، بە هەموو شێوەیەک پرسی گەلی کوردستان سەرکووت دەکەن، کاتێکیش لاواز دەبن، داوای دانوستاندن و ڕێککەوتن دەکەن، بۆیە گرنگە هەموو کات بە وریایی و ئاگاییە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت**

**ئێستا تەبایی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان سیمای کوردستانی لەسەر ئاستی جیهان بە ئاستێکی هێندە بەرز جوان کردووە، کە پاپای ڤاتیکان خۆی دێتە کوردستان و لە هەولێری پایتەخت نوێژی قەداسەت دەکات**



**د.جەلال ئەحمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و مامۆستای زانکۆ:**

# ڕیفراندۆم خواستێکی دەیان ساڵەی پەنگخواردوو بوو بۆ ئومێدی سەربەخۆیی کوردستان

**د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین و پسپۆڕە لە کۆمەڵناسی و توێژینەوەی مەیدانی و ڕاپرسی لەسەر پرسە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا «ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی» بەم جۆرە دید و تێڕوانینەکانی خۆی خستە ڕوو.**

ڕیفراندۆمی کوردستانیان لە ٢٥ی ٩ی ٢٠١٧دا، خواست و جووڵانەوەیەکی جەماوەری و مەدەنیی ڕەوا بوو، وەك ئامادەسازییەك بۆ دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی دیموکراسیخواز، بە ڕێبەرایەتیی سەرکردەیەکی نەتەوەیی ئەو نەتەوەیەی کە سەدان ساڵە مافەکانی بوونەتە قوربانیی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتانی ئیقلیمی و زلهێزانی جیهان. ڕۆڵی هەرە دیار و کارای خودی سەرۆك بارزانی وەك ئەندازیاری ڕیفراندۆم و سەرکردایەتیی پارتی و هەموو ئەو سەرکردە و حزب و هاووڵاتیانەی هاودەنگ و بەشداربوون لەم پرۆسەیەدا، دەبێ بۆ مێژوو بە قەڵەمێکی پۆڵایین لەسەر تاشە بەردەکانی کوردستان بنووسرێتەوە و نەوەکانمان لە داهاتوودا شانازی پێوە بکەن.

ڕیفراندۆم جگە لەوەی خواستێکی دەیان ساڵەی پەنگخواردوو بوو، وەڵامێکیش بوو بۆ ئەوانەی گلەیی ئەوەیان دەکرد کە کورد و سەرکردەکانی بۆ لە سەروبەندی ڕەخسانی دەرفەتی ڕزگاربوون و ڕاگەیاندنی کیانێکی سەربەخۆدا بڕیار نادەن! وەڵامێکیش بوو بۆ ئەوانەی دەیانگوت، کورد گرێی خۆبەڕێوەبردنی هەیە و بە سرووشت حەز دەکەن لەژێردەستەییدا بمێننەوە، تەحەددییەکیش بوو بۆ ئەو دەنگۆیانەی کە دەیانگوت ئیدی لە سەردەمی نوێدا ئاسان نییە داوای دروستکرنی کیانێکی سەربەخۆ بۆ نەتەوەیەکی ستەمدیدە بکەیت و، خەڵکە ستەملێکراوەکەت لەگەڵتدا بن، دەنگی دلێری ئەو نەبەردانە بوو، کە دەیانزانی دوژمن و زۆرێك لە بەناو دۆستەکانمان دژی خواستی ڕەوامان دەوەستنەوە، کەچی ئێمە دۆزێکی ڕەوامان هەیە و هێشتا هەر کۆڵ نادەین و درەنگ یان زوو، دەبێ هەر ددان بە مافی ڕەواماندا بنێن.

نامۆ نەبوو کە دەمانزانی هەریەکە لە عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا دژ بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم

و ئەنجامەکەشی دەوەستنەوە، با بڵێین بۆ عێراق ئاسان نەبوو ڕیفراندۆمی قبووڵ بێت و دەستبەرداری ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە نەوت و کانزا و سرووشتی جوان بێت، چەندان ناوچەش کە دیمۆگرافیایان شێوێندراوە و عەرەبە هاوردەکان و حکومەتەکەشیان بە ئاسانی ڕازی نابن، نەتەوەی ڕەسەنی ئەو شوێنانە ڕۆژێك بێت پێیان بڵێن، هەر چ نەبێت، با ئێمەش لێرە مافی ژیانمان هەبێت و لەبیرتان بێت، ئێمەین خەڵکی ڕەسەنی ئێرەین، هەریەکە لە ئێران و تورکیا و سووریاش پێشبینی دەکرا، بترسن لەوەی کە ئەگەر لە بەشێکی کورستاندا کیانێکی سەربەخۆ دابمەزرێت، ڕەنگە لە داهاتوودا سەرئێشە بێت بۆیان و کوردانی ئەو پارچانەش داوای جیابوونەوە بکەن و لە داهاتووشدا باشوور یارمەتیان بدات. ئەمەم بۆیە وروووژاند، تا پێتان بڵێم ئەگەرچی ئەو پاساوانەیان ڕەواش نین، بەڵام دواجار ئەوان هۆکارێکیان هەر هەیە بۆ نواندنی هەڵوێستێکی نەرێنی لە هەمبەر گشتپرسیدا، بەڵام ئەوەی نامۆ و نارەوا بوو، هەڵوێستی وڵاتانی بەناو مەدەنی و دیموکراسی بوو، کە لەبەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان، دووڕوویی ئەو گوتار و پەیماننامە و میساقانەی خۆیان دەرخست، کە بە ناوی دیموکراسییەوە شانازییان پێوە دەکردن، ئەوان بە جددی بە ناوی دیموکراسییەوە سەرقاڵی بازارگەرین بۆ بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان لەسەر حیسابی گەلانی ژێردەستە و مافخوراو.

هەندێك دەڵێن، هەرێمی کوردستان گوێی بۆ ڕای نێودەوڵەتی نەگرت، پێچەوانەی خواستی ئەوان بڕیاری دا، ئێ دەپرسم: بۆ دەبێ ماف و خواستی تاکە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت بەدەستی وڵاتان بێت؟ بۆ دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کەی لە بەرژەوەندیی وڵاتاندا بوو، ئەو کات داوای سەربەخۆییمان بکەین؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێمە باشتر بە مەزهەبیبوونی عێراقیان دەبینی و ڕۆژێك بەو دەوڵەتەیان نەوت، بۆ پێشێلی دەستوور دەکەیت و نیازی دووبارە بەکارهێنانی هێز و جینوسایدتان هەیە بەرانبەر بە هاووڵاتیان هەرێمی کوردستان؟ ١٦ ساڵ بەر لە ئێستا دەبوایە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرابایە و نەیان کرد، پێچەوانەی دەستوور سوپا و هێزیان هێنایەوە سەرمان، ئێ خۆ هەر خۆیان ئێمەیان بە هاووڵاتی عێراقی هەژمار نەکرد، ئەگینا چۆن دەبوو مووچە و شایستە داراییەکانمان ببڕن؟ بەلایانەوە ئاسایی بوو بە سەدان ترێلە پارە بۆ ژێر دەسەڵاتی داعش بنێرن، کەچی مووچەی ئەو پێشمەرگانە ببڕن کە بەگوڕتر لەوان لە تەلوەرد و ناوچە عەرەبنشینەکانیش بەرگریی قارەمانانەیان کرد و چەندانیان شەهید و کەمئەندام و شوێن بزر بوون. ئایا ئەمانە و زۆر زیاتریش ئاماژەی بەردەوامیی شۆڤێنییەت نەبوون و بەس نەبوون بۆ ئەوەی بە دوای دەرچەیەکدا بگەڕێین و چاومان لەوە بێت کە ئەوانەی بە گوتار لەگەڵمان بوون، لە تەنگانەشدا هەر چ نەبێ دەبوایە هاوڕامان بن؟

با بێینە سەر ئەوەی هەرێم چی لە دەست دەهات و پێویست بوو چی بکات؟ هەرێم هەموو وڵاتانی لە سیاسەتە نەرێنییەکانی عێراق ئاگادار کردەوە و نوقەیان لێوە نەهات. لە ڕێی دروستکردنی بەرژەوەندیی ئابووری و نەوتەوە، لۆبیی کرد و وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندیی هێنایە هەرێم و ویستی ببێتە خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ، سەرباری هەموو ئەمانەش، دەبێ ددان بەوەدا بنێین کە ئێمە ڕەنگە خوێندنەوەیەکی جددیمان نەکردبێت بۆ ماددەکانی ١ و ٥٥ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تایبەتن بە مافی چارەی خۆنوسین و ڕزگاربوونی وڵاتان لەژێر دەستی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم، نووسینەوەی ئەو ماددانە زیاتر میکانیزمێك بوون بە دەست زلهێزەکانی دونیای سەرمایەدارییەوە بۆ بەگژداچوونەوەی شەپۆلی بڵاوبوونەوەی سۆسیالیزم لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و سەردەمی جەنگی سارددا، هاوکات ترسیان لە فراوانبوونی هەژموونی یەکێتیی سۆڤیەت هەبوو، هێندە لە خەمی مافی مرۆڤ و ئازادی و سەربەخۆیی ئەو وڵات و نەتەوانەدا نەبوون، ئەو وڵاتانەش کە کێشەی ناوخۆییان هەیە و نەیاندەویست ددان بە مافی ئێتنۆسەکانیتردا بنێن، خوێندنەوەیەکی جیاوازیان بۆ ئەو ماددانە دەکرد و تەنیا بە دۆخی ڕزگاربوونی وڵاتانی داگیرکراو لەلایەن زلهێزەکانەوە دەیانبەستنەوە. لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم لە ژینگەیەکدا کە هێشتا دۆخەکەی دۆخی سرووشتییە و لۆژیکی هێز زاڵە، ئەگەر هێزت هەبێ، هەیت، بۆیە دەبێ هەوڵی بەدەستهێنانی هێز و یەکگرتوویی زیاتر بدەین، لەمبارەیەوەش قسەیەکی فواد شەهاب (سێیەم سەرۆکی لوبنان) بە بیر دەهێنمەوە، کە دەیگوت: «پاراستنی سەربەخۆیی گرنگترە لە بەدەستهێنانی».

**ڕۆڵی هەرە دیار و کارای خودی سەرۆک بارزانی وەک ئەندازیاری ڕیفراندۆم و سەرکردایەتیی پارتی و هەموو ئەو سەرکردە و حزب و هاووڵاتیانەی هاودەنگ و بەشداربوون لەم پرۆسەیەدا، دەبێ بۆ مێژوو بە قەڵەمێکی پۆڵایین لەسەر تاشە بەردەکانی کوردستان بنووسرێتەوە و نەوەکانمان لە داهاتوودا شانازی پێوە بکەن**

**ڕیفراندۆم جگە لەوەی خواستێکی دەیان ساڵەی پەنگخواردوو بوو، وەڵامێکیش بوو بۆ ئەوانەی گلەیی ئەوەیان دەکرد کە کورد و سەرکردەکانی بۆ لە سەروبەندی ڕەخسانی دەرفەتی ڕزگاربوون و ڕاگەیاندنی کیانێکی سەربەخۆدا بڕیار نادەن**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێمە باشتر بە مەزهەبیبوونی عێراقیان دەبینی و ڕۆژێک بەو دەوڵەتەیان نەوت، بۆ پێشێلی دەستوور دەکەیت و نیازی دووبارە بەکارهێنانی هێز و جینوسایدتان هەیە بەرانبەر بە هاووڵاتیان هەرێمی کوردستان؟**



**فەرهاد محەمەد**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# خیانەتی ناوخۆیی نەبووایە هێزی پێشمەرگە دەیتوانی ئاکامی ڕیفراندۆم جێبەجێ بکات و بەرگری لە کوردستانیش بکات

**فەرهاد محەمەد، ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە و ئەندامی لێژنەی ڕاگەیاندنی هەڵمەتی بانگەشەکانی پرۆسەی ڕیفراندۆم بووە، لە گفتوگۆی ئەم جارە (ڕیفراندۆم و هەڵوێستی نێودەوڵەتی) بەم جۆرە بیر و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

ساڵی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش سەریان هەڵدا و لە ناوەڕاستی هەمان ساڵدا خەلافەتی ئیسلامییان لە مووسڵەوە ڕاگەیاند، هەروەها هەر لەو ساڵەدا کە ڕووسیا کریمای لکاند بە خۆیەوە، ڕاپۆرتی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی کە لە شوباتی ساڵی ٢٠١٥ بە ناونیشانی «لەبەریەك هەڵوەشانەوەی سیستمی جیهانی، دەستەوەستانی، پارێزەرانی»بڵاو کرایەوە. ئەم ناونیشانە ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە چیدیکە ئەو سیستمە جیهانییە نەما، کەپێی دەگوترێت «سیستمی نوێی جیهان و جیهانی یەکجەمسەری»، هەروەها توانای بەرگریکردنیش لەو سیستمە نەماوە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی بە پارێزەری ئەو سیستمە لە قەڵەم دەدران، خۆیان سیستمەکە پێشێل دەکەن، کە مەبەستی ڕووسیایە بە داگیرکردنی هەرێمی کریمای ئۆکرانیا و لکاندی بە خۆیەوە.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە، ئەو ڕووداوانەی لە ساڵی ٢٠١٤ ڕوویان دا، هیچ کەسێك پێشتر مەزندەی بۆ نەکردووە، کە ڕووشیان داوە، هیچ دەوڵەتێك توانای بڕیاردانی نەبووە، لەمەشدا مەبەستی لەوەیە کاتێك ڕووسیا بە هێزی سەربازی کریمای لکاند بە خۆیەوە و کاتێکیش تیرۆریستانی داعش خەلافەتی ئیسلامییان لە مووسڵ ڕاگەیاند، لە هەردوو ڕووداوەکەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توانای بڕیاردانی نەبوو، تا ئەو کاتەی قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگە لە مەخموور و زومار ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشی بەتاڵ کردەوە.

لە ساڵی ٢٠١٦ش دوو ڕووداوی گەورە ڕوویان دا، کە پێشتر هیچ کەسێك مەزندەی بۆ نەکردبوو، ئەو دوو ڕووداوەش بریتی بوون لە (سەرکەوتنی ڕاپرسیی بەریتانیا بۆ دەرچوون لە یەکێتیی ئەورووپا، هەروەها دەرچوونی ترەمپ بۆ سەرۆکی ئەمریکا) سەبارەت بەم دوو ڕووداوەش دیسان ڕاپۆرتی کۆنفرانسی میوشن لە شوباتی ساڵی

٢٠١٧ بەم ناونیشانە بڵاو کراوەیە، قۆناغی دوای «نەمانی ڕاستی، دوای نەمانی ڕۆژئاوا، دوای نەمانی سیستمی جیهانی».

لە نێوان ئەم ئەم دوو بەروارەدا لە ساڵانی (٢٠١٤ – ٢٠١٧)، هەرێمی کوردستان دوو جار بوو بە ستەیجی ڕوودانی دوو ڕووداوی گەورەی جیهانی، کە هیچ کەس و بیرمەندێك لەم جیهانەدا مەزندەی نەکردووە، کە یەکەمیان قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگە بوو لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، کە جیهان و هەموو فیکری سەربازیی سوپاکانی جیهان مەزندەی ئەوەیان نەدەکرد، هێزێك لەسەر زەوی بتوانێت تیرۆریستانی داعش تێك بشکێنێت، لە دووەمیشیاندا بڕوایان نەدەکرد، سەرۆك مسعود بارزانی بتوانێت لەگەڵ گەلەکەی خۆیدا بڕیاری ڕیفراندۆم بدات و بڕیارەکەشی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکات، لەمەش زیاتر بتوانێت بەرگری بکات و پارێزگاری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان بکات.

لەم چوارچێوەیەدا کە هەڵسەنگاندن بۆ «ڕیفراندۆم و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی» دەکەین، دەبێت بزانین ئایا ئێمە لە ناو کام سیستمی جیهانیدا بڕیاری ڕیفراندۆممان بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە؟ بێگومان لە قۆناغێکدا ئەو بڕیارە بوێرانەیە دراوە کە وەك گرامشی دەڵێت «سیستمە کۆنەکە مردووە و نەماوە و هێشتا تازەکەش لەدایك نەبووە».

بۆیە کاری ڕابەر و سەرکردەی مەزن، ئەوەیە لە بارودۆخی لەو شێوەیەدا ئەو دەرفەتەی دێتە پێشەوە بۆ ئەوەی بڕیاری گەورەی تایبەت بە چارەنووسی نەتەوەی تێدا بدرێت، نابێت ئەو دەرفەتە لەدەست بدرێت.

زۆر کەس بەو شێوەیە هەڵسەنگاندن بۆ بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، کە پێشتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زەمینەسازی بۆ ڕیفراندۆم نەکراوە، یان بیرمان لەوە نەکردووەتەوە، دوای ڕیفراندۆم عێراق لەشکرکێشی دەکاتە سەر کوردستان، بە پێچەوانەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەرۆك بارزانی بە زۆربەی دەوڵەتەکانی جیهان، بە تایبەتی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعشی ڕاگەیاندبوو، کە چیدیکە ئەو بارودۆخە قبووڵ ناکرێت، کە حکومەتی عێراق مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پێ دەکات، بۆیە ئەگەر ئێوە ناتوانن بڕیار بدەن و گوشار لەسەر حکومەتی عێراق دروست بکەن، ئەوا گەلی کوردستان خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدات و بە ئیرادەی خۆی کێشەکانی وڵاتی خۆی چارەسەر دەکات.

سەرۆك بارزانی وەك لە کتێبی «بۆ مێژوو» زۆر بە وردی ئاماژەی پێ کردووە، هەموو ئیرادەی گەلی کوردستانی لە هەڵوێست و پشتیوانیی نێودەوڵەتی لا گرنگترە، هەربۆیە کاتێك یەکێك لە سەرکردەی حزبە کوردستانییەکان لە سەرۆك بارزانی دەپرسێت: «ئایا دەتوانی شان بدەیتە بەر ئەم بەرپرسیارێتییە گەورەیە؟ سەرۆك بارزانی وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت: ئەگەر ئێوە پشتم بەر نەدەن، بەڵێ».

فاکتەرێکی دیکە کە زۆر جێگەی گرنگیپێدانی سەرۆك بارزانی بوو، باوەڕی پتەوی بوو بە قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، دڵنیا بوو لەوەی ئەگەر پشتتێکردن و خیانەت نەبێت، ئەوا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو توانایەی هەیە، هەموو هەرێمی کوردستان بپارێزێت و زەمینە بۆ ئەمرێکی واقیعی تازە لە عێراق و ناوچەکەدا بخولقێنێت، هەروەها بڕوای پتەویشی بەوە هەبوو، کە هێزە عێراقییەکان قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان بینیوە و ناتوانن بە ئاسانی هێزەکەی خۆیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان تاقی بکەنەوە، ئەمەشی لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ سەلماند، کە چۆن هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەواوی هێزەکانی عێراق و ڕاویژکارەکانی حزبوڵڵای لوبنانی تووشی شۆك کرد لە (پردێ و سحێلا و مەحموودیە) و تێکی شکاندن.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرانبەر قەوارەی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان، ئێمە ڕیفراندۆممان بکردایە، یان نەمانکردایە، ئەگەر هێزەکانی عێراق هێرشیان بکردایەتە سەر کوردستان ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەر نەیاندەتوانی هیچ بڕیارێك بدەن، ئێستاش هەر ناتوانن هیچ بڕیارێك بدەن، شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاش باشترین بەڵگەیە کە چۆن تەواوی دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ دەستەوەستانن، لەمەش زیاتر زۆر جار سەرۆکی دەوڵەتێکی ئەندامی ناتۆ دەچێت داوا لە فلادمیر پوتین دەکات، بۆ ئەوەی ڕێگە بە دانەوێڵەکەی ئۆکرانیا بدرێت، بۆ ئەوەی هەناردەی بکات بۆ دەرەوە.

**لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەرۆك بارزانی بە زۆربەی دەوڵەتەکانی جیهان، بە تایبەتی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعشی ڕاگەیاندبوو، کە چیدیکە ئەو بارودۆخە قبووڵ ناکرێت، کە حکومەتی عێراق مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پێ دەکات**

**کاتێك یەکێك لە سەرکردەی حزبە کوردستانییەکان لە سەرۆك بارزانی دەپرسێت: «ئایا دەتوانی شان بدەیتە بەر ئەم بەرپرسیارێتییە گەورەیە؟ سەرۆك بارزانی وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت: ئەگەر ئێوە پشتم بەر نەدەن، بەڵێ**

**ئێمە ڕیفراندۆممان بکردایە، یان نەمانکردایە، ئەگەر هێزەکانی عێراق هێرشیان بکردایەتە سەر کوردستان ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەر نەیاندەتوانی هیچ بڕیارێك بدەن، ئێستاش هەر ناتوانن هیچ بڕیارێك بدەن**

# بنەمایەک بۆ ژینگەپارێزیی دوور لەرەفتاری توندوتیژانە

لە ڕۆژی ٢ی ئۆکتۆبەری هەموو ساڵێك یادی ڕۆژی نێودەوڵەتیی ناتوندوتیژیی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دەکرێتەوە، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەم ڕۆژە کە ڕۆژی لەدایکبوونی گاندی سەرکردەی سەربەخۆبوونی هیندستان و پێشەنگی فەلسەفە و ستراتیژیەتی ناتوندوتیژییە و لە یەکێك لە وتەکانیدا دەڵێت: «ناتوندوتیژی بەهێزترین چەکە لە دەستی مرۆڤایەتیدا کە هەتا ئێستا مرۆڤ توانیبێتی دایبهێنێت».


یادکرنەوەی ئەم ڕۆژە، بۆنەیەکە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ناتوندوتیژیی لە ڕێگەکانی وەك پەروەردە و فێرکردن و هۆشیارکردنەوە و ڕاگەیاندن بە مەبەستی چەسپاندنی کەلتووری ناتوندوتیژی و ئاشتی و لەیەکگەیشتن.

ناتوندوتیژی، پشت بەو چەمکە دەبەستێت کە دەڵێت: بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەوا و پاکەکان، پێویستە هۆکار و میکانیزمی پاك پەیڕەو بکەین، چونکە ناکرێت بە بەکارهێنانی توندوتیژی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز بنیاد بنرێت.

پرۆفیسۆر (جین شارپ)، گەورە توێژەری بواری بەرگریی ناتوندوتیژ لەژێر ناونیشانی (سیاسەتی کاری ناتوندوتیژ) بەم جۆرە پێناسەی ناتوندوتیژی دەکات: «ناتوندوتیژی لە ساکارترین پێناسەیدا بریتییە لە بەرگریی ناتوندوتیژ و تێکۆشانی کۆمەڵایەتیی دژ بە بەکارهێنانی توندوتیژیی جەستەیی، لە کاتی هەوڵدان بۆ هەر گۆڕینێکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، هەروەها ناتوندوتیژی شێوازێکە لە خەبات کە خەڵك دەتوانن بە هۆیەوە ململانێ ئەنجام بدەن، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئارەزوویان لە گۆڕینی ئاشتیخوازانە.

ناتوندوتیژی جۆری زۆری هەیە و لە زۆر بواردا دەکرێت پەنای ببرێتە بەر، وەك بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و.. هتد.

ئەوەی لێرە مەبەستمانە، ناتوندوتیژییە لە بواری چالاکی و خۆپێشاندان و ناڕەزایی دەربڕین لە بواری ژینگەییدا، کە پێویستە هەردوو لایەنی پۆلیس و ژینگەدۆستان پەنا نەبەنە بەر ڕەفتاری توندوتیژ لە کاتی خۆپێشاندانە ژینگەییەکاندا، کە ماوەیەکە بەداخەوە هەندێك گرووپ لە وڵاتانی ئەورووپا بەتایبەتی بە ناوی ژینگەپارێزییەوە، زیان لە ژینگە و ئاسەوارەکان و دیمەنی جوان و خاوێنی شارەکان دەدەن.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

بەپێی نووسینگەی داواکاری گشتی کە بە ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانیای ڕاگەیاندووە، تەنیا لە بەرلیندا دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا نزیکەی **٢٨٦٠** کەیسی یاسایی دژ بەو خۆپیشاندەرانە کردووەتەوە، کە سەر بە گرووپی (دوا نەوە) و (یاخیبوون دژ بەلەناوچوون)ـن، لەبەر ئەوەی ڕەفتاری توندوتیژیان نواندووە لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا، وەك گرتن و داخستنی شەقام و بەکارهێنانی ئەسفەڵت بۆ خۆنووساندن بە زەوییەوە و ڕشتنی بۆیە بە دیواری بینای فەرمییەوە و بۆیەکردنی ستوونەکانی دەروازەی براندبێرگ لە بەرلین، بە مەبەستی فشارخستنە سەر دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا بۆ خێراکردنی پرۆسەی ڕاگرتنی بەکارهێنانی سووتەمەنی وەك نەوت و غاز و خەڵووزی بەردین.

ئەمە جگە لەوەی ئەو جۆرە لەو کارانەی بە ناوی چالاکیی ژینگەییەوە دەیکەن، لەکاتی داخستنی شەقامەکاندا دەبێتە هۆی ئاژاوەنانەوە و شەڕکردن لەگەڵ ئەو شۆفێرانەی بەو شەقامانەدا تێپەڕ دەبن، کە ئەمەش جۆرێك لە توندوتیژیی کۆمەڵگەیی بەدوادا دێت و، سەر دەکێشێت بۆ ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی لەو کاتەی زۆرێك لە هاووڵاتیانی ئاسایی دژ بەو ڕەفتارە توندانەی ئەو گرووپانە دەوەستنەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە پۆلیس و هەندێك لە کەسانی نزیك لە خاوەن پرۆژە گەورەکانی کەرتی تایبەتیش لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان زۆر جار ئازاری دۆستانی ژینگە دەدەن، کاتێك بە داتا و ڕاپۆرت و زانیاری تیشك دەخەنە سەر ئەو قەیران و زیانە زۆرانەی کە ئەوان هێناویانەتە ئارا لە بواری گۆڕانی کەش و هەوا و پیسکردنی ژینگە و وێرانکردنی سرووشت و سیستمە بایۆلۆژییەکەی.

بۆیە بە مەبەستی پارێزگاریکردن لەدۆستانی ژینگە، پێویستە پارێزگاری لە مافە ژینگەییەکانی مرۆڤ بکرێت و ددان بەوەشدا بنرێت، کە مرۆڤ مافی هەیە لە ژینگەیەکی پارێزراو و گەشەپێدانی بەردەوامدا بژی.

بە کورتی ئەوەی گرنگە ڕەچاو بکرێت، ئەوەیە کە پێویستە ژینگەدۆستان پەنا نەبەنە بەر توندوتیژی و یاساشکێنی، لەبەرانبەریشدا لەلایەن دامەزراوە فەرمیی و کۆمپانیا تایبەتەکانیشەوە ڕێز لە داواکانیان بگیرێت و بە لێکگەیشتن و تێگەیشتن و بە هۆکاری ئاشتییانە و یاساییانە هەردوو لا بگەنە چارەسەر بۆ کێشە و قەیرانەکان دوور لە توندوتیژی.

# داوای ئاوڕدانەوەی زیاتر لە دۆخی بەساڵاچووان و پێویستییەکانیان دەکرێت



**ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ساڵی (١٩٧٢) مرۆڤی تەمەن (٦٥) ساڵ بەرەو سەرەوەی بە «بەساڵاچوو»، پێناسە کردووە، بەپێی ئامارەکانی هەمان ڕێکخراو، لە ساڵی (٢٠٠٠) نزیکەی (٦٠٠) ملیۆن کەس لە جیهاندا لەم تەمەنەدا بوون، پێشبینی ئەوەشیان کردووە لە ساڵی (٢٠٥٠)، نزیکەی دوو ملیار مرۆڤ بگەنە سەرووی تەمەنی (٦٥) ساڵ.**
**نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی ١٤ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠دا لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی خۆیدا، ڕۆژی ١ی تشرینی یەکەمی وەك ڕۆژی بەساڵاچوون دیاری کرد، ئەوەش بەو ئامانجە بووە کە ئەو چینە ماندووە، قەرەبووی زەحمەت و ئەرکی ڕابردوویان بکرێتەوە. لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری گوڵاندا بەشداربووان بە پەرۆشەوە باس لەو توێژە پشتگوێ خراوەی کۆمەڵگە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

وەك شارەزایان و توێژەرانی بواری کۆمەڵایەتی باسی دەکەن، تا ئێستا ئامارێکی فەرمی لەسەر ژمارەی بەساڵاچووان لە هەرێمی کوردستان لە بەردەست نییە، لە شاری هەولێریش تەنیا یەك خانەی تایبەت بە بەساڵاچووان هەیە، ئەو خانەیە سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییە و لە ٢٠١١/٥/٢٤ دامەزراوە، نزیکەی ٧٠ بەساڵاچوو لەخۆ دەگرێت.

بەهار ڕەفیق، توێژەری دەروونییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «خەسڵەتەکانی قۆناغی بەساڵاچووان بریتییە لە لاوازی بە گشتی وەکو نەخۆشییە درێژخایەنەکان، تەنانەت هەندێکیان تووشی خەمۆکیش دەبن، هەر بۆیە ئەندامانی خێزان مامەڵکردن لەگەڵ ئەو توێژە ئاسان نییە، لەو دۆخەدا، دەبێت بەپێی بنەمای تایبەت لەگەڵ بەساڵاچووان مامەڵە بکرێت، یەکێك لەوانە

پێشبینیکردنی خواست و داواکارییەکانیانە و پێش داواکردن دەبێت پێشکەشیان بکرێت، بۆ ئەوەی کەسە بەساڵاچووە ئیحراج نەبێت، بنەمایەکی دیکە، تەوقەکردنی بەردەوامە لەگەڵیاندا و زەردەخەنەیە و دەربڕینی خۆشەویستی و لێکنزیکبوونەوە و گوێگرتنە لە قسەکانیان، قسەکردن بە هێمنی و لەسەرخۆیی بۆ ئەوەی لێت تێبگەن، بەکارهێنانی لەقەب وەکو «داپیرە و باپیرە» و ڕێزگرتنیان زۆر گرنگە، چونکە ئەوە لایەنی دەروونییان باشتر دەکات، هەروەها ڕاوێژپێکردنیان بڕوابەخۆبوونیان زیاتر دەکات. دیارە زۆربەی بەساڵاچووان تووشی لەبیرچوونەوە (زەهایمەر) دەبن و لەم کاتەدا نابێت، گفتوگۆی توندیان لەگەڵدا بکرێت و هەستیان بریندار بکرێت. دیارە بوونی کەسانی بەساڵاچوو لەناو خێزاندا گرنگیی خۆی هەیە و بۆ ئەو خێزانە دەبێت بە مەرجەعێك و سوود لە ئەزموونەکانی وەردەگیرێت، بەڵام هەندێکجار ململانێ لەگەڵ ئەندامێکی خێزان، زیاتر دروست دەبێت، بۆ نموونە، منداڵ هەیە، هەرزەکار هەیە، بووکی خێزانەکەیە و وادەکات، هەندێك جار گرفتی کۆمەڵایەتی و لێکتێنەگەیشتن دروست بێت، لە ئەنجامدا بەساڵاچووەکە ماڵەکەی بەجێ دەهێڵێت، یان لەماڵ دەیکەنە دەرەوە».

ئەو توێژەری دەروونییە، پرسیارێك دەکات و دەڵێت: «ئایا بوونی خانەی بەساڵاچووان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا پێویستە؟» هەر خۆیشی لە وەڵامدا دەڵێت: «لە هەندێك وڵاتدا خانەی بەساڵاچووان بە شتێکی باش و پێویست دانراوە و بەساڵاچوو زۆرجار بە خواستی خۆی دەچێت بۆ ئەو شوێنانە. بەڵام لێرەوە پێویستە بە دروستی ڕەفتاری لەگەڵ بکەین و هەستی متمانە بەخۆبوونی بەهێزتر بکەین، دەبێت هەوڵ بدەین بە تەنیا نەیهێڵینەوە، چونکە تەنیایی بۆ ئەوان زۆر خراپە، ئەو بەساڵاچووانەی لەناو خێزاندان، ڕووناکیی ماڵەکەن، ئەو چرا ڕووناکەن ڕێگەی ژیانمان نیشان دەدەن، نابێت بیانکوژێنینەوە».

پشتیوان ساڵح، مامۆستایە لە پەروەردەی خەبات و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ڕێزگرتن لەکەسانی بەرانبەر، ڕەوشتێکی هەرە جوان و پڕ بەهای مرۆڤایەتییە، بەتایبەت کە ئەو ڕێزگرتنە لە نێو خێزاندا لە مرۆڤی بەساڵاچوو بێت. چونکە مرۆڤی بەساڵاچوو خاوەن ئەزموونی ژیانکردنن و شایەنی ئەوەن گوێیان لێ بگرین و ئامۆژگارییەکانیان بە هەند وەربگرین و، پرس و ڕاوێژیان پێ بکەین». گوتیشی: «ئەم ڕێزگرتنە خاڵێکی هەرە گرینگە لە ڕەفتاری مرۆڤ، بۆ بونیادنانی کەسایەتیی خۆی، بۆیە پێم وایە ڕێزگرتن لە مرۆڤی بەساڵاچوو و بەگشتی و دایك و باوکی بەساڵاچوو، بەتایبەتی هەم ئەرکە و هەم لووتکەی ڕەوشت و مرۆڤایەتییە. خوای گەورە فەرمان دەکات، ڕەزامەندیی دایك و باوك بەدەست بێنین، ئەو ڕەزامەندییەش بێگومان بە ڕێزگرتن بەدی دەیێت. بۆیە ئەوانەی دایك و باوکی بەساڵاچوو لە ماڵ وەدەر دەنێن، یان دەیانبەن بۆ خانەی پیران و پەککەوتووان، مرۆڤ لەو ڕێزە دادەماڵن».

ئەو خاتوونە باسی ئەوە دەکات کە «لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، وتەی دایکێك زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە و کاریگەریی زۆری لەسەر ڕۆحی هەبووە، بەوەی کە «ئەو دایکە لەلایەن کوڕ و کچەکانی لەماڵ دەرکرابوو، لە خانەی پیران بوو، کەسیش سەردانی نەدەکرد، ئەو دایکە پەیامێکی ئاراستەی گشت داکیان کرد و گوتی: ئامۆژگاریتان دەکەم، کە منداڵتان بوو، هەندێ شیری سەگیان پێ بدەن، بۆ ئەوەی فێری وەفا بن. بەداخەوە خوا بە گەورەیی خۆی ڕێز لەمرۆڤ بگرێت و، مرۆڤ نەتوانێت، ڕێز لە خۆی و بەرانبەری بگرێت، هەر کاتێکیش لە نێوان مرۆڤەکان ڕێزگرتن و گەورە و بچووکی نەما، جا لەنێو خێزان بێت، یان کۆمەڵگە، ئەوا بەرەو هەڵدێر و وێران بوون دەچێت» .

سۆلین عوسمان، نووسەر و قوتابیی زانکۆیە و یەکێکە لەو هەزاران کەسانەی کە بە بایەخەوە لە گرنگیدان بە بارودۆخی بەساڵاچووان دەڕوانن. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بە بۆچوونی من بەساڵاچووان ڕەگی درەختەکەن و ئێمەش لق و پۆپ و گەڵاو گوڵیانین. خۆ ئەگەر بەساڵاچووەکانمان نەبوونایە، نە گوڵێك دەبوو، نە بەرێك، لەگەڵ نەمانەشیاندا، وردە وردە سیلەی سۆز و کەسایەتی ڕوو لە پچڕان و درەختی سەوزی خێزانەکان ڕووەو لەناوچوون و وشك بوون دەچن». گوتیشی: «بەساڵاچووەکانی ناو خێزانەکانمان (جا باپیرە بن، یان داپیرە، یان دایك و باوکمان بن، یان پوور و خاڵ و مام)، هەرکامێکیان بن، گەنجینەن. وەك ئەو گەوهەر و بەردە بە نرخ و دوڕدانەیەیانەن کە لە بن ئۆقیانوسەکاندان و دەستی هەموو کەس ناکەون. لەدەستدانیان چۆڵییەکی سامناك دەخاتە ناو ماڵەکانمانەوە، بە جۆرێك کە بە هەموو قەرەباڵغییەکانی دونیا پڕ نابێتەوە. ئەفسووس تا ئەمڕۆش لەملا و لەوجێ دەبیستین و دەبینین کە ڕێز و تەقدیری پێویستیان لێ ناگیردرێت».

سۆلین عوسمان، خۆزگە دەخوازێت، گەنجەکان ئەزموونی بەساڵاچووان، وەك هەڵێك بقۆستنەوە و لێیانەوە فێربن و تا ئەو چەند کاتە کەمەی لە ژیانیاندا ماون، سوود لە ڕێنماییان وەربگرن. هاوکات دەڵێت: «پێویستە نەوەکان بە خۆشەویستییەوە بۆ بەساڵاچووانی دایە و باوەیان ببن بە دار عەسا (گۆچان) بۆ پشتی چەماوە و ئەژنۆی لەرزۆکیان، کە لە پێناو باشترکردنی گوزەرانی ئەوان بەو دۆخە گەیشتون». گوتیشی: «خودا خۆی شەرم لە سەر و ڕیشی سپی دەکات

چۆن گومان لە مرۆڤبوونی خۆمان نەکەین، لە کاتێکدا ئێمە شەرمیان لێ نەکەین؟ بەداخەوە کچ و کوڕی وا هەن، دایك و باوکیان بەخێو ناکەن و دەیانبەنە خەڵوەتگەی پیری، نازانن سبەینێیەك لە ڕێیە کە ڕەنگە منداڵەکانیان خۆیان ئاسا بەو شوێنەیان بسپێرن».



بەهار ڕەفیق:

**بەساڵاچوو لەناو خێزاندا گرنگیی خۆی هەیە و بۆ ئەو خێزانە دەبێت بە مەرجەعێك و سوود لە ئەزموونەکانی وەردەگیردرێت**



پشتیوان ساڵح:

**ڕێزگرتن لە مرۆڤی بەساڵاچوو و بەگشتی و دایك و باوکی بەساڵاچوو، بەتایبەتی هەم ئەرکە و هەم لووتکەی ڕەوشت و مرۆڤایەتییە**




سۆلین عوسمان:

**کچ و کوڕی وا هەن، دایك و باوکیان بەخێو ناکەن و دەیانبەنە خەڵوەتگەی پیری، نازانن سبەینێیەك لە ڕێیە کە ڕەنگە منداڵەکانیان خۆیان ئاسا بەو شوێنەیان بسپێرن**



## نیان عەبدوڵڵا:

# سەرکەوتن پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێزە، نەک جەستەیەکی ساغ



**نیان عەبدوڵڵا کچە گەنجێکی پڕ وزەی خاوەن پێداویستیی تایبەتە، بەڵام جێگیربوونی لەسەر عەرەبانە جووڵاوەکەی نەبووەتە ڕێگر لە بەردەم حەز و خولیاکانی بۆ کارکردن و لە ئێستادا خاوەن کاری خۆیەتی و زیاتر لە دە ساڵە کار دەکات و بە تەنیا دووکانێکی تایبەت بە جوانکاریی خانمان بەڕێوە دەبات، نیان کاڵاکانی لە وڵاتە ئەورووپییەکان هاوردە دەکات و لە ڕێگەی ڕاستەوخۆ و ئۆنلاینەوە دەیانفرۆشێتەوە. لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە باس لە هەنگاوەکانی سەرکەوتنی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

نیان عەبدوڵڵا لەدایکبووی شاری سلێمانییە و هەر لەوێش نیشتەجێیە، وەك خۆی باسی دەکات، بەهۆی دۆخی تەندروستییەوە نەچووەتە بەرخوێندن، بەڵام حەزی زۆری بۆ فێربوون، وای کردووە، بە هەوڵ هیممەتی خۆی و هاوکاریی خێزانەکەی، توانیویەتی خۆی فێری نووسین و خوێندنەوە و تەنانەت فێری زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی بکات. سەبارەت بە ژیانی خۆیشی دەڵێت: «من هەر لە تەمەنی دوو ساڵییەوە توانای ڕۆیشتنم لە دەست داوە، بەڵام ئەوە نەبووەتە ڕێگر لە ژیانکردنم و وەك هەر تاکێکی دیکەی ئەم کۆمەڵگەیە ژیانم کردووە، ڕاستە بە هۆی نەخۆشی و وەرگرتنی چارەسەری بەردەوام، هەلی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە بچمە بەرخوێندن، بەڵام حەز و خولیایەکی زۆرم هەبوو بۆ فێربوون و بە جوهدی خۆم و هاوکاریی خێزانەکەم توانیم فێری خوێندنەوە و نووسین بم و فێری زمانی عەربی و ئینگلیزییش بووم».

سەبارەت بە دەستپێکی کارکردنی و تێکەڵبوونی بە بازاڕی کار، گوتی: «سەرەتا وەکو بەڕێوەبەری دایەنگە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەڕێوەبەری دایەنگەیەك بووم لە سلێمانی، دواتر حەزم کرد، کارێکی سەربەخۆم هەبێت، دوای هەوڵ و کۆششی خۆم و پێداگریم بۆ کارکردن، ئێستا خاونی کاری سەربەخۆی خۆمم و دووکانی بابەتی جوانکاریی خانمانم هەیە و لە وڵاتانی بەریتانیا و ئەڵمانیا کاڵاکان دەهێنمە کوردستان و لە ڕێگەی دووکانەکەمەوە دەیخەمە بەر دەستی کڕیارەکانم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چۆن بوو، بە بێ چوونە قوتابخانە خۆت فێری خوێندن و نووسین و تەنانەت فێری زمانی بیانی کرد؟ گوتی: «هەمیشە خەون و خولیای فێربوونم هەبوو، حەزم بەوە نەکردووە وەکو کەسێکی ناچالاك دابنیشم و کاتەکانم بێسوود بەڕێ بکەم، وەك هەر منداڵێکی ئاسایی لە تەمەنی شەش ساڵییەوە بە هاوکاریی خێزانەکەم دەستم بەوە کرد کە لە ماڵەوە بخوێنم، بە دڵنیاییەوە لەو تەمەنەدا هەمیشە حەزی ئەوەم هەبوو بچمە قوتابخانە. لە منداڵیمەوە تا ئێستا هێز و توانای خۆم و هاکاری و پاڵپشتیی خێزانەکەم منی گەیاندە ئەو سەرکەوتنەم».

کاتێك پەیامنێری گوڵان پرسیاری لە نیان عەبدوڵڵا کرد، کە وەکو کچێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت ئەو هەموو هێز و بڕوابەخۆبوونەت چۆن لا دروست بوو؟ لە وەڵامدا گوتی: «لەبەر ئەوەی من هەر لەو کاتەی کە فامم کردووەتەوە، ئەو حاڵەتەی خۆمم لا قبووڵ بووە، ئیتر ئەوە نەبووەتە ڕێگر لە بەردەم ژیانی ڕۆژانەم، بۆیە هەمیشە هەنگاوم بەرەو سەرکەوتن ناوە، چونکە سەرکەوتن پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێزە، نەك جەستەیەکی ساغ». گوتیشی: «بەداخەوە ژیانی منداڵیم خۆش نەبوو، هەمیشە لەژێر چارەسەری پزیشکی و نەخۆشخانە بووم، جگە لەوەی لە دونیای منداڵی و یاریکردن لەگەڵ هاوڕێکانم بێبەش بووم، بەڵام سوپاس بۆ خوا خێزانەکەم زۆر زۆر باش بوون و حاڵەتەکەی منیان سەد لە سەد قبووڵ بوو، لەگەڵ ئازارەکانی من ئازاریان دەچەشت، جگە لەوانەش لە هەموو هەنگاوەکانمدا هەردەم هاندەر و پاڵپشتم بوون، چونکە من کچی بچووکی خێزانەکەم بووم و نازێکی تایبەتم لای ئەوان پێ درابوو».

نیان عەبدوڵڵا لە کۆتایی وتەکانیدا جەختی لەوە کردەوە، ئەو دۆخەی جەستەیی خۆی بڕوابەخۆبوون و هێز و توانایەکی زۆری پێ بەخشیوە و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «ناتوانم بڵێم خوا شتێکی لێ سەندوومەتەوە، چونکە قەناعەتم وایە لە هیچم کەم نییە و سوپاس بۆ خوا وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی ژیانم بەڕێ دەکەم. ژیان و گوزەرانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە هیچ ڕوویەکەوە لە کوردستان باش نییە. لە بواری هاتوچۆ و گواستنەوە تا ئێستا زۆربەی بینا و شوێنە گشتییەکان و شەقامەکان گونجاو نین».

**لە وڵاتانی بەریتانیا و ئەڵمانیا کاڵاکان دەهێنمە کوردستان و لە ڕێگەی دووکانەکەمەوە دەیخەمە بەر دەستی کڕیارەکانم**

**هەمیشە خەون و خولیای فێربوونم هەبوو، حەزم بەوە نەکردووە وەکو کەسێکی ناچالاك دابنیشم و کاتەکانم بێسوود بەڕێ بکەم**

**لە تەمەنی شەش ساڵییەوە بە هاوکاریی خێزانەکەم دەستم بەوە کرد کە لە ماڵەوە بخوێنم**



## شادان عەلی:

# شێوەکاری و شیعرم لە بەرهەمێکدا کۆ کردووەتەوە

**شادان عەلی لە چەندین بواری وەکو هونەری شێوەکاری و شیعر و مافی مرۆڤ شوێن پەنجەی دیار و بەرچاوە، چەندین پیشانگای کردووەتەوە، شیعرەکانی بۆ سەرچەندین زمانی جیهانی وەرگێڕدراون، ئەندامی سکرتاریەتی باڵوێزی ئاشتیی جیهانی و منداڵان و ئەندامی مافەکانی مروڤە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ زیاتر ئاگاداری بوون لە دوایین کار و چالاکییەکانی، ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵیدا ئەنجام دا.**

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس

*** کەمێك باس لە ژیانی هونەری و ئەدەبیی خۆتان بکە؟**

- لە شاری سلێمانی هاتوومەتە دنیا و خوێندنم لەوێ تەواو کردووە، خاوەنی (دوو سیدی) شیعریم، یەکەم ساڵی ٢٠١٦ و سیدی دووهەم لە ساڵی ٢٠١٨، هەروەها بەشداری چەندین پێشانگەی تایبەت و هاوبەشی شێوەکاریم لە ناوخۆ و دەرەوە کردووە، ئەندامێتی سکرتاریەتی باڵوێزی ئاشتی جیهانی و منداڵان و ئەندامێتی مافەکانی مروڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرۆکی دەوڵەت (خانەی ژنان)م لە نەتەوە یەکگرتووەکان / عێراق وەرگرتووە.

ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەریەك لە گۆڤارو ڕۆژنامەی نێودەوڵەتی (هونەر و دیزاین)م بەناوی (IJRAD) کە لە وڵاتی هیندستان دەردەچێت، لە ساڵی ٢٠٢٢ـەوە وەك هاوکاریی (هونەرمەندانی بێسنور) لە شاری هامبورگی ئەڵمانیا و شاری کالیفورنیای ئەمریکا کار دەکەم، ناوم لە کتێبی ئافرەتە ناودارەکانی کورد لە نووسینی مێژوو نووسی کورد نوسەر (عەلی خەزنەدار) لە بەشی چوارەم و پێنجەمدا هاتووە، ئەم کتێبەش وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی چاپی ساڵی ٢٠٢١، خەڵاتی باشترین سالاّم پێ بەخشراوە لە وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپا و ئاسیاو عەرەبیدا، هەروەها گرووپی وەرگێڕانی بێسنور (فريق الترجمە بلا حدود) کە پێك هاتووە لە چەندین وەرگێڕی بەتوانا، کە کار لەسەر وەرگێڕانی شیعر دەکەن، لەم بوارەدا چەند شیعرێکم بۆ سەر زمانەکانی عەرەبی و ئیسپانی و پرتوگالی و ئینگلیزی و ئەمازیغی وەرگێڕاوە، نوسینەکانم لەپێناو ئەرکەکانی پەروەردەیی بۆ ئاشتی و مافەکانی مرۆڤە، هەروەها چەندین بڕوانامەی دکتۆرا و باڵوێزی ئاشتیی جیهانی و مرۆڤایەتیم لە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی بەدەست هێناوە .

*** لە بواری شێوەکاریدا سەر بە چ قوتابخانەیەکی؟**

- زیاتر کار لەسەر هونەری ئۆڵتراڕیالیزم و تەعبیری دەکەم، چونکە من دەمەوێت لە هونەرەکەمدا پەیام بگەیەنم تا بگاتە شوێنی مەبەست، هونەر بۆخۆی بەهرەیەکە چۆنت بوێت دەتوانی کاری لەسەر بکەیت.

*** شێوەکارانی کورد لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟**

- لە ئاستێکی بەرزدان، شێوەکارانی وڵاتان ڕێکخراوێك یا ئەکادیمیایەك هاوکاریان دەبێت، بەڵام شێوەکارانی کورد

ئەگەر زۆر باشیش بن و هەوڵ بدەن کاری باش و تایبەتیش بکەن، هەر لەسەر گیرفانی خۆیانە، مەگەر خۆی بۆخۆی هەوڵ بدات کار بکات تا هونەرەکەی پێبگەیەنێت، لە ڕووی یارمەتی و هاوکارییەوە زۆر لاوازە، بۆیە هونەری کوردی لە خولانەوەیەکی چەق بەستودایە لەڕووی مادییەوە بەتایبەت لە ئێستادا کە چەند ساڵێکە قەیرانی دارایی یەخەی هەموومانی گرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت زۆر چالاك بن.

*** لە بواری شیعردا خاوەنی چەندین شیعرن خامەتان ڕەنگینە، چۆن تێکەڵی جیهانی شیعر بوون؟**

- ئاوێتەبوونی من لەگەڵ شیعردا دەگەڕێتەوە بۆ منداڵیم، شیعر جۆرێکە لە ئەدەب کە ئامانجی ئەوەیە وەڵامێکی هەستی لە خوێنەردا بهێنێتەوە، لە ڕێگەی زمانێکەوە کە هەڵبژێردراوە و ڕێکخراوە بۆ مانا و دەنگ و ڕیتم، تا لە ڕێگەی تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی شیعرەوە هەست و خەیاڵی خوێنەر ڕابکێشێت. شاعیر تێکەڵەیەك لە ڕیتم، هەڵبژاردنی وشە، دەنگ، هێما و وێنە، پێکهاتە، و زیاتر بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی پارچەیەك لە نووسین کە هەستەکانی خوێنەر دەجووڵێنێت. باوترین ئەو بابەتانەی کە شاعیر دەربارەیان دەنووسرێت بریتین لە (خۆشەویستی، سرووشت، هاوڕێیەتی، خێزان، ئاژەڵ، گەورەبوون و پیربوون، چاکە بەرامبەر خراپە، ئازایەتی و جەنگ، منیش لە نوسینی ئەمانەدا بێبەش نیم، هەر شیعرێکیش جیاوازە و بە شێوەیەك بەکاردەهێنرێت بۆ نوسینی گێڕانەوەی چیرۆکێکی خەیاڵی یا واقع، تا بە ڕوونی پەیامەکانی شاعیر لە ڕێگەی شیعرەکەیەوە بگاتە شوێنی مەبەست.

*** ئایا هیچ بەرهەمێکی چاپکراوی شیعرت هەیە؟**

- بەرهەمی چاپکراوم هەیە بەناوەکانی (تۆ دڵمی یا خاکی نیشتیمان) کە شیعرە، هەروەها (زیوا) یەکێکە لە کتێبە دەگمەنەکان لە هەرێمی کوردستان کە پێکهاتووە لە (٣٠) پارچە شیعر، (٣٠) تابلۆی شێوەکاری، واتا هەرشیعرێك بۆ تابلۆیەك نوسراوە.

چەند وەرگێڕێکی باش کاری وەرگێڕییان بۆ کردووم، بەتایبەت بۆ سەر زمانەکانی زمانی هۆڵەندی، ئیسپانی، ئەلبانی، هەنگاری، بولگاری، فەڕەنسی، ڕووسی، کولۆمبی، چینی، ئینگلیزی، مەکسیکی، ئەمازیغی، تورکی، عەرەبی، یۆنانی.

*** زۆرێك لە بڕوانامەکانت لە تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بڵاو دەکەیتەوە، مەبەست چییە لە بڵاوکردنەوەیان؟**

- بۆ دوو مەبەستە، یەکەم بۆ هاندانیان بۆکاری هونەر و ئەدەب، دووەم بۆ بینینی شێواز و ئاشنابوونی ڕێزلێنانی نێودەوڵەتی، چونکە ئەم جۆرە ڕێزلێنانانە لێرە نییە تا ئەوانیش بێبەش نەبن لە بینینیان و ئاشنای ڕێزلێنانی نێودەوڵەتی بن.

*** جگە لە بواری هونەر و ئەدەبدا لە چ بوارێکی دیکەی کۆمەڵایەتیجا کار دەکەیت؟**

- لە بواری مافی مرۆڤیشدا کار دەکەم بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانیان بەشێوەیەکی ئاشتییانە، کە مرۆڤ وەك مرۆڤ سەیر بکرێ و ڕێزی لێ بگیرێت و لە هیچ شوێنێکی سەر ئەم زەوییەدا جیاوازی نەکرێت لە نێوان ئایین و کەمەنەتەوەکان، جیاوازی نەکرێت لە نێوان مرۆڤی سپی پێست و مرۆڤی ڕەش پێست، هەروەها بێ کێشە سیاسی و ژیانێکی شایستەیان بۆ دابین بکرێت کە پڕبێت لە ئومێد و هەرچی پێویستی هەیە بەپێی توانا یارمەتییان بدرێت، چونکە مرۆڤ شایەنی ڕێزلێگرتنە، دەتوانم بڵێم ئەدەب و هونەر و مافی مرۆڤ سێ بوارن، بەڵام لە یەك بواردا کۆم کردوونتەوە و کاریان لەسەر دەکەم.



# مێگان فۆکس بەدەست ناڕێکیی جەستەیەوە دەناڵێنێت



خانمە ئەکتەری ئەمریکی مێگان فۆکس، دیمانەیەکی درێژ و تێروتەسەلی لەگەڵ گۆڤاری (سپۆرت ئیلستریەیتد سویمسوت) ئەنجام دا، لە هەمان کاتدا بووە بەرگی گۆڤارەکە لە ساڵی ٢٠٢٣، لە میانەی دیمانەکەدا ڕایگەیاند کە سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی زۆرە بە ڕەمزی جوانی و سەرنجراکێشی دادەنرێت، بەڵام ئەو یەکێکە لەو پێنج بۆ دە ملیۆن کەسەی لە ئەمریکا تووشی نەخۆشیی تێکچوون و ناڕێکیی جەستە بوون.

فۆکس لە چاوپێکەوتنێکی ڤیدیۆیی لەگەڵ گۆڤاری سپۆرت ئیلۆسترەیتد دەڵێت: «هەرگیز خۆم بەو شێوەیە نابینم کە کەسانی دیکە دەمبینن، هەرگیز خاڵێک لە ژیانمدا نەبووە کە جەستەم خۆشبوێت» لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی: «کاتێک گەنج بووم وەسوەسەم هەبوو بۆ ئەوەی بە شێوازێکی دیاریکراو دەربکەوم، دڵنیا نەبووم بۆچی لە تەمەنێکی وا گەنجدا ئەوەندە وشیار بووم دەرباری جەستەم».

بەپێی کۆمەڵەی دەروونیی ئەمریکی جیاوازیی نێوان چۆنێتی بینینی مرۆڤ بۆخودی خۆی و چۆنێتی بینینی کەسانی دیکە، نیشانەی تێکچوونی ناڕێکیی جەستەییە، کە بە (زۆر گرنگیدان بە کەموکوڕییەکی خەیاڵی لە شێوازی جەستە، یان نیگەرانییەکی زۆر لە ڕادەبەدەر بۆ کەموکوڕییەکی بچووکی جەستەیی) پێناسە دەکرێت.

کەسەکان لە ڕاستیدا چۆن دەردەکەون (یان چەندە سەرنجڕاکێشن) زۆرجار پەیوەندییەکی کەمی بەوەوە هەیە.
لای خۆیەوە دەروونناس و نووسەر (ڕامانی دێرڤاسولا) لە کالیفۆرنیایە ڕوونیکردەوە: «ئێمە باسی ئەوە ناکەین ئەگەر ئەم کەسە بڵێین پەڵەیەکی زۆر دیار یان جۆرە شێوا‌وییەکی جەستەیی بەرچاوی هەبێت، ئەوەشی ڕوون کردەوە، کەسێك کە نەخۆشیی ناتەواوی جەستەی هەیە سەرقاڵ دەبێت، تەنانەت نزیکە وەسوەسەی هەبێت، بە کەموکووڕییەکی سادە لە جەستەیدا، وەك کەمێك ئاوسانی لووت، یان کەمێك ددانێکی چەقۆدار، بەڵام زۆر جار بۆ کەسانی دیکە هەست پێ ناکرێت یان دیار نییە.»
ئاماژەی بەوەشکرد، نەخۆشەکە هەرگیز هەست بە تێربوون ناکات، بیرکردنەوە عەیبەش بەسەر ژیانیدا



# فیلمە نوێیەکەی براد پیت بابیلۆن داهاتی وەک پێویست نەبووە

فیلمە نوێیەکەی ئەکتەری نێودەوڵەتی براد پیت بەناوی (بابیلۆن) داهاتی ١٣ ملیۆن و ٥٢٣ هەزار دۆلاری لە سینەماکانی ئەمریکا بەدەست هێناوە، لە دوای نمایشکردنی لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢، بڕیارە لە ماوەی داهاتووشدا لە سینەماکانی جیهان نمایش بکرێت، کارەکەی لەلایەن کۆمپانیای پارامۆنت پیکچەرزەوە بەرهەم هێنراوە.
فیلمەکە لە نووسینی (دامیان شازێل)ـە، ڕووداوەکانی بۆ سەردەمی زێڕینی هۆلیوود دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی لە ماوەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، نووسەری فیلمەکە بە گۆڤاری ڤانیتی فێری ڕاگەیاندووە کە ئەو قۆناغە ساتێکی سەرەکی بووە لە مێژووی هۆلیوود، لە کاتێکدا لۆس ئەنجلۆس خەریك بوو دەگۆڕا بۆ پایتەخت.
هەرچەندە نووسەر ئیلهامبەخشی کارەکتەرەکانی لە ئەستێرەکانی ژیانی ڕاستەقینەی هۆلیوود وەرگرتووە، بەڵام زۆربەی کارەکتەرەکانی فیلمی (بابل) خەیاڵی دەبن.
براد پیت لەو ماوەیەدا ڕۆڵی ئەستێرەیەکی سینەمای بێدەنگ دەگێڕێت و مارگۆت ڕۆبی ئایکۆنێکی ساڵانی بیستەکانە. لەگەڵ گۆڕانی هۆلیوود لە دەوروبەریان، ناچار دەبن مامەڵە لەگەڵ پیشەسازییەکی ئاڵۆزتردا بکەن.
لە بنەڕەتدا بڕیار بوو ئیما ستۆن ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمەکەدا بگێڕێت، بەڵام لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ بەهۆی ناکۆکیی خشتەی کارەکانەوە دەرچوو، دواتر ڕۆبی جێگەی گرتەوە.
کۆمپانیای بەرهەمهێنەری فیلمەکە ئەو شێوانەی ئاشکرا کرد کە پاڵەوانەکانی فیلمەکە تێیدا دەردەکەون، بەو پێیەی گۆڤاری ڤانیتی فێر کۆمەڵێك وێنەی پشت پەردەی بڵاو کردەوە، وردەکارییەکانی ساڵانی ١٩٢٠ کە ڕووداوەکانی فیلمەکە تێیدا ڕوو دەدەن، زۆر ڕوون دەرکەوت، لە دیکۆر یان کارەکتەری ئەستێرەکاندا.
براد پیت لە وێنەکاندا بە سمێڵی تەنك و بێ ڕیشەوە دەرکەوتووە، بەو پێیەی بە تەواوی لێی ڕزگاری بووە، هەروەها ئەو کارەکتەری کە جاك کۆنرادە کە ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت، لە کاتێکدا مارگۆت ڕۆبی بە قژێکی کورت و زێڕین دەرکەوتووە.

کوردستان بەمۆ

یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق:

# هاتنم بۆ نێو دنیای وەرزش بە ڕێکەوت بوو

شاری سلێمانی پێشەنگ بووە لە خزمەتکردنی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، یانەکانی ئەو شارە و یاریزانانی شارەکە پێشەنگی یانەکانی کوردستان و عێراقن، کچە یاریزانانی شاری سلێمانی لە زۆربەی پاڵەوانێتیەکانی گۆڕەپان و مەیدان کۆنترۆڵی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقیان کردوە بە هۆی ئاست بەرزییان لەم یارییەدا و گرنگیدانی بەردەوامی یاریزانان، هەرچەندە یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە شارەکانی دیکەی کوردستان وەکو پێویست گرنگیی پێ نەدراوە، بەڵام سلێمانی بەردەوام بوو لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا و، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە لە عێراقیش لە پلەکانی پێشەوەن، یانەکانی ئەو شارە خاوەن چەندین کچە ئەستێرەن لەم یارییە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی شارەکەش (کوردستان بەمۆ جەمال)ـە، کە ماوەیەکە لە ناو گۆڕەپانەکانی کوردستان و عێراق دەبینرێ، بە تایبەتی لە یاریی ڕاکردنی بەربەستدا پاڵەوانی کوردستان و عێراق و عەرەبییە و خاوەنی ژمارەی پێوانەیە، کوردستان لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٢ی پارێزگای سلێمانییە، یاری بۆ یانەکانی سلێمانی و پێشمەرگەی سلێمانی و سیروانی نوێ و ئیتسالاتی بەغداد و زانکۆ دیجلە و ئاشوور کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** چۆن بوو هاتیتە نێو جیهانی وەرزش؟**

- دەتوانم بڵێم بە ڕێکەوت بوو هاتمە نێو جیهانی وەرزش، ئەوە نییە من پلانم بۆ دانابێت یان خولیام بوو بێت، هەم خوێندنیشم کە بواری وەرزشە هەم پیشەشم کە یاریزانم بە بێ پلانی پێشوەختە بوون.

*** لە نێوان ئەم هەموو یارییە وەرزشییانەدا چۆن بوو بڕیارت دا گۆڕەپان و مەیدان هەڵبژێریت؟**

- لە تاقیکردنەوەی پەیمانگەی پەروەردەی وەرزشی سلێمانی وەکو قوتابی بەشداریم کرد بۆ ئەوەی لەوێ بخوێنم، کە بە هەڵبژاردەی لاوەکیم دانابوو بۆ خوێندن، لە تاقیکردنەوەکە ڕاهێنەرێکی گۆڕەپان و مەیدان منی بینی و منی بە گونجاو زانی بۆ ئەم یارییە، دوای ئەوە چووم بۆ یانەکە و بەم وەرزشە ئاشنا بووم، ئیتر لەم شوێنەوە بواری وەرزشم هەم بۆ خوێندن هەم بۆ پیشەم هەڵبژارد.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردوە ؟**

- بەڕاستی قورسە زۆریش، یاریی ئێمە بۆ ڕاهێنان وشکە و دەبێت هەمیشە لە مەشقی بەردەوامدا بین بێ دابڕان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چێژێکی تایبەت خۆی هەیە.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لە ئاستێکی دواکەوتوو و زیاد لە پێویست لاوازە بەراورد بە دەساڵ پێش ئێستادا، دەتوانین بڵێین لە قۆناغی مردندایە لە کوردستان.

*** پێت باشە چی بکرێت، بۆبەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟**

- یەکەم شت کە یانەکان گرنگی بەم یارییە بێنازە بدەن و پێگەیەکی بۆ دانێن، نەك پشتگوێی بخەن وەك ئێستا، پشتگیریی ماددی بکرێت لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، دووەم کردنەوەی فێرگە بۆ دۆزینەوەی بەهرەی نوێی و زیادکردنی یاریزان، سێیەم لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە زیاتر بانگەواز بۆ ئەم وەرزشە بکرێت و خەڵك پێی ئاشنا بن، چوارەم کردنەوەی پاڵەوانێتی.

*** دەڵێن یانەکانی کوردستان خۆیان ئەم یارییەیان پێشتگوێ خستووە؟**

- بەڵێ بەو بەڵگەیەی کە من پاڵەوانی کوردستان و عێراق و عەرەبیم، وە خێراترین ڕاکەری بەرستم لە مێژووی عێراقیدا یەك یانە نییە تا ئەم کاتە من لە خۆ بگرێت و لەم کاتەدا بێ یانە ماومەتەوە.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

- بەرنامەم زۆرە، بەڵام حەز ناکەم باسی بکەم تا ئەوەی خۆمی بۆ ئامادە دەکەم بێتە دی.

*** سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

-سەرکەوتن واتا قسەی ئەو کەسانەت شکاند کە دژایەتیت دەکەن و چاوەڕێی کەوتنت بوون، هەموو ئەو هیلاکی و بێتاقەتییانەی کە لە کاتی ڕاهێناندا تووشت بوونەتەوە لە یادیان دەکەیت و دەزانیت ئەو هەوڵەت بە فیرۆ نەچوو کە بۆی هیلاك بوویت.

*** کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

- بە بۆچوونی من هەموو ئەوانەی کە لە سەر خەتی سەرەتا لەگەڵمدا ڕادەوەستن و پێشبڕکێ دەکەن و ناویان هەر ڕکابەرە، جا چ پیشەگەرێك بێت و ناوی هەبێت یان لاو بێت ڕکابەرن، بەڵام خۆم بە گەورەترین ڕکابەری خۆم دادەنێم.

*** هیواوئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- هیواو ئاواتمان زۆرە لەم کاتەدا چنینەوەی زۆرترین نازناوە کە لە توانامدا بێت.

*** بڕیارت نەداوە ڕوو لە کاری ڕاهێنەری بکەی؟**

- نەخێر هەر بیریشی لێ ناکەمەوە.

*** گرێبەستت بۆ نەهاتووە لە یانەکانی دیکەوە؟**

- لە دەرەوەی عێراق بۆم هاتووە، بەڵام ناو عێراق تا ئێستا بۆم نەهاتووە.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن؟**

- بەو ڕادەیەی کە ئەگەر ئەوان نەبوونایە من ئەو پاڵەوانەی ئێستا نەدەبووم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ گرینگیدانی بە وەرزشی ناوخۆ.








# پاریس سانت جێرمان دەستبەرداری عوسمان دەبێت

پاریس سانت جێرمان بڕیاری داوە لە گواستنەوەی زستانە دەستبەرداری عوسمان دێمبێلی بێت و دوو یانەی خولی ئینگلیزی بۆ گواستنەوەی لەسەر هێڵن.
ماڵپەری میرەرۆی ئینگلیزی لە راپۆرتێکدا ئاشکرای کردووە ئەو ئاستە خراپەی دەستپێکی عوسمان دێمبێلی لەگەڵ پاریس سانت جێرمان هەمووانی نیگەران کردووە، جگە لەوەش بارگرانییەکی زۆری لەسەر ئابووری یانەکە دروست کردووە.
عوسمان دێمبێلی تەمەن ٢٦ ساڵ لەگەڵ بەرشلۆنە لە کۆی ١١٩ یاری ٤٠ گۆڵی تۆمار کرد لە گواستنەوەی هاوینە گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە هەڵوەشاندەوە بەرامبەر ٥٠ ملیۆن یۆرۆ روویکردە پاریس سانت جێرمان، بەڵام لە کۆی ٥ یاری لەگەڵ یانە فەرەنسییەکە نەیتوانیوە هیچ گۆڵێك و ئاسیستێك بکات.
ماڵپەری میرەرۆی ئینگلیزی بڵاویکردووە: یانەی پاریس سانت جێرمان بڕیاریداوە ئەگەر لویس ئەنریکی راهێنەری یانەکە رازی بێت دەیانەوێت لە گواستنەوەی زستانە بەشێوەی خواستن دەستبەرداری دێمبێلێ بن، کە ئێستا نرخی لە بۆرسەی یاریزانان تەنیا ٦٠ ملیۆن یۆرۆیە.
سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە پاریس کەوتووەتە ژێر پاڵەپەستۆیەکی دارایی گەورە، چونکە لە گواستنەوەی هاوینە گۆنکالۆ رامۆسی بەرامبەر ٦٣ ملیۆن پاوەند گواستەوە، کۆڵۆ موانی بە ٧٦ ملیۆن پاوەند لە فرانکفۆرتەوە هێنایە ریزەکانی، جگە لەوەش هەریەکە لە مارکۆ ئاسێنسیۆ و برادلی بارکۆلۆی گواستەوە.
بەگوێرەی هەمان سەرچاوە، یانەکانی ئەرسناڵ و تۆتێنهام ئارەزووی گواستنەوەی ئەو یاریزانە دەکەن و پێشبینی دەکرێت پاریس سانت جێرمان لە گواستنەوەی زستانە دەرگای رۆیشتن لەبەردەم دێمبێلی بکاتەوە.



# بەرشلۆنە لە گرێبەستی دوو یاریزان کێشەی هەیە

دیکۆی بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی دانیبەوەدناوە، کە یانەکەی لە بابەتی گرێبەستکردن لەگەڵ جواو کانسێلۆ و جواو فیلێکس کێشەی هەیە.

جواو فیلێکس بەشێوەی خواستن لە ئەتلەتیکۆ مەدرید پەیوەندی بە بەرشلۆنە کردووە و جواو کانسێلۆ، پاش تەواوبوونی ماوەی خواستنەکەی لە بایرن میونیخ، نەگەڕایەوە یانەکە و بەخواستن پەیوەندی بە بەرشلۆنە کرد.

هەردوو یاریزانەکە لەو چەند یارییەدا، کە بەدرێسی بەرشلۆنە ئەنجامیانداوە ئاستی بەرچاویان پێشکەش کردووە.

لە گرێبەستی هەردوو یاریزاندا لەگەڵ بەرشلۆنە کڕینەوەی ناچاری لە کۆتایی وەرزدا بوونی نییە. دیکۆ لە لێدوانی بۆ رۆژنامەی مارکای ئیسپانی گوتوویەتی: ئێمە هەلی ئەوەمان بۆ رەخسا بەشێوەی خواستن گرێبەست لەگەڵ هەردوو یاریزانەکەدا بکەین و هەلەکەمان قۆستەوە.

بەڕێوەبەرەکەی بەرشلۆنە لەبارەی ئەگەری گرێبەستکردنی یەکجاری لەگەڵ ئەو دوو یاریزانە دەڵێ: تاوەکو ئێستا هەندێک کێشەی نێوخۆیی داراییمان هەیە ئەگەر دۆخەکە وەک ئەوە بەڕێوەبچێت، کە ئێمە دەمانەوێت بەدڵنیاییەوە دەمانەوێت ئەو دوو یاریزانە لەگەڵمان بەردەوام بن، بەڵام ئەوەی تاوەکو ئێستا هەیە، تەنیا سەرەتایە.

میدیاکانی ئیسپانیا دەڵێن، بەرشلۆنە ناتوانێ ئەو دوو یاریزانە یان یەکێکیان بەیەکجاری بکڕێتەوە ئەگەر یاریزان لە پێکهاتەکەی ئێستای نەفرۆشێت یان کۆی مووچەی دراوی یانەکە بەکارمەند و یاریزانەکانی کەم نەکاتەوە بەتایبەت لە خولی ئیسپانیا جارێکی دیکە مووچەکانی یانەکەی دابەزاندووە.

لە هاوینی ئەمساڵدا بەرشلۆنە چەندین گرێبەستی بەخۆڕایی لەگەڵ یاریزاناندا کردووە، ئەمەش وەک چارەسەر بۆ کێشە داراییەکانی یانەکە، کە لە ماوەی رابردوودا بوونەتە هۆکار بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی لە پێناو نەکەوتنە بەر سزای دەستەی خولی ئیسپانیا و یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا.




# دیاردە تورکەکە تووشی پێکان بوو

ئاردا گولەر یاریزانە نوێیەکەی ریاڵ مەدرید سەرلەنوێ تووشی پێکان بوو، بەمەش ماوەی دوورکەوتنەوەی درێژتر کرایەوە.

لە کاتێکدا چاوەڕێ دەکرا ئاردا گولەر بگەڕێتەوە پێکهاتەی ریاڵ مەدرید و لە یارییەکانی داهاتوو بەشداری بکات ئەم یاریزانە تورکیە جارێکی دیکە تووشی پێکان بوو.

ریاڵ مەدرید لە بەیاننامەیەکی فەرمی رایگەیاند ئاردا گولەر لە کۆتا بەشەکانی مەشقەکان تووشی پێکانێکی ماسوولکەیی بووە و چاوەڕوان دەکرێت ماوەی سێ هەفتەی دیکەش نەگەڕێتەوە یاریگاکان.

ئەم هەواڵە دوای ئەوە دێت کارلۆ ئانچێلۆتی لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی رایگەیاند، کە ئاردا گولەر لە پێکانەکەی چاک بووەتەوە و بۆ یاریکردن ئامادەیە.

چاوەڕێش دەکرێت چەند پشکنینی دیکە بکرێت بۆ ئەوەی بە فەرمی جۆری پێکانەکەی و ماوەی دوورکەوتنەوەی رابگەیەنرێت.

ماڵپەرەی مارکای ئیسپانیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە دۆخی پێکانەکەی ئاردا بە تەواوەتی روون نییە و ترسی خستووەتە دڵی ئانچێلۆتی و فلۆرێنتینیۆ پێرێز.

ئاردا گولەری تەمەن ١٨ ساڵ وەرزی رابردوو لەگەڵ یانەی فەنەرباخچە بەشداریی ٣٥ یاری کرد شەش گۆڵ و حەوت ئەسیستی تۆمار کرد لە گواستنەوەی هاوینە ریال مەدرید ئاردا گولەری بۆ شەش وەرز تا هاوینی ٢٠٢٩ هێنایە ریزەکانی بە گوێرەی میدیایەکانی ئیسپانیا گرێبەستەکەی بە ٢٠ ملیۆن یۆرۆ مۆرکراوە لەگەڵ ١٠ ملیۆن یۆرۆی دیکە وەکو پاداشت بە گوێرەی ئاست و ئەنجامەکان لە ئەگەری فرۆشتنەوەی لە داهاتوو یانەی فەنەرباخچە ٢٠٪ـی نرخەکەی وەردەگرێت.

# دەربەندیخان ڕاهێنەری دیاری کرد


ڕۆژ لە دوای ڕۆژ یانەکانی کوردستان زیاتر هەوڵەکانیان چڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن تیپێکی تۆکمە دروست بکەن بۆ یارییەکانی وەرزی نوێ خولەکانی کوردستان، یانەی دەربەندیخان جارێکی دیکە پەنای بۆ ڕاهێنەری پێشووی یانەکە و کوڕی شارەکە (هۆگر عەبدوڵڵا) بردەوە و بە ڕاهێنەری یانەکەی دەستنیشان کرد، کارگێڕیی یانەکە بەفەرمی هەریەك لە عادل محەمەد وەکو سەرپەرشتیار و هۆگر عەبدولا وەکو ڕاهێنەر و سیروان عەبدولڕەحمان وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر و هەریەك لە یاریزانانیش (محەمەد مەحمود، گەشتیار کەریم، کاروان کەریم، هەڤاڵ محەمەد، ئەزهەر فەتاح، ئیبراهیم سەباح، ئەنوەر ماجد، شێرکۆ جەبار، یونس ئەنوەر، بڵند ئازاد، زانیار حەسەن، شەنکار محەمەد، ڕاڤیار ڕەزا، هاوار ناجی، شوان کەمال، کێوان سەدیق، مارکۆ محەمەد) لە وەرزی نوێی خولەکانی کوردستان بەرگری لە درێسی یانەی وەرزشی دەربەندیخان دەکەن، کارگێڕیی یانەکە دەیەوێت ئەم وەرزە تیپێکی بەهێزیان هەبێت بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێی خولەکانی کوردستان ڕکابەری لەسەر سەرجەم نازناوەکانی خولەکان بکەن و ئەسپە ڕەشەکەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بن، ڕاهێنەری یانەکەش پلانی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی بتوانی تیپێکی بەهێز دروست بکات بۆ وەرزی تازەی خولەکە.



# یاسین کەریم لە یانەی شورتە ئاسودەیە



کارگێڕیی یانەی وەرزشی شورتەی شاری بەغداد بەردەوامە لە نوێکردنەوەی گرێبەستی یاریزانەکانی، لە ناو ئەم یاریزانانەشدا کوردەکان مانەوەی خۆیان لە یانەکە ڕاگەیاندووە، گۆڵپارێزی دووەمی یانەکە (یاسین کەریم)ی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ وەرزێکی دیکەش لەگەڵ یانەکە مایەوە، سەرەڕای ئەوەی چەندین گرێبەستی بۆ هاتبوو لە یانەکانی دیکەوە، لەم بارەشەوە یاسین کەریم بۆ گۆڤاری



# سۆرانیش کەوتە خۆی

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی سۆران دەستی بە ئامادەکارییەکانی کردووە بۆ وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانی ئەم وەرزە ئەنجامی دڵخۆشکەر لەسەر ئاستی کوردستان بەدەست بهێنێت و ڕکابەری یانە بەهێزەکانی خولەکە بکات، کارگێڕیی یانەی سۆران بە فەرمی دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکەی دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی سەرپەرشتی مەشقی یانەکە بکەن لەم وەرزەدا، بۆ ئەم مەبەستەش کارگێڕیی یانەی سۆران بەفەرمی (وەلید محەمەد)ی ڕاهێنەری پێشووی یانەی لاوانی کەرکوک و شێروانە و گازی باکووری بە ڕاهێنەری یانەکە دەستنیشان کرد، بۆ یاریدەدەری یانەکە (کۆڤان نەزم) دەست بەکار بوو، نیهاد جاسمیش وەکو ڕاهێنەری جەستەیی، بۆ بەهێزکردنی پێکهاتەی یانەکەش یانەی سۆران گرێبەستی لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (محەمەد مونعیم و حوسێن ئیبراهیم لە یانەی سیروانی نوێ، ئەنەس ساڵح لە یانەی سامەڕا، سەکر ئەحمەد لە یانەی ڕانیە، عەبدول ڕەحمان محەمەد لە لاوانی تەڵەبە، ئۆرهان نەجات لە یانەی ئاکرێ، گیلان سادق و هاوکار سەعدی گرێبەستەکانیان نوێ کردەوە)، یانەکە دەیەوێت بەر لە دەست پێکی یارییەکانی ئەم وەرزی خولی نایابی یانەکانی کوردستان پێکهاتەیەکی بەهێز و تۆکمە دیاری بکات بۆ یارییەکانی وەرزی نوێ خولی نایاب، پێشبینیش دەکرێ یانەکە گرێبەستی زیاتر لەگەڵ یاریزانان مۆربکات، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، تا یانەی سۆرانیش یەکێك بێت لە یانە بەهێزەکانی وەرزی نوێ خولی نایابی کوردستان.

گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە گرێبەستی زۆرم بۆ هاتبوو، بەتایبەتی لە هەریەك لە یانەکانی مینا و زەورا و نەفتی بەغدا و زاخۆ و نەورۆز، چەند یانەیەکی دیکەش داوای منیان کردووە، جگە لەوە یانەی دیکەش هەبوو بە نیاز بوون گرێبەستم پێشکەش بکەن، بەڵام دەیانزانی لەگەڵ یانەی شورتە بەردەوام دەبم بۆیە ئەوانیش گرێبەستیان پێشکەش نەکردم، لە بارەی ئەو دەنگۆیانەش کە گوایە من یاریم پێناکرێت، ئەو قسانە زۆر دەکرێ کە من نابێ یەدەگ بم ماوەی سێ ساڵە لەو یانەیەم بۆ پارە، من نەم دەویست قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەم، بەڵام من لە یانەی شورتە ئاسوودەم و بە هۆی یانەکەمەوە چەندین یاریزانی بە ناوبانگم بینی، بە تایبەتی کریستانۆ ڕۆناڵدۆ، فەریزەی حەجیشم جێبەجێ کرد، ماوەی دە ساڵە وەکو گۆڵپارێز یاریم لە یانەکان کردووە و چەندین گۆڵپارێزی بەناوبانگم یەدەگ کردووە، چەندین جار بانگێشتی هەڵبژاردەی ئێران کراوم، بەڵام ئەم دوو سێ ساڵە شتی دیکەم هەڵبژاردووە وەکو بەشداریکردن لە جامی ئاسیا و خولی عەرەبی و بە هۆی یانەی شورتەوە لە چەندین خولی دیکەش بەشداریم کردووە، زۆر ئاسوودەشم لەم یانەیە نازناوی زیاتر بەدەست دەهێنم».



# هۆكار و وروووژێنەرەكانی پەستی

پەستی Anxiety گرفتێكی دەروونیی باوە، بریتییە لە هەستكردن بە نیگەرانی، ترس، لەگەڵ گرژیی دەمارەكان. لە هەندێك كەسدا، پەستی هۆكارە بۆ نۆرەی تۆقین Panic attacks هاوكات لەگەڵ نیشانەی جەستەیی وەكو سینگ ئێشە. پەستی هۆكاری ئاڵۆزی لەپاڵ، بۆنموونە تێكەڵاوێك لە هۆكاری بۆماوە (جینەكان) و هۆكارەكانی دەوروبەر، هەروەها گەلێك هۆكاری وروووژێنەریش لەئارادان، كە هاندەرن بۆ سەرهەڵدان و توندتربوونی نیشانەكانی پەستی. ئەم هۆكارە وروووژێنەرانە لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە جیاوازن كە بریتین لە: گرفتی تەندروستی و نەخۆشی، وەكو تووشبوون بە شێرپەنجە یان نەخۆشییە درێژخایەنەكان، زیانی لابەلای بەكارهێنانی هەندێك دەرمان وەكو دەرمانەكانی كۆكە و دەرمانەكانی دابەزاندنی كێشی لەش، خواردنەوە كافائینییەكانی وەكو قاوە و خواردنەوە وزبەخشەكان وروووژێنەریترن بۆ نیشانەكانی پەستی، نەخواردن یان بەلاوەنانی ژەمە سەرەكییەكانی خۆراك كە هاندەرە بۆ دابەزینی ئاستی شەكری خوێن، بیركردنەوەی نێگەتیڤ، مەسەلە مادییەكان، بەتایبەتی قەرزداری وترسی پارە Money fears، ئاهەنگ و بۆنە كۆمەڵایەتییەكان، بوونی ناكۆكیی خێزانی و بیانووپێگرتن، سترێسی وەكو قەرەباڵغی ترافیك و دواكەوتن لە كار.





# نەخەوتن تا درەنگانی شەو ئەگەری نەخۆشیی شەکرە زیا دەکات

لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی کۆلێژی ئەمریکیی پزیشکان لە فیلادیلفیا/ ولآتە یەکگرتووەکان کە لە ١٢ی مانگی ئەیلولی ٢٠٢٣ ئەنجام دراوە، هاتووە کە مانەوە تا درەنگانی شەو زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت. لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژ ە بەوە کراوە کە ئەو کەسانەی نووستن دوادەخەن و تا درەنگانی شەو بێدار دەمێننەوە، ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشیی شەکرە تا ٧٢٪ زیاد دەبێت. هەروەها مانەوە تا درەنگانی شەو هۆکارە بۆ خراپبوونی کوالێتیی خۆراک، کەمبوونەوەی کاتژمێرەکانی خەوتن، زیاد کێشانی جگەرە لە کەسانی جگەرەکێشدا، زیادبوونی کێشی لەش، لەگەڵ کەمبوونەوەی چالاکیی فیزیکی (بەدەنی). زانایان لە لێکۆڵینەوەکەدا جەختیان کردووەتەوە کە چۆن شێوازی خەو کاریگەری دەکاتە سەر ئەگەری تووشبوون و تووش نەبوون بە نەخۆشیی شەکرە، هەر کەسێك مەیلێکی سروشتیی هەیە بۆ دیارکردنی کاتی نووستن کە پێی دەگوترێ کرۆنۆتایپ Chronotype کە لەوانەیە زوو خەوتن و زوو بێداربوونەوە بێت، یان درەنگ خەوتن و درەنگ بیداربوونەوە، یان حاڵەتێکی نێوان هەر دووکیان. جینەکان (بۆماوە) کاریگەرییان لەسەر کرۆنۆتاییدا هەیە، هەروەها ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش Circadian rhythm کە کردارە سرووشتییەکانی لەش کە پەیوەستن بە ڕووناکی و تاریکی لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بەڕێوە دەبات.

# کام میوە پرۆتینی زۆری تێدایە؟

ئەگەرچی میوەکان وەکو گۆشت و پاقلەمەنییەکان ڕێژەی بەرزی پرۆتین لەخۆناگرن، بەڵام چەند جۆرێکی میوە بڕێکی باشی پرۆتینیان تێدایە، بۆنموونە: ئاڤۆکادۆ کە نزیکەی ٢,٧ گرام لە یەك دانەدا هەیە لەگەڵ ڕێژەیەکی باش لە ڕیشاڵ و چەوریی تەندروست، میوەی گواڤا Guava کە ٢,٥٥ گرام پرۆتین لە هەر ١٠٠ گرامدا لەخۆدەگرێت، بلاك بێری Blackberries نزیکەی ١,٤ گرام پرۆتین لە هەر ١٠٠ گرامدا لەگەڵ ڕێژەیەکی بەرزی ڕیشاڵ و مادده دژەئۆکسانەکان کە بایەخی تەندروستیی بەرزیان هەیە، میوەی کیوی کە لە هەر ١٠٠ گرامدا ١,١ گرام پرۆتینی تێدایە لەگەڵ ڕێژەیەکی بەرزی پۆتاسیۆم و ڤیتامین C، قەیسی کە لە هەر ١٠٠ گرامدا نزیکەی ١,٤ گرام پرۆتین لەخۆدەگرێت هاوکات لەگەڵ مادده دژەئۆکسانەکان، بەتایبەتی دژەئۆکسانی بیتا کارۆتین، گرەیپ فروت Grapefruit کە هەر دانەیەك زیاتر لە ٢,٤ گرام پرۆتین لەخۆدەگرێت لەگەڵ ڕێژەیەکی بەرزی ڤیتامین C، هەروەها تەماتە کە بە میوە هەژمار دەکرێت و ٠,٨ گرام پرۆتین لە هەر ١٠٠ گرامدا لەخۆدەگریت لەگەڵ ڕیشاڵ و ڤیتامین و ماددەی دژەئۆکسان.



# چۆن سستمی بەرگریی لەش بەهێز دەکەیت؟

دەتوانیت بۆ بەهێزکردنی سیستمی سرووشتیی بەرگریی لەش دژ بە میکرۆبەکان لە ڤایرۆس، بەکتریا، کەڕوو لەگەڵ مشەخۆرەکان پەیڕەوی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بکەیت: خەوی دروست کە شەوانە هەرگیزلە حوت کاتژمێر کەمتر نەبێت، چەوریی تەندروست وەکو زەیتی زەیتوون و ئۆمیگا٣ کە بە ڕێژەیەکی بەرز لە ماسیی سالمۆندا هەیە و ڕۆڵیان بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا کە هاندەرە بۆ بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، گرنگیدان بە خۆراکی هەوێنبوو، یان ئەو خۆراکانەی کە پرۆبایۆتیك Probiotics (بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە) لەخۆدەگرن، وەك: ماست و کیمچی Kimchi، کەمکردنەوەی شەکرە زیادەکان و کاربۆهیدارتی سافکراو کە هاندەرن بۆ زیادبوونی کێشی لەش، نەخۆشیی شەکرە، نەخۆشیی دڵ کە هەموویان سیستمی بەرگریی لەش لاواز دەکەن، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی مامناوەند کە هاندەرە بۆ دابەزاندنی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، زیاد خواردنەوەی ئاو، مامەڵەی دروست و زانستی لەگەڵ سترێسدا، بەکارهێنانی دروستی یاریدەرە خۆراکییەکان Supplements تەنیا بە چاودێریی دکتۆر، هەروەها زیاد خواردنی خۆراکی ڕووەکیی وەکو سەوزە و میوە، تۆوەکان، پاقلەمەنییەکان، کاکڵەکانی وەکو گوێز و باوی و کازو، کە ماددەی زۆر گرنگی وەکو ڕشاڵ و ڤیتامین و دژەئۆکسانەکانیان بۆ پاراستنی تەندروستی تێدایە.



# تووشبووی هەڵامەت تا چەند ڕۆژ ڤایرۆس دەگوازێتەوە؟

بە تێکڕایی کەسانی پێگەیشتوو ساڵانە دوو تا سێ جار تووشی هەڵامەت Common cold دەبن، منداڵیش هێشتا زیاتر. ڤایرۆسی هەڵامەت بەوە ناسراوە کە زۆر بە خێرایی لە کەسانی تووشبوو بۆ کەسانی دیکە دەگوازرێتەوە. تەنانەت لەکاتی هەستکردن بە باشتربوون پاش تووشبوون بە هەڵامەت، واتە نەمانی نیشانە سەرەکییەکان، هێشتا ئەگەری گواستنەوەی ڤایرۆس بۆ کەسانی دیکە هەیە. پێش دەرکەوتنی نیشانەکان بە یەك تا دوو ڕۆژ، هەروەها لە دوو تا سێ ڕۆژی سەرهەڵدانی نیشانەکان، گواستنەوەی ڤایرۆس بۆ کەسانی دیکە لە لوتکەدا دەبێت. پاش گەیشتنی ڤایرۆس بە لەش بە دوو تا سێ ڕۆژ ئینجا نیشانەکان دەردەکەون، لە هەندێك کەسیشدا پاش یەك هەفتە ئینجا نیشانەکان سەر هەڵدەدەن بە شێوەی کۆکە، پژمین، سەرئێشە، زیادبوونی دەردراوی لووت، گیرانی لووت، لەگەڵ کڕانەوەی قوڕگ. بەگشتی پاش تووشبوون بە هەڵامەت، توانای گواستنەوەی ڤایرۆس بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ بەردەوام دەبێت. لە لایەکی دیکە چاکبوونەوە لە هەڵامەت هەرگیز مانای ئەوە نییە کە تووشبوو ڤایرۆس ناگوازێتەوە، چونکە چەند نیشانەیەکی وەکو کۆکە و گیرانی لووت لە وانەیە کە تا دوو هەفتە بەردەوام بن.





# بەهای خۆراکیی کولەکەی زەرد

کولەکەی زەرد Pumpkin بەرهەمێکی پایزەی تەندروستە، بە ڕێژەیەکی کەمی شەکرەوە دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ، کانزاکانی کۆپەر، ئاسن، مەگنسیۆم، پۆتاسیۆم، زینك لەگەڵ ڤیتامینەکانی A، B2، B6، C، K، E، هەروەها چەندین ماددەی دژەئۆکسانی وەکو ئەلفا کارۆتین، بیتا کارۆتین، لیوتین، زیازانتین Zeaxanthin. سوودە تەندروستییەکان: بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، پاراستنی تەندروستیی چاو بە شێوەی بەهێزکردنی بینین، بەتایبەتی لە ڕووناکیی کەمدا، هاوکات لەگەڵ پاراستنی تۆڕەی چاو لە گۆڕانەکانی پەیوەست بە پیربوون، باشترکردنی تەندروستیی پێست و پاراستنی لە کاریگەرییە خراپەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی، پاراستنی تەندروستیی دڵ و کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، هاندانی خەوێکی ئارام، هەروەها هاندانی کرداری میتابۆلیزمی لەش و ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن.







## پێنووسێکی ناوازە جیهانی شێوەکاری دەگۆڕێ

بۆ کاری شێوەکاری یەکەم شت پێویستت بە قەڵەم یا فڵچە و ڕەنگی تایبەتە. چ شتێك لەوە گرنگتر کە قەڵەمێکت هەبێ کە هەموو ڕەنگێکی جیهانی تێدابێ و هەروەها فڵچەش بێت.

قەڵەمی جۆری Colorpik بە ١٦ ملیۆن ڕەنگ دەنووسێ و دەکێشێتەوە. قەڵەمێك کە هیچ ڕەنگێك لە جیهاندا نییە کە نەتوانرێ پێی نەنووسرێ. خودی قەڵەمەکە سکاینەرە، هەر ڕەنگێك پێویستت بوو سکانی بکە و یەکسەر لەخۆیدا تۆمار دەکا. بۆ نموونە کاتێك پێویستت بەڕەنگی گەڵایەکی سەوزە، قەڵەمەکە لەسەر گەڵا سەوزەکە دابنێ و ڕەنگەکەی سکان دەکا، یان پێویستت بەڕەنگی میوەیەکە، قەڵەمەکە لەسەر میوەکە ڕابگرە و ڕەنگەکەی لەخۆیدا ڕادەگرێ. چوار کاتریجی ڕەنگ تێدایە واتە ڕەنگەکانی CMYK کە پڕ دەکرێنەوە و ڕەنگەکانی دیکە لە تێکەڵی ئەو ڕەنگانە دروست دەبن. چەندین نووکی تێدایە، وەك خڕ، تیژ، فڵچەیی و تۆپی. بەهۆی بلوتوس لەگەڵ مۆبایل یا کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێ و ڕەنگەکان بەشێوەی مەجازی بۆ مۆبایل و کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە.

هەتا ١٠٠٠ لاپەڕە کاغەزی A٤ بە نووکە باریکەکەی دەتوانی پێی بنووسی. شەش نووکی لەگەڵدایە. لەگەڵ هەر شەحنکردنەوەیەك دەتوانی هەتا ١٥ کاتژمێر سوودی لێوەربگری.

## مرۆڤ و ش

زیرەکی دەستکرد هەموو شتێکی تەنیوەتەوە، سبەی دەبێتە بەشێك لە ژیانمان و داهاتوو بە زیرەکی دەستکرد دەسپێرین.

شەترەنجی زیرەك Chessnut Chessnut Evo نەوەی داهاتووی زیرەکی دەستکردە کە وەك مرۆڤ لەگەڵتدا یاری دەکا و هەموو تایبەتمەندییەکی مرۆڤی هەیە. شەترەنجی زیرەك جیاوازە لەگەڵ شەترەنجی کۆمپیوتەر و ئەو شەترەنجەی لە



## ماوسێک کام

ماوس کاریگەرترین ئامێری لاوەکی کۆمپیوتەرە، ماوسەکان کارکردەکانیان هەموویان یەك شتە ئەویش خێرا چوونە سەر فەرمانەکان و ئاسانکاری لە جێبەجێکردنی فەرمانەکاندا. ماوسی جۆری king jim camera mouse لەگەڵ ئەوەیدا ئەرکی ماوس ئەنجام دەدا، پشتەوەی کامێرایەکی لەسەرە و بەهۆی پرۆگرامێك لەسەر کۆمپیوتەر دادەنرێ، ڕاستەوخۆ وێنە دەگرێت و بۆ سەر کۆمپیوتەر دەیگوازێتەوە، جگە لەوەش دەکرێت کاری سکانکردن بکات. بەهۆی چەند دوگمەیەکیش کە لە خوارەوەی ماوسەکەیە دەتوانی دەستکاری ئەو وێنانەی بکەی کە ماوسەکە دەیگرێت. ماوسەکە



# کتێب خوێنێک شوێنی تەبلێتیش دەگرێتەوە

کتێب خوێن واتە ئەو ئامێرەی کە تایبەتە بە خوێندنەوەی کتێب یا بە واتایەکی دیکە کتێبخانەی مەجازی، ئەگەر ئەمڕۆش شوێنی کتێبی کاغەز نەگرێتەوە لە داهاتوودا ئەوە ڕوو دەدات.

کتێب خوێنی جۆری BOOX Tab Ultra کتێبخوێنێکی جیاوازە، هەم تایبەتە بە خوێندنەوەی کتێب و هەم دەفتەری هەڵگرتنەوەی یادداشتی ڕۆژانەیە و هەم تەبلێتێکە کە سیستەمی ئەندرۆیدی ١١ی لەسەرە. تەبلێتی ناوبراو شاشەکەی لە جۆری ePaper.ە کامێرایەکی ١٦ میگاپیکسلی لە پشتەوەیە بۆ سکان کردنی دۆکیۆمێنت یا کتێب و ڕۆژنامە. هەروەها قەڵەمێکی موگناتیسی لەگەڵدایە بۆ سوود وەرگرتن و ئاسانکاری لەبەکارهێنانیدا. دوو لایتی لە پێشەوەیە بۆ نیشاندان لە شەودا. ڕامەکەی ٤ گیگابایتە و داتاگەی ١٢٨ گیگابایت.

## ـــــەترەنجی ژیر

ریزی یارییە کۆمپیوتەرییەکاندایە. شەترەنجەکە بەرامبەرەکەی دەناسێ، ئاستی یارییەکەی دەزانێ و توانایییەکەی هەڵدەسەنگێنێ. دەکرێت شەترەنجەکە زیرەکە هاوشێوەی باشترین شەترەنجزانی جیهان لێبکەی و بەکارهێنەر وا هەست بکا لەگەڵ باشترین شەترەنجزان یاری دەکا.

شەترەنجەکە وەك شەترەنجی ئاسایییە وایە، پێکهاتووە لە شاشەیەکی ١٢,٣ ئینجی. سیستەمی ئەندرۆیدی ٨ ناوەکی لەسەرە.



## ـــــێرای هەیە

جگە لە وێنەگرتن دەکرێت دەنگیش تۆمار بکات و هەروەها فیلمیش بگرێت. ماوسی ناوبراو لەگەڵ هەموو سیستەمەکانی کۆمپیوتەر دەگونجێت. میمۆری ماوسەکە ٢ گیگایە. کێشی تەنیا ٨٧ گرامە.







# چاویلکەی زیرەک و هیدفۆن

لە سەردەمی زیرەکیدا ئاساییە هەموو ئامێرێك ببێتە زیرەك و هۆشمەند، چەند ساڵێکە چاویلکەی زیرەك بەرهەم هاتوون، چاویلکەی زیرەکی هواویش جۆری Eyeware 2 یەکێکە لەو جۆرە چاویلکانە. چاویلکەیەکی ئاساییە، جامەکانی بە ویستی بەکارهێنەر دەگۆڕدرێن. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و هەم دەکرێ بە هۆیەوە وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە و هەم دەکرێت گوێ لە گۆرانی بگری. چاویلکەکە لە فریمی تیتانیۆم دروستکراوە کێشی زۆر کەمە ناگاتە پێنج گرام. ئەم کێشە تەنیا چوارچێوەکەی دەگرێتەوە. لەسەر چوارچێوەکە دوگمەی لەمسی هەیە. لەگەڵ مایك و سپیکەرێکی بچووك. کاتێك تەواو شەحن دەبێتەوە دەتوانرێ هەتا ١١ کاتژمێر گوێ لە گۆرانی بگری.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت ئایا چۆن دەکرێت ژێرنووسی فیلمەکانی یوتیوب بە کوردی ببینم؟**

بەڕێز هەتا ئێستا بە فەرمی تایبەتمەندی ژێرنووسی کوردی لە ڕێکخستنی زمانەکانی ژێرنووسدا بۆ کوردی دانەنراوە و ڕەنگە لە سەرەتای ئەمساڵەوە دابندرێت، بەڵام بە بەرنامۆکەی (plugin)ی تایبەت دەکرێت. بەرنامۆکەی speech translator کە بۆ وێبگەڕی گوگڵ کرۆم بەردەستە، لەم دواییانەدا زمانی کوردی سۆرانی بۆ ژێرنووسی یوتیوب و ماڵپەڕەکانی دیکە زیاد کردووە. ئەم (plugin)ە لە ناو بەستەرەی (plugin)ەکانی گوگڵ کرۆم دابەزێنە و زمانی کوردی سۆرانی بۆ وەرگێڕان هەڵبژێرە، بە ئاسانی وەرگێڕان دەکات، نە تەنیا لە فیلم بەڵکو زمانی ئاخاوتنیش وەردەگێڕێت.

# مۆبایل بۆ پێوانی فشاری خوێن

بۆ گرتنی فشاری خوێن پێویستی بە ئامێری تایبەتییە کە بتوانێت بە وردی و بێ هەڵە زەختی خوێن بپێوێ. زەختی خوێن نەخۆشییەکی درێژخایەنە و مەترسی بۆ سەر دڵ و جەڵتەی دڵ هەیە.

بۆ ئەوەی هەمیشە بزانی فشاری خوێنت چەندە، گیرەیەکی بچووکی هەرزانبایی بەرهەم هاتووە کە وەك ئەو گیرانەی بۆ یاری پۆپجی لەسەر مۆبایل دادەنرێ ئاوایە، بچووکە و تەنیا جێی پەنجەیەکی دەبێتەوە. گیرەکە لەسەر کامێرای مۆبایل دادەنرێ، بەهۆی کامێرا و فلاشی کامێراکە بە وردی دەزاندرێ فشاری خوێنت چەندە، بەهۆی ئاپێکی تایبەتی لەسەر مۆبایل لەسەر شاشەکە ژمارەی پێوانی زەختی خوێنی بەکارهێنەر نیشان دەدا.

کاتێك پەنجە لەسەر ئەو گیرە بچووکە دادەندرێت ڕووناکی فلاشی کامێرا بە سەری پەنجە دەکەوێت و بەهۆی تیشکەکەوە دەزاندرێ بەکارهێنەر زەختی چەندە. لە تاقیگەدا کە لەسەر چەندین کەس تاقیکراوەتەوە، ڕێك پێوانی دروستی فشاری خوێنی نیشان داوە.





# بەهێزترین و پتەوترین تەبلێت

کۆمپانیای Oukitel یەکەم تەبلێتی پتەو و بەهێزی لە جیهاندا خستەڕوو کە بە تەبلێتی جۆری RT7 Titan 5G ناسراوە. تەبلێتەکە نە بە کەوتنە خوارەوە نە بە تەڕبوون و کەوتنە ناو ئاو تێکناچێت، باترییەکی بەهێزی ٣٢٠٠٠ میلی ئامپێری لەسەرە. شاشەی تەبلێتەکە ١٠ ئینجە و ڕامەکەی ١٢ گیگابایتە و داتاگەی واتە ھاردەکەی ٢٥٦ گیگابایتە. تەبلێتەکە بۆ بواری نیزامی و هەلومەرجی شەڕ گونجاوە.

یەکەی لێکدانەوەی لە جۆری Dimensity 720ە. لەگەڵ ئەوەیدا ھاردەکەی ٢٥٦ گیگابایتە، میمۆری هەتا یەك ترابایتیشی بۆ دادەنرێت. شاشەکەی زۆر بەهێزە لەژێر تیشکی خۆریشدا دەکرێ سوودی لێوەربگیردرێت.

سێ کامێرای لەسەرە، یەکی ٤٨ میگاپیکسل و یەکی ٢٠ و هەروەها ٢ میگاپیکسێل. باترییەکەی ئەوەندە بەهێزە ئەگەر سوودی لێوەرنەگیردرێ و تەنیا هەڵبکرێت هەتا شەش مانگ پێویستی بە شەحن کردنەوە نییە.



## ماڵپەڕێکی زیرەکی دەستکرد سەرووی فۆتۆشۆپ

لە سەردەمی زیرەکی دەستکردا، شتەکان ئەوەندە ئاسان بوونە تەنانەت ئەو کەسانەی شارەزاییەکی ئەوتۆشیان لە بوارە جیاجیاکاندا نییە، دەتوانن بە ئاسانی سوودی لێوەربگرن، بۆ نموونە ماڵپەڕی گرنگ و پڕ سوودی www.fotor.com ئەم ماڵپەڕە کە زۆربەی کارو ئەرکەکانی بە سوود وەرگرتن لە زیرەکی دەستکرد ئەنجام دەدا. هەموو ئەرك و کارێکی تایبەت بە وێنە لەو ماڵپەڕەدا ئەنجام دەدرێن و ئەوەی لە فۆتۆشۆپیشدا نییە لەو ماڵپەڕەدا هەیە. دەتوانی وێنە کۆنەکان نوێ بکەیەوە، کوالیتی وێنەی بێ کوالیتی بەرز بکەیەوە. دەتوانی بەهۆیەوە وێنە ڕەش و سپی ڕەنگ بکەی کە بە هیچ جۆرێك هەست پێنەکرێ، هەروەها دەتوانی پاشخانی وێنە واتە بەکگراوەند لابەری و تایبەتمەندییەکانی ئەوەندە زۆرن کە لێرەدا جێگای باسکردنیان نییە، بۆیە پێویستە ئەوانەی ئۆگری وێنە و گرافیکن سەردانی بکەن.

# پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی کۆمپیوتەر لە ڕێگای دوورەوە

گەلێك جاران کۆمپیوتەرەکەمان تێکدەچێت و پێویستمان بە شارەزایەکی کۆمپیوتەرە بێت دەستکاری بکات و چاکی بکاتەوە، بەڵام شارەزاکە لە شوێنی ئێمە دوورە و دەستمان پێی ڕاناگا. لەکاتی ئاوادا پێویستە ئەو پرۆگرامانە بەکار بێنین کە دەکرێت بەهۆیەوە لە ڕێگای دوورەوە ڕێکخستنی کۆمپیوتەر بکات و لینکی ڕێکخستنەکە بۆ شارەزا بنێرین و ئەویش لە ڕێگای دوورەوە کێشەو گرفتی کۆمپیوتەر چاك بکاتەوە.

یەکێك لەو پرۆگرامانە، Remote Desktop Manager ە. پرۆگرامێکی زۆر سەرکەوتووە بۆ ئەم بوارە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە دەکرێت لە یەك کاتدا چەندین چاودێری چەندین کۆمپیوتەر بکەی. پرۆگرامەکە هەر بۆ ڕێکخستن نییە، بەڵکو بۆ چاودێری تۆڕێکی کۆمپیوتەرە و بۆ ئەوەی بەڕێوەبەری تۆڕەکە لەیەك کاتدا چاودێری گشت کۆمپیوتەرەکانی ناو تۆڕ بکات و لە کاتی گرفتێکدا چارەسەری بکات. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی Re-mote Desktop Manager ئەوەیە کە زانیارییەکان بەنهێنی و ئەمنییەت پارێزیەوە دەگوازێتەوە.





# به ماكیاژ ڕووخسارت گەنجتر نیشان بده

ئەوانەی چوونەتە تەمەنەوە، دەتوانن شێوەی ڕووخسار و جەستەیان بە ماكیاژ بچووكتر نیشان بدەن، هەنگاوەكانیش بەم چەشنەن: لە سەرەتای هەر ماكیاژێكت، هەوڵ بدە پێستت پاك بێت و ماكیاژی پێشووی پێوە دیار نەبێت، هەردەم پریمەر بەكار بهێنە، چونكە ڕێگەیەكە بۆ نیشاندانی نەرمی و ناسكی پێستت، وا چاكە لەگەڵ پێستت گونجاو بێت، ئەگەر پریمەری سلیكۆنت دەست كەوت، كارێكی باشتر دەبێت. هەوڵ بدە كرێمی ئەساس لە دەموچاو و ملت بدەیت، تا بە یەك شێواز دەربكەوێت، كۆنسیلەر گرنگترین ئەركت بۆ جێبەجێ دەكات و بەمەش جوان و ناسك دەردەكەویت. برۆكانت، هێمای جوانی چاو و ڕوخسارن، تا برۆكانت لە مۆدێكی تازە و سەردەم بێت، شێوەت بچووكتر دەردەكەوێت. برژانگی پڕ، دیمەنێكی سەرنجڕاكێشە، وانیشانت دەدات كە لە تەمەنی تازەی خۆتدا دەژیت، پێویستە هەردەم لێوانت بریقەدار بن، ئایلاینەریش لە ڕەنگی پێست بەكاربهێنە، واتە ڕەنگی (نۆد) گونجاوترین ڕەنگی ئایلاینەرە.







# نازداریی زیو لە خشڵ و ئێکسسوارەکاندا

خشڵەکانی زێڕ و ئەڵماس کە گرانبەهان و جوانییەکی تایبەتیان هەیە، زیویش هیچی لەو دوو کانزایە کەمتر نییە، بەهۆی ئەوەی ڕەنگێکی بریسکەدار و درەوشاوەی هەیە، کە لەگەڵ پێست و کەرەستەکانی دیکەی جل و ماکیاژدا خۆی دەگونجێنێت، هەروەها ڕەنگەکەی ناڕوات و بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە، لە دێر زەمانەوە زیو وەك خشڵێکی ناسك و ناودار لە بواری جوانکاریدا بەکار دەهێنرێت، زیو لەگەڵ ڕەنگی جل، یان لەگەڵ ڕەنگی سلڤەری ماکیاژدا شیك دەکرێت، هەروەها چەندین جۆری هەن، وەك: ملوانکە، گوارە، بازن، دەستبەند و ئەنگوستیلەکان، ئەو خشڵە بۆ کاتی دەوام و زانکۆ ناسکە و پەسەندە، بەهۆی ئەوەی ڕەنگێکی جوان و فەرمیی هەیە، هەروەها ونبوونیشی هێندە کاریگەری نابێت، بەهۆی ئەوەی زێڕ و ئەڵماسەکان لە کاتی ونبووندا تووشی زەرەرێکی دارایی گەورەت دەکەن. لە ئێستادا زیوەکان لە ڕەنگی دیکەی جگە لە سیلڤەر و ڕەساسیی خۆی، لە ڕەنگەکانی سپی و بۆیەکردنی بە ڕەنگی دیکە دەرکەوتوون، کە ئەوانیش سەرنجڕاکێش و نایابن.





# کراس بۆ هەموو شوێن و کاتێک دەگونجێت

پۆشاکی خانمان بە هەموو جۆرەکانییەوە پێویستە بۆکات و شوێنی خۆی لەبەر بکرێت، تاوەکو شیاو و گونجاو بێت، ئەو جلانەی کە بۆ هەموو شوێنێك دەگونجێن، هەروەها دەکرێت لە هەموو کاتەکانی ڕۆژ و شەودا بپۆشرێن، جۆرەکانیان زۆر نین، یەکێك لەوانە کراسە ناسکەکانن، کە وەك جلێکی ئامادە بۆ هەموو شوێنێك دەبێت، وێڕای ئەوەی وەك جلێکی کاجوال دەناسرێت، بۆ کاتی فەرمی و شوێنی تایبەت دادەنرێت، هەروەها دەکرێت بۆ بۆنە و یاد و دەرچوون و زۆر شوێن لەگەڵ دەستە جلێکی دیکە شیك بکرێت، کاتێك کراسەکەت لە قوماشێکی نەرمی وەك ساتان دەبێت، جگە لەوەی لەسەر جەستە بە جوانی دەنیشێت، هەروەها سەرنجڕاکێش دەبێت لە شێوە و دیمەنیدا، ئەمە وێڕای ئەوەی هەستێکی خۆشت پێ دەبەخشێت لە کاتی پۆشینیدا، هەروەها مۆدێکی نایابە کاتێك لەگەڵ پانتۆڵ و تەنوورەدا شیکی دەکەیت. کراسی کراوە یەکێکە لەو مۆدە کلاسیکەی کە لە ئێستادا باوی هاتووەتەوە، شێوەیەکی ناسکە و ئارامییشت پێ دەبەخشێت، بۆیە سوود لە کراسە کراوە و مۆدە کلاسیکەکانی کۆندا وەربگرە.





# کلێری خوری لوبنانی بە جلی کوردی

چەندین کەسایەتی و ناودارانی جیهان، بە مەبەستی بینینی دیمەنە جوانەکانی کوردستان، یان بۆ مەبەستی هونەری و فیلم و گەشتیاری سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن، لە نزیکەوە شار و شوێنە گەشتیارییەکان و سرووشتی کوردستان دەبینن، یەکێك لەوانە: کچە گۆرانیبێژی لوبنانی (کلێر خوری) کە هەم گۆرانی دەڵێت و هەمیش ئامێری قانون دەژەنێت، لە کۆتا دەرکەوتنی لە ئەکاونتەکەی خۆی لە تۆڕی ئینستگرام بە جلی کوردییەوە و لە نێوجەرگەی بازاری هەولێر گۆرانی دەڵێت، کە جوانی هەولێر و قەڵاکەی هەمووانی سەرسام کردووە و لە کلیپەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە، (کلێر خوری) بڕوانامەی دیبلۆمی لە ڕیتمەکانی گۆرانیگوتن هەیە، هەروەها دکتۆراشی لە بواری musicology هەیە، جێگەی باسە کلیپەکەی لە تۆڕی ئینستگرام لە ماوەی دە ڕۆژدا یەك ملیۆن بینەری هەبووە.



# دۆڵی کانزا و بەردی ڕەنگین

دۆڵ و چیاکانی پێیك سیرانیا دی هۆرنۆکاڵ دەکەوێتە پارێزگای هەماهۆیۆکا لە باکووری ئەرجەنتین، بە ناوبانگە بە پێکهاتە بەردییە نیشتوەکانی، کە ملیۆنان ساڵ لە مەوبەر بەهۆی پاشماوەی کانزاکانەوە دروست بووە، یونسکۆ لە ساڵی ٢٠٠٣دا ناوی خستە لیستی میراتی جیهانییەوە، وێنەکان لەلایەن (کیس لادزینسکی) گیراوە، دیمەنێکی سەیر و سەرنجڕاکێشی هەیە، تا ئێستا ڕێگە نادرێت بۆ سوودوەرگرتن لەو کانزایانە دەستکاریی شوێنەکە بکرێت، چونکە بەهۆی جوانیی شوێنەکە و دەوڵەمەندیی بە کانزای سرووشت، ڕەنگە لە داهاتوودا دەستکاری بکرێت ئەگەر بێت و لە شوێنەکانی دیکەی سەر زەوی کانزاکان دەست نەکەون.





# ناوە جۆراوجۆرەکانی عەلەشیش لە جیهان

ئەو باڵندەیەی کە گۆشتێکی خۆش و شێوەیەکی سەیری هەیە، لە وڵاتانی جیهان بە چەندین جۆر ناوی دەهێنرێت، لەوانە: ئەمریکییەکان پێی دەڵێن (مریشکی تورکی)، تورکەکان پێی دەڵێن (مریشکی هیندی)، هیندستانییەکان پێی دەڵێن (مریشکی پیرۆیی)، عەرەبیش پێی دەڵێن (کەڵەشێری ڕۆمی)، ڕۆمییەکان پێی دەڵێن (مریشکی فەرەنسی)، فەرەنسییەکانیش پێی دەڵێن (مریشکی کوبی)، کوبیەکانیش پێی دەڵێن (مریشکی ئوسترالی)، ئوسترالییەکانیش پێی دەڵێن (مریشکی مەغریبی)، لەوانەش سەیرتر کورد پێی دەڵێ (قەلی کوردی) و خۆمان کردووە بە خاوەنی، نیشتمانی یەکەمی ئەم باڵندەیە باکووری ئەمریکا و مەکسیکە و دوو جۆری سەرەکیی ئێستا ماوە، کە بە شێوەی کێوی دەژین، ئەوانیش Meleagris gallopavo لە ئەمریکا دەژین و جۆری Meleagris ocellata کە لە مەکسیك دەژین.

# سەرتاشی ئاژەڵان

میلۆدی هامەر سەرتاشێکە لە وڵاتی بەریتانیا و لە شاری (لانکشایر) دەژی، تەمەنی (٢٧)ساڵە، لە ئێستادا وازی لە کاری سەرتاشی بۆ مرۆڤ هێناوە و خەریکی ئارایشتکردن و تووکتاشینی گیانداران و ئاژەڵانی خۆماڵییە، لە ئێستادا ئا را یشتگا یه کی بەناوی (کلیپەر) داناوە، کە تایبەتە بە نەخش و شێوازی جۆر بۆ ئاژەڵان، تا ئێستا (١٢) جۆر نەخشی جۆراوجۆری بۆ ئاژەڵی خۆماڵیی وەك: ئەسپ و مانگا و سەگ و پشیلە ئامادە کردووە، نرخی هەر چاککردنێکی بە (٢٥) دۆلارە، کە نەخش و دیزاینەکانی بە خاوەنی ئاژەڵەکان نیشان دەدات و ئەوانیش یەکێکیان هەڵدەبژێرن.



# مەلەوانگەیەک هێندەی سێ یاریگەی وەرزشییە




ئەو مەلەوانگەیە دەکەوێتە شاری شانگین لە وڵاتی چین، کە دروستکراوی مرۆڤە و وەك دەریایەکی بچووك وایە، جێگەی (١٠) هەزار کەس دەبێتەوە، پرۆژەیەگی گەشتیارییە و لە بری ئەوەی هاووڵاتیانی وڵاتی چین بچنە سەر دەریا و دەرەوەی وڵات، دەتوانن لە نێو وڵاتی خۆیان بچنە نێو دەریا، ئەو دەریایە ئەوەندەی سێیاریگەی تۆپی پێ دەبێت، ڕۆژانە کراوەیە بۆ هەموو کەسێکە، بۆیە ئەوانەی دەیانەوێت بەشداری بکەن، بە نرخی (١٠) دۆلارە و داهاتەکەشی بۆ چاککردنەوە و بەرەوپێشبردنی مەلەوانگەکەیە، لە ڕۆژانی پشوودا ژمارەیەکی زۆر گەشتیار و خەڵکی ئەو وڵاتە دەچنە نێو ئەو مەلەوانگەیە، کە بە دەریای مات و مردوو ناسراوە.

## یاسا



### دادگایی کردن بە شێوەیەکی نهێنی

دانیشتنەکانی دادگا بەشێوەی ئاشکرایە و تەنیا لە هەندێك حاڵەتدا نەبێت دەکرێت بە نهێنی لەلایەن خودی دادگا یان لەسەر داواکاری لایەنێك لە کاتی بوونی پاساوی گونجاو، ئاشکرایی دانیشتنەکانی دادگا مانای ئەوەیە کە ڕێگە بە خەڵك بدرێت بەبێ جیاوازی ئاگاداری ڕێوشوێنەکانی دانیشتنەکانی دادگا ببن و، خەڵك بتوانن دانیشتنەکانی دادگا ببینن و بەدواداچوون بکەن لەسەر گفتوگۆ و دادبینی و ڕێکارەکان و دەرچونی بڕیارەکان، ئاشکرایی دانیشتنەکانی دادگاش بە کردنەوەی دەرگای هۆڵەکانی دادگاییکردن و دادبینی لە دادگاکاندا دەبێت، بەجۆرێك ڕێگە بدرێت بە هەر کەسێك کە بیەوێت لە دانیشتنەکانی دادگا ئامادە بێت و بیانبینێت، گرنگی ئاشکرایی دانیشتنەکانی دادگاش خۆی دەبینێتەوە لە: زیادبوونی متمانە بە بڕیارەکانی دادگا، ڕێز گرتن لە ماف و ئازادییە کەسییەکان، هاتنەدی دادپەروەری، هاتنەدی بەرژەوەندیی کۆمەڵگە و دروستبوونی بیرۆکەی ئەوە لە نێوان تاکەکاندا کە دادگا باڵادەستە بەسەر هەمووان‌دا، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ڕێگریکردن (ردع)ی کەسەکان لە ئەنجامدانی تاوان، بۆیە بۆ هەموو کەس هەیە لە هۆڵی دادگاکان دابنیشن لە دانیشتنەکانی دادگا و، گوێبیستی گفتوگۆی لایەنەکان بن و ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەچونی دادبینی و دادگاییکردن و ڕێکارەکان و دەرچوونی بڕیارەکانی دادگا بن.



## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا مرۆڤ هێندە دەستکاری ژینگە دەکات، وەك دیارە ژینگە لە مرۆڤ دەترسێت، دارێك ئاوێنەیەکی بە دەستەوەیە و لە ترسی بڕینەوەی، خۆی وەك دارێکی بڕاوە نیشان دەدات.



## دیمەنە سەیرەکان

لە وڵاتی ڕۆمانیا لەساڵی (١٩٤٦)دا، بۆ ئەوانەی نەخۆشی و ئازاری پشتیان هەبووە، بۆ چارەسەری ورچیان بەکارهێناوە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

توانایەکی باشت هەیە بۆ ئەوەی زاڵبیت بەسەر کارەکانتدا، ئێستاکاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی زیاتر هاوڕێ و ئازیزانت بناسیت و ئاشنایان بیت، بەڵام کاتێکی گونجاو نیە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانت، هەوڵ بدە کاتێکی گونجاوتر بدۆزەرەوە.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕێگەمەدە خەم بەسەرتدا زاڵبێت سەرەڕای بوونی بەربەستێکی زۆر، ئەمڕۆ سەرقاڵ دەبیت بە کێشەیەکی زۆرەوە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە، ژیانی خۆت بە کەسانی دیکە بەراورد مەکە و تەنیا ئاگاداری شێوازی ژیانی خۆت بە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

کارەکان بەشێوەیەکی باش بەڕێوە ناچێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سەرنجت کەمترە و کەمترخەمیت، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە متمانەیەکی زۆرت هەیە و کەسێکی ئازیزیت، ئەوەش وا دەکات هەست بە ئاسوودەیی بکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە خۆت فەرامۆش نەکەیت بۆ دەوروبەرەکەت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

چاوەڕوانی سەرکەوتنێکی گەورە دەکەیت، پاش ماوەیەك خۆڕاگری و هەوڵدان، پێویستە بزانیت هۆکاری کێشەکانی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت چییە، بۆ ئەوەی لە داهاتودا هەمان کێشە دروست نەبێتەوە، ئەو دڵەڕاوکێیانەی ئەم چەند ڕۆژە بە زویی کۆتایی دێت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەرگیز لە کاردانەوەت بەرامبەر کێشەکان زیادەڕەوی مەکە، هەوڵ بدە ئارام و لەسەرخۆبە، پەیوەندیی سۆزدارییت لە ئێستادا زۆر باشە و بەرەوپێش دەچێت، بەهۆی متمانە بەخۆبونتەوە ڕێگەی سەرکەوتنت نزیکە.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەمڕۆ هەست بە ماندووبوون دەکەیت، بەهۆی ئەوەی کارەکان هاوشێوەی پلانەکانت بەڕێوە ناچێت، لەلایەنی سۆزدارییەوە بە قۆناغێکی هەستیار و قورسدا تێپەڕدەبیت، مەترسە لەوەی داوای یارمەتی لە کەسانی چواردەورت بکەیت.

بۆ زانیاریت


## باڵندەکان خاوەنی جی پی ئێسێکی سرووشتین



لـە نوێتریـن لێکۆڵینەوەکانـدا دەردەکەوێت کـە باڵنـدە کۆچبـەرەکان جی پی ئێسێکی سرووشتی لە نێو چاوەکانیاندا هەیە، ئەوان هەست بـە بوونـی هێڵـەکان و ئاراسـتەی بـواری موگناتیسـیی هەسـارەی زەوی دەکـەن و بـەکاری دەهێنـن، بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگەیـان لـە کاتـی کۆچکردنـدا، لەکاتێکـدا مێشـك و چـاوی مرۆڤ ئەو توانایەی نییە. ژیان و سرووشت و گـەردوون و هەمـوو بوون چەنده جوانە دە هێندەش ئاڵۆزە، مرۆڤی بچوك ئەستەمە لـەم هەمـوو نهێنییـە تێبـگات.

فیلم

## مەیموونی پاشا - The Monkey King



فیلمێکـی سـەرکێشـی و کۆمێدییـە، بـاس لـە مەیموونێـك دەكات کـە خـۆی و تیمەکـە شـەڕکەرەکەی، دەیانەوێت بەرەنـگاری دراگـۆن و دێوەکانـی گـەردوون ببنـەوە، کـە وەك دوژمنێکـی خۆیـان سـەیری دەکـەن و هێرشـیان بـۆ دەهێنـن، زیرەکـی و لێهاتوویی مەیموونەکـە دەیکات بـە پاشـا، لـە دەرهێنانـی ئەنتۆنـی سـتاچی، لـە ئامادەکردنـی پـام زینگانهاگیـن، مـاوەی فیلمەکـە یـەك کاتژمێـر و ٣٦ خولەکـە، دۆبـلاژ و دەنگـی جەیمی یانـگ، جولی هاونـگ، جۆ کـۆی، باوین یانـگ، سـتیفانی هسـو، هـۆن لـی.



## پەند و وتە

تۆماس ستیرنس ئیلۆت، OM نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگری ئەمریکی لە ساڵی ١٨٨٨ لە ویلایەتی مەیسووری لە ئەمریکا لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٦٥ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کۆتایی ژیان دەڵێ: «ژیان بە جەنگ و چەك و تەقینەوەی گەورە کۆتایی نایەت، بەڵکو دووبەرەکی و پیلانگێری و نهێنی و خواستە ڕەشەکان کۆتایی بەو جیهانە دەهێنێت».



## یاری وێنە

لـەم وێنەیـەدا کەسـێك دیـارە، ئەگـەر وێنەکـە سـەراوژێر بکەیتـەوە، گیاندارێك دەبینـی، هـەوڵ بـدە بـە زووتریـن کات بیدۆزیتـەوە و بزانیت چ گیاندارێکـە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بـە هەمـوو توانایەکـی خۆتـەوە هـەوڵ بـدە پـلان دابنێیـت و باشـتر کار بکەیـت، چونکـە لـە ئێسـتادا کارەکان لـە دەسـتی خۆتدایـە، هەمیشـە ئـەو هاوڕێیانـە هەڵبژێـرە کـە لـە تـۆ تێدەگـەن و لەگـەڵ بیروبۆچوونەکانی تـۆدا یـەك دەگرنـەوە، تـا هەسـت بـە ئاسـوودەیی بکەیـت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بیرۆکـە و پـرۆژەی نـوێ دێتـە بەردەمـت، کـە یارمەتیـت دەدات بـۆ ئـەوەی بەرەوپێـش بچیـت، بەهـۆی ڕێـز و متمانـەی خۆتـەوە هاوڕێـی زیاتـر دەناسـیت و پێگـەت بـەرز دەخەملێندرێـت، هەمیشـە هاوسـەنگی لـە نێـوان حەوانـەوە و کارکردنـی زۆردا ڕابگـرە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

مامەڵـەت لەگـەڵ هاوپیشـەکانت بەشێوەیەکی باشـە و هاوکاریکردنیـان سـوودی هەیـە، هەمیشـە کاتێکـی زیاتـر تەرخـان بکـە بـۆ خۆشەویسـتەکانت، بـۆ ئـەوەی پەیوەندییەکانـت چالاکتـر بێـت، هـەوڵ بـدە پەیوەندیـی سـۆزداریت لـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان دورت نەخاتـەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


هەمیشـە زیاتـر هـەوڵ بدە تواناکانـی خـۆت بـە بەڵگـە بسـەلمێنیت، چونکـە لـە ڕۆژانـی داهاتـودا سـەرکەوتنێکی گـەورە چاوەڕێت دەکات، لـە نێوانـی خـۆت و خۆشەویسـتەکەت هەندێـك ناکۆکـی ڕوو دەدات، کـە ڕەنگـە ئەگـەر ئـاگادار نەبیـت کارەکان ئاڵۆزتـر بێـت، وزە و توانایەکـی زۆرت هەیە و باشـترە لـە کاری سوودبەخشـدا سـەرفی بکەیـت.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

پێـش هـەر هەنگاوێـك هـەوڵ بـدە بەدواداچوونـی بـۆ بکـە، لەلایەنـی کۆمەڵایەتییـەوە بەهـۆی ڕێنمایـی و ئامۆژگارییەکانتـەوە سـەرنجی هەمـوان ڕادەکێشـیت، ئەمـەش خاڵێکـی گرنگـە، ئەمـڕۆ هەسـت بـە باشـی و دڵخۆشـبوون دەکەیـت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


هەنگاوی گەورە بەرەو ئامانج و خواستەکانت دەنێیت، هەمیشە بایەخ بە خۆت بدە لە بەرامبەر خۆشەویستەکەت، گرنگییش بە ئارامی و لەسەرخۆیی بدە، هەوڵ بدە پەیوەندییە سۆزدارییەکانت تەواوی ژیانت کۆنترۆڵ نەکات.






بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly October 2, 2023 Issue,No.1383


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626